

49books
Publishing

ڕامین

# ئەوینی نیشتمان

# ڕامین ئەوینی نیشتمان

ئامادەکردنی: کەمپەینی ڕامین حوسێن پەناهی
نووسینی: ڕەفیق حوسێن پەناهی

ڕامین ئەوینی نیشتمان
ئامادەکردنی: کەمپەینی ڕامین حوسێن پەناهی
نووسینی: ڕەفیق حوسێن پەناهی
دیزاین شاروخ ئەرژەنگی
چاپی یەکەم سوئد ٢٠٢٢
چاپ و بڵاوکردنەوی: وەشانخانی ٤٩ کتێب

## ناوەرۆک


پێشەکی : ......................................................................۸
دایکێک لە چاوەڕوانیدا!..........................................................۸
فڕین لە دەمەوبەیاندا ! ........................................................ ۱۳
فڕین بە شەودا !.................................................................. ۳۸
فڕین بە شەودا !.................................................................. ۷۳
کزە لە جەرگی شار هەڵسا ! ....................................................۱۰۵
بەشی شیعر و پەخشان...........................................................۱٤۲
تێبینییەک ....................................................................... ۱٤۳
کوردستان  تازیەبارە بەڵام.......................................................۱٤۵
خاڵۆ میرزایان نە بۆ شکا و نە توانیان تەرمی بدزن.........................۱٤٦
نامەیەک بۆ یەکێک لەکوڕەکانم ..................................................۱٤۷
نامەیەک لە ڕامین حوسێن پەناهی..............................................۱٤۹
نازانم ئەم نامەیەت بۆچی بۆ دەنووسم؟! ...................................... ۱٥۱
چیتان دەوێ لەو ماڵە قوڕینەیەی ئێمە!  .......................................۱٥۲
دەستەکانی تۆ.................................................................... ۱٥۳

که منداڵ بووم... ........................................................١٥٤
نا... ..........................................................................١٥٥
بۆ خنکاندنی رامین حسێن پەناهی .............................................١٥٥
من تەنها نیم ................................................................. ١٥٦
لە جێژوانی بەر دەروازەی ڕۆژ و شاردا ....................................... ١٥٧
بۆ باوکی رامین حوسین پەناهی............................................... ١٥٨
بۆ دایە شەریفە، دایکی ڕامین...............................................١٥٩
دوو دڵ مەبە دایە! ..........................................................١٥٩
دەمەوێ سپاست بکەم..........................................................١٦٠
بۆ رۆیشتی نیشتمان؟!.........................................................١٦١
بۆ رامین حوسێن پەناهی و ئەو باڵەندانەی لە فڕین قەدەغە کراون ........ ١٦٣
دەپسێنێ پەتی زوڵم و دەشکێنێ سامی حاکم و قەنارە ...................١٦٤
ئەو دەستەی وا.............................................................. ١٦٨
بۆ دایکی حسەین پەناهییەکان..............................................١٦٩
بۆ کاکە ڕامین و هەڤاڵەکانی...............................................١٧٠
تینوت بوە کزەی جەرگم ................................................... ١٧٣
من سواڵکەر نیم .............................................................١٧٤
کوردستانەکەم ............................................................... ١٧٥
بگەڕێنەوە ..................................................................... ١٧٦
کزە لە جەرگی................................................................. ١٧٧
لە خەویدا ..................................................................... ١٧٨
گوڵی خۆزگە .................................................................١٨٠

من دەترسێنیت........................................................ ١٨١

بۆکاکە ڕامین... ...................................................... ١٨٢

هێندە بیرت دەکەم.................................................... ١٨٣

هێزە و گڕە ............................................................. ١٨٤

لە قوریچیا هەتا سنە ............................................... ١٨٥

بەیانیت باش ڕۆژهەڵاتم ............................................ ١٨٦

ئەمڕۆکە دایە شەریفە دایکی بزووتنەوەیەکە .................. ١٨٨

بۆ سێدارەی ڕامین پەناهی........................................ ١٩٠

من چی بڵێم........................................................... ١٩١

داوای.................................................................... ١٩٢

ڕامینی من ............................................................. ١٩٣

گوێ هەڵخە دایە!...................................................... ١٩٤

چ ویژدانێکە... ......................................................... ١٩٥

شێعرێکم لە زمانی دایکتەوە......................................... ١٩٧

ئای دایە شەریفەی ڕەنج کێشاوم! ................................... ١٩٨

چاوەڕێی چیت.. ........................................................ ١٩٩

چەلحظە دردناکی باید وداع گویند؟.................................. ٢٠٠

ارغوانم کجاست ......................................................... ٢٠١

سیمای این مادر.......................................................... ٢٠٢

زیتون و آیینه .......................................................... ٢٠٣

در ستایش لبهای دوختە مردی افروختە............................. ٢٠٤

پیام رامین حسین‌پناهی: حتی اگر بمیرم به اعتصاب غذا ادامه خواهم داد........ ٢٠٥

برای جاودانه ............................................................................ ۲۰۷
تقدیم به زانیار، لقمان و رامین عزیز ............................................ ۲۰۸
پیام سهیل عربی .......................................................................۲۰۹
توجه کنید به اصرار یک حکومت برای کشتن یک جوان! ............... ۲۱۰
وێنەکان .......................................................................................۲۱۲

**پێشەکی :**

**دایکێک لە چاوەڕوانیدا!**

ئەگەر بنەماڵەی ئێمە لە ماوەی ئەم ســـاڵەکانی ٢٠٠٠ بەم لاوە توانیان لە ئاست ئەو هەمووە زوڵم و زۆر و نەهامەتییانەی بەر دەمیان و لە ئاست خەمی لە سێدارەدانی ڕامین و گیانبەختکردی ئەشرەف و نیشـتمان و حامید و بێهزاد و سـەباحدا، لە ئاسـتی سـزای داسـەپاوی سـێدارە بە سـەر کاک ئەنوەردا، لە هەمبەر دەسـبەسـەرکران و ئازار و ئەشـــکەنجە بەندکرانیدا، خۆڕاگر بن و نەچەمێنە و وێرای ئەم هەموو ئازار و نەهامەتییە بۆ یەک ساتیش دوودڵ نەبن لە ئاستی تێکۆشان و مانەوەیان، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ پشتیوانی قورس و قایم و قەڵای لەبن نەهاتووی کۆمەڵانی خەڵکی کوردســـتان، پشـــتیوان و پاڵپشـــتمان بوون و هەن ء ئازارەکانیان لەگەڵ دابەش کردین، لە کەس شـــاراوە نییە بەشـــێک لە ئەندامانی بنەماڵەمان کۆمەڵە بوون، بەڵام لەو ساڵانەدا بە هاتنی نەهامەیتییە یەک لە دوای یەکەکان ئەوە نەتەوەیەک بوو پشتی گرتین کە وێرای ئەوەی ورە و تینی پێ بەخشین

بۆ ڕاوەســتان و نەچەمانەوە، لە هەمانکاتیشــدا ئێمەش وەک بنەماڵە خۆمـان بە موڵکی هەموو خەڵکی کوردســـتـان و بزووتنەوەی ڕەاو و بەرحەقەکەی زانییوە، کەم نەبوون و نین ئەو بنەماڵانەی هاوچارەنووسی ئێمەن، زۆرێک بنەماڵەی تێکۆشــەر لە کوردســـتاندا هەن کە خاوەنی شــەهید و قوربانییان داوە و دەیان حەماســەیان تۆمار کردووە، بۆیە بە شـــانـازییەکی گەورەیە بۆ ئێمەش کە هـاتووینە ڕیزی ئەو بنەمـاڵە تێکۆشــەرانەوە، لەم ســەردەمی تێکنۆلۆژیا و ســۆشــیال میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکـانـدا ڕەنگە ئێمە بەچـاوتر کەوتبین، بەڵام زۆرن ئەو بنەماڵە ئازار چەشتووانەی دەستی ڕژیمی کۆماری ئیسلامین کە کوڕ و کچ و ئازیزانیان لە دەســت داوە، ئەو کەســانەی کە ڕۆژگاری ســەخت و نەهـامەتیـان بینیوە، ئەو بنەمـاڵانەی لە مـاوەی چـل ســـاڵی ڕابردوودا کەوتوونەتە ژێر دژوارترین گۆشـــارەوە، دەزانن بەربەرەکانی لەگەڵ ئەم ڕژیمە بە بێ پشتیوانی خەڵک مەحاڵە، بەردەوام بوون و خۆڕاگری و لە سەر پێ وەستانیش، دڵگەرمی خەڵک و پشتیوانی گەلی پێویستە.

بە خۆشییەوە ئێمە بێبەری نەبووین لە موحیبەت و خۆشەویستی و پشـــتگیری کۆمەڵانی خەڵکی کوردســـتان، لە ماوەی ئەو ســـاڵانەدا هاونیشتیمانیان وەکوو قەڵایەکی قایم بوون بە قەڵخانی بنەماڵەکەمان، چ ئەو کـاتەی پێش لە ســـێدارە دانی ڕامین بە پێکهێنـانی کەمپەینی ڕزگاری ڕامین کە لە ســـەر دەســـتی تێکۆشــەران و چالاکانی کورد بە کەیســی ڕامین بە جیهان ناســێندار، چ پاش گیانبەختکردنی ڕامین بە هەموو شــێوەیەک خەڵکی کوردســتان لە تەنیشــتمان بوون و نەیان هێشـت بە چۆکدا بێن، شـاعێران بە شـێعر، هۆنەرمەندان بە سـروود، ڕۆژنامەوانان بە قەڵەم، تێکۆشــەرانی دێرین بە هاندان ورە بەخشــین،

لاوان و گەنجانی وڵات بە نووســـین و دانانی وێنە، چالاکانی مەدەنی و ژینگە پارێزی بە ناشـــتنی نەمام و نووســـینی نامە و ڕۆیشـــتن بۆ ماڵی ئێمە، لەم پشتیوانییەدا کە بەشێکی ئەرکی نەتەوەیی و مرۆڤ دۆستی و خەباتکارانەی خەڵک بوو، بەڵام بەشـــێکیشـــی ڕاســـتەوخۆ ســـۆز و خۆشەویستی و دڵگەرمی دانەوە و پشتیوانی بنەماڵەی ئێمە بوون.

زۆرێک لە هاوڕێیان و چەندین کەسی ئازیز پێشنیاری ئەوەیان پێ کردین، کە هەموو نووســـراوە و پەخشـــان و شـــێعر و ئەو هەموو پشـتیوانییە بەرین و بەربڵاوەی و مێژووییەی لە شـوێنێک کۆبکەنەوە و دواتر لە کتێبێکدا لە چاپی بدەن بۆ ئەوەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا نەفەوتێت و فەرامۆش نەکرێ، لە هەمانکاتیشـــدا ئەو چالاکییە بەرین و بەرفراوانە وەک ئەزموونێکی نوێ لەم ســـەردەمەدا بمێنی و تۆمـار بکرێ بۆ داهاتوو و ســودی لێ وەربگیرێ، چەند ڕێکخراوەیکی ناســرا و ناســیاوی خۆمان داوایان کرد کە ئێمە ئامادەین ئەو ئەرکە وە ئەســتۆ بگرین، تەنانەت هاوڕێیانی خۆیشـمان هەمان داواکاریان لێکردین، کە جێی خۆیەتی ســپاســی هەموویان بکەین، بەڵام ئەو ئەرکە پێویســتە هەر خۆمان وەک بنەماڵە ئەنجامی بدەین، هۆکارەکەشـــی ئەوە بوو نەماندەویست خەڵکێک بەو کارە ماندوو بکەین و لە کاتێکی گونجاودا بۆ خۆمان دەتوانین کاری لە سـەر بکەین، پێش ئەوەی باوکم ماڵاوایی لە ژیـان بکـات حەزمـان دەکرد ئەم کتێبە بگـاتە دەســـتی، بەڵام ســـەرقاڵیمان بە شـــتی ترەوە لەم چەند ســاڵەی دوای گیانبەختکردی ڕامین، باوکمی لێ بێبەری بوو، هەر چەند بۆ باوکم شـــتێکی نوێ نەبوو بگرە دووبارەبوونەوە و کولانەوەی زامەکانی دەبوو، بەڵام باوکم و دایکم بە هۆی تەمەنیـان بەشـــدار نەبوونیـان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکـان،

هەڵبەت کەسـێکی دڵسـۆز هەبوو کە سـەرجەمی ئەو پشـتیوانیانەی خەڵـک لە تۆڕەکۆمەڵایەتێکـان لە ڕامین و بنەمـاڵەی ئێمەیـان کرد پێیێشـانیان بدات و ڕەنجی خۆیان بێ حاسـڵ نەدەدیت، بەڵام مەرگی باوکم ئێمەی ترسـاند و وەخۆی هێنایینەوە بۆ ئەوەی دەسـت بجوڵێنین تا دایکم لە ژیاندا ماوە ئەم کارە ئەنجام بگەهێنین.

پاش مەرگی باوکم زۆرتر لەگەڵ دایکم بە تلفوون قسـەم دەکرد، بۆ ئەوەی هەسـت بە تەنیایی نەکات، کە قسـەم لەگەڵ دایکم دەکرد، باسـی منداڵی بوو دەگێڕاینەوە، باسـی ئەو سـەردەمانەی هەموو منداڵەکانی پێکەوە بووین، باسـی ماڵی خۆمانی بۆ دەکردم، باسـی حەوشـەی ماڵەکەمان، باسـی دەشـت و دەر و مەزراکەمان، باسـی دراوسێ و خزم و هاوڕێیانی بۆ دەکردم، دایکم حەزی دەکرد بگەڕێنەوە بۆ ئەو سەردەمە، قەد باسی ئێستای نەدەکرد، منیش ورد ورد گوێم بۆ ڕادەگرت، وەبیرم دەهاتەوە، قەڵەم و کاغەزم هەڵگرت، ئەو دەیگوت و منیش دەمنووسی، دایکم هەندێک شتی جارجار لە بیر دەچوو، منیش دەستم دەکرد بە گێڕانەوە، دەگەیشتە نورەی من قسە بکەم خوشکم دەهـاتە پشـت تلفوونەکە و دەیگوت شـاڕزم نەمـاوە، تلفوونەکەم کوژاندەوە و دەسـتم کرد بە نووسـینەوە، من نووسـەر نیم، ئەدیبیش نیم، چیرۆکنووس و ڕۆمان نووس نیم، ئەوەی لەم کتێبەدا نووسـراوە نووسینی ئەو قسانەیە، ئەو ڕابردوویەیە کە بەشێکی دایکم نازانێ..

لە ڕاستیدا بە جۆرێک هەڵدانەوەی کۆنە برینەکانە، هەر وشـەیەکی وەک خوێ بە سـەر برینەکانمدا دەپژرا و دەیبرژاندەوە، چەند مانگێکە پێیەوە سـەرقاڵم، دەیان جار تا نێوە دەچووم، وازم لێ دەهێنا، سـەدان

جار فرمێســـکەکانم لاپەڕەکانی بەدەر دەمی تەر دەکرد، بۆم دژوار بوو گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، بەڵام هەر دەبوایە بینووســـمەوە، ترس نـاونـاو هەموو لەشـــم دادەگرێ، ترس لە مەرگی دایکم، دایکێکی دڵ پڕ لە خۆزگە و چاوەڕوانی.....

ئەم نووسراوەیە بەشێکە لەو دیالۆگەی نێوان ئێمە کوڕ و کچەکانی بنەماڵەمان لەگەڵ دایکم، بیســـتن و خوێندنەوەی بۆ ئێوەی خوێنەر تازە نییە، لە بەر ئەوەی لەم ساڵانەی دوایدا هیچ شـتێکی شاراوەمان نەما کە ئێوە وخەڵکی کوردســتان نەیبیســتن و نەیبینن، بەڵام لەگەڵ کۆکردنەوەی وشە بە وشەی خۆشەویستی و پشتیوانی و سۆزی خەڵکی کوردستاندا ئەم نووسینەشم پێ زیادکرد، دڵنیام بێ کەم و کوڕی نییە، بە تایبەتی لە ڕۆی دارِشـتن و ڕێزمانی و شـتی دیکەش، دڵنیاشـم بێ ڕەخنە نابێ، ڕەنگە دواتر هەبن کەسـانێک پێم بڵێنەوە گەر پرسـت بە ئێمە بکردبایە دەکرا بە جۆرێکیتر بنووسرایە، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت ویســـتم وەک بنەماڵەمان ســـادە و ســـاکارانە بدوێم، وێڕای ئەوەی کە لایەنی ئەمنی و ڕێکەوت و نێوهێنان و شتی لەو بابەتەم زۆر بیرلێکراوی و ئەمانەتەوە نووســـیوە، بەڵام باقی نووســـراوەکە خۆماڵیانەیە، دایکم دەستی گرتم و بردمیەوە بۆ ئەو سەردەمە و بە زمانی سادە و ساکاری دایکم نووســـراوە، دڵنیام هەر جۆرێک بێ وەک کەم و کۆریەکانی ئەو ساڵانەمان ئەمەشمان لێ قەبووڵ دەکەن.

**فڕین لە دەمەوبەیاندا !**

دەمەو بەیـان لەگەڵ ئەســـتێرەی کـاروان کوژەدا دایکم لە خەو ڕاپەراندم، وتی هەستە لەگەڵ باوکت بڕۆ بۆ دێ کۆن، دار و درەختێکی چڕ و مەزرایەکی ســەوز و ئاوەدان، لە نێو دارە چنارە بەرزەکاندا ڕیزێک گوڵەباخی و لە دەوری گۆڵەباخەکاندا چەند دارە ســـێو و لەولاتریش زەلکـاوێکی بە زەل حەشـــــاردراو، دێ کۆن وەک لە نێوەکەیـدا دیـارە قەدیم دێ بووە، نازانم لە چ ســـەردەمێکدا، ئێوارانێک کاک هاشـــمی هاوماڵمان خەریک بوو زەوێکەی دەکێڵا لە پڕ شـــۆفێری تراکتۆرەکە بە دەنگی بەرز بانگی باوکمی کرد وتی کووپەیەکی ســـۆفاڵیم دۆزیوەتەوە، وێدەچێ بە نرخ بێ وەرە ســـەیری بکە، باوکم کە زۆریشـــی لێنەدەزانی کووپە گڵینکەی لە دەســتی شـۆفێر وەر گرت و تووند بە عەرزی دادا و ورد و خاش بوو، ئەو ســـەردەمە خەڵک لە گۆشـــەی و کەناری ناوچە جیاجیاکانی کوردســتاندا بە شـوێن دیتەوەی گەنج و ژێرخاکیدا وێڵ بوون، دەســەڵاتی داســەپاویش پێ خۆش بوو و ببوو بە بەشـێک لەو تـاڵانە نەتەوەییە کە هەتـاکوو ئێســـتـاش بەردەوامە هەڵبەت ئەگەر هیچی هێشـــتبێتەوە لە کوردســـتاندا، وەک دەرکەوت کووپە گڵیەکە و

هیچ نرخێکی گرانبەها نییە، ڕەنگە باوکم شـــتێکی زانیبێ و کە لێمان دەپرســـی ڕەنگە لەم دەشـــتەی ئێمەدا گەنج بە جێ مابێ، لە وڵامدا دەیگوت نەخێر لە ئێمە هەژار و فەقیرتر بوون و ئێرە کوا گەنجی لێیە، بەڵام دێ کۆن گەنجی لێبوو، لانیکەم بۆ ئێمە لەگەڵ گیـاڕەشـــەی بەهاردا باوکم ئەم زەوینەی بە دەســت دەکێڵا و تاوەکو وەرزی ســەرما دەهـات و دەچوو، لە پاییزدا بڕە پارەێکی زۆر کەم و کـادانێـک گیا و کەنووێک ئاردی پاشەکەوت دەکرد بۆ زستان، لە نێو ئەو گوڵەباخیانەی پەنـای دار چنـارە بەرزەکـانـدا شـــوێنێکمـان تەخـت کردبوو، شـــوێنی دانیشـــتن و نـان خواردنمـان بوو. بـاوکم وتی ڕۆڵە ئەگەر خەوت دێ لەگەڵم مەیە و دواتر کە ڕۆژ بۆیەوە نـان وچـام بۆ بهێنە، زۆر خەوم دەهات بەڵام شـــەو خۆم زۆرم ئیســـرار کردبوو کە باوکە ئەگەر بەیانی ڕۆیشـــتی منیش لەگەڵ خۆت ببە، بۆیە بە چاوی خەواڵۆوە هەســـتام، باوکم گورج و گۆڵ بوو، زۆر وریا و نەترس بوو، لاو و بە هێز و ســەری بۆ کەس نەدەخەوانـد، بەڵام لە هەمـانکـاتـدا پیـاوێکی نەرم و نیـان و بە ڕەحم بوو، زوو هەڵـدەچوو ئەمـا زوویش دادەمرکـایەوە، کەس دڵی لێ نەدەئیشـا، پیاوێکی پیاوانە و مرۆڤێکی مێهرەبان بوو، قەد دەســتی لێ بەرز نەدەکردینەوە، هەڵبەت یەکجار نەبێ دەستی لە من بەرز کردەوە، لە قوتابخانە لە پۆلی ســـەرەتایی بووین، زۆر هارو هاج بووم، ئەمجەد پۆلی پێنج و من پۆلی چوار، ڕێـک نیوەی خوێنـدکـارەکـانی قوتـابخـانە هـاوڕێ و خزممـان بوون، قوتـابێکی زیرەک نەبووم، بەڵام هێنـدەش تەمەڵ نەبووم، مەدرەســـەی ئەو کات هەموو قوتابیەکان وەکوو یەک وابوون، جیـاوازی نەبوو و هەموو منـداڵە هەژار و فەقیر بوون، تەنیـا چەنـد کەســـێکی تـایبەت نەبێ کە ئەوانیش دیـار نەبوون و زۆرینە

منداڵی هەژار و فەقیر بوون، هەتاکوو دەرسم خوێند قەد جاناتام نەبوو، کتێبەکانمان دەگرتە دەست، یان دایکم جانتاێکی بە تەلیسی جێگای برنج بە دەست بۆ ساز دەکردین، لە دیوی ناوەوەی جانتاکەدا گیرفانێکی بۆ ساز دەکرد بۆ جێگای قەڵەم و خودکار و کەل و پەلە وردەکان، زۆرێک لە هاو پولەکانم لەو شێوە جانتایانەیان هەبوو، بۆ کاتی شەڕ زۆر باش بوو، ئێمە شەڕمان پێ دەکرد، لە بیرمە جارێکیان پێنج شەش کەس پێشیان پێگرتم و ویستیان لێمبدەن، ئەو جانتایەی دایکم فریام کەوت و شەڕێکی باشم پێکرد، مامۆستاکانمان بەشێکیان خزم و کەس وکاری خۆمان بوون، بەشێکیشیان خەڵکی ئاواییەکانی دەووروبەر بوون، مامۆستایەکمان هەبوو ئاغای موحەمەدی، زۆر مرۆڤێکی باش بوو، جل و بەرگێکی کوردی جوانی لە بەر دەکرد، هەر کاتێک بەو جل و بەرگە کوردیانەوە بهاتبایە سەر پۆلی وانە وتنەوە ئارام و لە سەر خۆ بوو و قسەی خۆشی بۆ دەکردین، بەڵام جاروبار جلی دیکەی لە بەر دەکرد کە ئێمە پێمان دەگوت جلی فارسی، ئەو ڕۆژانە زۆر تورە و قسە ناخۆش و جار واش بوو لێی دەداین، ڕۆژێکیان لەمنی دا، خودکاری خستە بەر قامکەکانی دەستم و زۆر توند گوشی و یەک زلەی توندی لێدام، دوای نیوەڕۆ پاش تەواو بوونی قوتابخانە ڕۆیشتمەوە بۆ ماڵ و بە کاک ئەشرەفم کووت کە مامۆستاکەمان لێی داوم، دەستی گرتم و لەگەڵ خۆی بردمی بۆ نێو قوتابخانەکەمان، پێشی بە مامۆستای قوتابخانە گرت و پێ کووت بۆ لەو برایەم دەدەی، مامۆستاکە زۆر ترسا، کاکم جحێل و تازە پێگەیشتوو بوو، جوان خاس و وەرزشی دەکرد، لە نێو هاوتەمەنەکانی خۆیدا ناسرا و خۆشەویست بوو، مامۆستاکەش دەیناسی هەر بۆیە لێی ترسا، وتی کاک ئەشرەف من ویستم وانەیەک

فێری ئەو برایەی تۆ بکەم، من کوردایەتی دەکەم و هەر کـاتێـک بەو جلە کوردیانەوە دێمە سەر پۆلی وانە وتنەوە ئارام و لە سەرخۆم و جارو بارەش بە جلی غەیرە کوردیەوە دێم و تورە دەبم بەو کارەم دەمهەوێ بڵێم کە کورد مێهرەبان و مرۆڤی باشـن و عەجەم زاڵمن، بەو قسـەیەی کاکمی ئارام کردەوە، مامۆستاکەی لە باوەش گرت و پێی وت خۆ ئەمڕۆ جل و بەرگی کوردیت لە بەردایە بۆ لە براکەی منت دا، لێدان لە منداڵ خراپە چ کورد بیکا و چ هەر کەسـێکی تر، کوردایەتیش ڕێگا و شـوێنی خۆی هەیە...

وەک باسم کرد باوکم یەکجار دەستی لێ بەرز کردمەوە، بیستبووی کە من ناچمەوە بۆ قوتابخانە، لەگەڵ ئەوەی ماڵی ئێمە هەژار و فەقیر بووین، باوکم دەسـت تەنیا و پێویسـتی بە ئێمە بوو کە لە کار و مەزرادا هاوکاری بین بەڵام دەرس و خوێندن جێگە و پێگەی لە ماڵی ئێمەدا هەبوو، بەو لێـدانەی بـاوکم چەنـد ســـاڵێکیتر خوێنـدم بەڵام ئیتر کە گەورە بووم وازم لێ هێنـا. دەســـتی بـاوکمم گرت و لە مـاڵ وەدەر کەوتین، خەریک بوو لە دێ دەرکەوین، دوو کەســـمان پێ گەیشـــت هەڵە داوان و بە پەرۆش و هەناســـەبڕکێ لە پێش باوکمدا وەســـتان، وتیان کوشتمان و تەواو !

قروچای نێوی ئەو دێیەی ئێمەیە، هەڵکەوتووە لە نـاوچەی لەیلاخ، ناوچەیێکی پڕ پیت و ئاوەدان بوو، دانیشـتووانەکەی بە ئیشـی جووتیاری و ئاژەڵداریەوە ســـەرقاڵن، لەم ناوچەیەدا دانیشـــتوانەکەی لە بواری دینیەوە بە دوو بەشـــی شـــیعە و ســـوونەدا دابەش بوون، هەڵبەت بە زۆری سـوونە مەزەبن، بەڵام لە زۆرێک لە ئاواییەکاندا شـیعە و سـوونە

پێکەوە دەژین، لە قروچای ئێمەشدا ئاوەها بوو، چۆمێک لە نێوەڕاستی ئاواییدا خەڵکی دابەش کردبوو بە سەر شێعە و سوونەدا، بەڵام لە ڕووی نەتەوەییەوە هەموو کوردن و لە بگرە هەمووشیان خزم و کەس و کاری یەکتری بوون لە کۆندا، بەڵام بە دوای ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە دژی شا و هاتنی کۆماری ئیسلامی زۆر شت گۆڕا، یەکێک لەو ڕووداوە ناخۆش و تاڵانە هەڵگیرسانی شەڕی شیعە و سوونە بوو، ڕژیم کۆماری ئیسلامی ڕاستەوخۆ دەستی لە نانەوەی ئەم ئاژاوەیەدا هەبوو، دینی فەرمی دەسەڵاتی داسەپاو شیعە بوو و بەرپرسانی ئیداری و ئەمنی و ئیتلاعاتی و هەتد.. بە زۆری لە شیعەکان بوو، ئەمە وای کردبوو کە باوڕدارانی سوونە پێ قەڵس بوون و لە دژی شیعەکان شەڕیان دەکرد، هەڵبەت لە نێو شیعە نشینەکانیشدا خەڵکانێکیش هەبوون کە لاینگریام لە ڕژیم دەکرد و بوون بە بەشێک لەو شەڕە ناپێویستە، سەنگەر گۆڕینەوەی ئایینیش هەبوو، خەڵک دینی خۆی دەگوڕی و یان لە شیعەوە دەبوو بە سوونە یان بە پێچەوانەکەی، ئەو سەنگەر گۆڕینە بە خەیانەت ئەژمار دەکرا و کەسێک ئەو کارەی بکردبایە دەبوو بە خەیانەتکار و دەکەوتە بەر نەفرەت و توڕەیی خەڵک، هەڵبەت ئەوانەی ئەو کارەیان دەکرد زۆر کەم بوون و زۆربەشیان بە هۆی پاداشتی مادی و چەند کەسێکیش دەبوونە داردەستی ڕژیم، من خۆم بیرم دێ چەندین شەڕی گەورە هەڵگیرسا، شەڕی سەرو ماڵی بوو، بە تێکڕا بە ژن و منداڵەوە لەو شەڕانەدا بەشداریان دەکرد، ئێمەیان فێر دەکرد لە کاتی گەڕانی دەستەی سینە کووتانن لە ڕۆژانی ئاشورا و تاسووئادا بچین و خۆڵ و بەردیان تێبگرین.

ماڵی ئێمە وا نەبوون، باوکم هەڵدەچوو جارو بارە قسـەی پێ دەگوتن، بەڵام هەر زوو دادەمرکایەوە و دەیگوت خۆ ئەوانیش خزم و برا و کەس وکاری خۆمانن، ناکرێ وابین، ئەو دوو کەسەی بەو سەر لە بەیانیەدا پێشیان بە باوکم گرت، شەو هەڵیان کوتابویە سەر ماڵی کەسێک لەوانە کە دینی خۆی گۆڕیبوو، باوکم زۆر بە تۆڕەییەوە لە دژیان وەستایەوە و پێی وتن ناکرێ شتی وابکەن، دەستان دەچێتە خوێنێکدا و تۆوی دووبەرەکایەتی دروست دەکات کە بەو ئاسانیە بۆمان سارێژ و چارەسەر ناکرێ، ڕاستی دەکرد ئەو شەڕانە بە ئاسانی سارێژ نەبوون، هەر چەند ڕژیم هەوڵیدا بۆی نەچووە سەر و خەڵکی بە تێپەر بوونی کات باوەشیان بەیەکدا کردەوە، لە خوێندنگاکاندا تێکەڵ بووین، منداڵ قسەی ماڵ و جەوی نێو ماڵی دەگواستەوە نێو مەدرەسەکان، بەڵام ئێمە لە هەر دووک لا هاوڕێ و دۆستمان هەبوو، ئەوانەی لە بەشی شیعەکاندا بوون پاش ساڵانێکیتر کە ئێمە بووین بە پێشمەرگە هاتن و لەگەڵ ئێمە بوون بە پێشمەرگە، زۆریشیان هەواداری سەر سەختی ئێمە بوون و ئێستاکەش هەر وەهان.

سەرچاوەی داهاتی ئێمە ئەو دەشتە بچووکەی کۆنە دێهاتەی خوارەوەی قروچیا بوو، شوێنی هەموو خەون و ئاواتەکانمان، شوێنی چرکە بە چرکە کاتە خۆش و تاڵەکانمان، شوێنی دایک و باوک و باو و باپیرانمان بوو، لەو شوێنە باڵامان کرد و گەورە بووین، هێشتا زۆر گەورە نەبووم، نیوەڕۆ لە ماڵ دانیشتبووین، دایکم وتی بڕۆ سوغرا خانمی هاوسێمان بانگ بکە و پێ بێژە بە پەلە بێت بۆ ماڵی ئێمە، بە ڕاکردن ڕۆیشتم بە شوێن سوغرا خانمدا هەر ویستم لە درگاکە بدەم یەکسەر دەرگاکەی کردەوە، وەک ئەوەی منی بە کامێرەی ئەمڕۆیی لە

پشـــتەوەی درگـاکە دیبێـت، وتی دایکـت ژان دەیگرێ ! تـا ئەو کـاتە نەمبیســـتبوو، هەر نەشـــم دەزانی دایکم دووگیانە، دایکم بە تەمەن گەورە بوو، لە بەر شـــەرم و حەیای ئەو ســـەردەم دووگیان بوونەکەی شاردبووەوە، هەموو ژنانی گەڕەک و خۆشـکەکانی دایکم و خۆشـکەکانی خۆیشـــم لە دەووری کۆبوونەوە، من و چەنـد کوڕێکی گەڕەک لەوێ بووین پێیان وتین لە دەرەوە بن و مەینە ژوورەوە، بە لابەلای درگاکەوە بە یەک چاو سەیری نێو حەوشەو ژوورەکەم دەکرد، دایکم زریکاندی و شـــەرم نەیتوانی پێش بە ئازاری بگرێ، لەگەڵ دەنگی دایکمدا دەنگی قیژەی منداڵێک و پێکەنینی ژنانی گەڕەک و خۆشـحاڵی خۆشـکەکانم تێکەڵ بوو و ئەم خۆشـــییە هەموو گەڕەکی گرتەوە، خۆشـــکم هاتە دەرەوە و پێ وتین بڕۆن شـــیرینی بخۆن و مـاچێکی منی کرد، بە پێکەنینەوە وتی برایکی ناشـیرینمان بووە، هەموو ماڵ بوو بە شـادی و خۆشـــی، جـارێ تەنیـا ژنـان و منـداڵان دەیـانتوانی بێنە مـاڵی ئێمە، دەیانوت پیاو نابێ تاکوو یەک حەوتوو بڕواتە ماڵی ئەو کەســـەی تازە مناڵیان دەبێ، من بە ڕاکردن و بە پەشـۆکاوی ڕۆیشـتم و باوەشـم بە دایکمدا کرد، دایکم ڕەنگی سپی هەڵگەڕابوو، چاوێکم لە پەنای دایکم کرد منداڵێک خەوتووە و پەتۆیەکی بچووکیان بە ســـەرداداوە، دایکم وتی مـاچی بکە و بڕۆ بە بـاوکـت بڵێ زوو وەرەوە و موژدەی هـاتنە ژیانەوەی ئەو کوڕە نازدارەشـــمانی پێبدە، کەوشـــەکانم لە پێکرد و هەڵهاتم، کەوشـەکانم لە پشـتەوە دڕابوون، جوتێک لاسـتیکی لک لک بوون، پێم وایە هی ئەمجەد بوون و درابوون بەمن، نە وا نەبوو ئێســـتا بیرم هاتەوە، لەگەڵ دوو کوڕی دراوسـێماندا ڕۆژانە دەچووین لە قەراخ چوومەکـانەدا بە تەلیســـێکەوە دەگەڕاین لە نێو زبـڵ و ئـاوەکـانـدا

پلاســتیکە کۆنە وفافۆنە(رووح)کۆنە و کەوشــە کۆنەمان کۆدەکردەوە و دەمانبرد لە دووکانەدا دەمانفرۆشـــت و پارەکەمان دەدا بە شـــت بۆ خۆمان، ئەو کەوشـــانەم لە قەراخ یەکێک چۆمەکاندا دۆزیەوە، لافاو هێنـابووی، ئەو کـات کە من دۆزیمنەوە نوێ بوون، کـاتێـک دۆزیمنەوە زۆریش ترسام، لە خەیاڵی خۆمدا دەمگوت ئەمە کەوشی منداڵێکە کە لافاو بردوویەتی، ئاخر ئەو ســـاڵانە لافاوی زۆر دەهات، چۆمەکەی بەر ماڵی ئێمە ســـەرچاوەکەی لە دەیان ئاوایی دیکەوە دەهات، لافاوی بەهاران و پاییزان زۆر ســـامنـاک بوو، ئێمە ماڵمـان ڕێک لە ســـەر چوومەکە بوو، بەرامبەری مـاڵی ئێمە لەوبەر چوومەکەدا پێیـان دەوت چوارباخ، پەڵە عەرزێکمان هەبوو لە قەراخی ئەو بەر چوومەکەوە، کاک ئەنوەرم تازە ژنی هێنابوو، وتی ماڵ جیا دەکەمەوە، لەو بەر چوومەکە خانوویەکی بچووکی بۆ خۆی ساز کرد، کاکم زۆر جوان خاس و ناوبانگی لە نێو هەموو لاوەکانی ســەردەمی خۆیدا دەدرەوشــایەوە، کەســێکی ئارام و مەند و لە سەر خۆ، کارکەر و ڕەنج دیتوو، کوڕی گەورەی ماڵمان بوو، هەســتی بەر پرســایەتی لە ئاســت هەموو شــتێکدا دەکرد، هەموو کەسێکیش لە ماڵی ئێمەدا قسەی لێ وەردەگرت، سام و هەیبەتێکی تــایبەتی هەبوو، کوڕێکی بە شـــەرم و حەیـا بوو، خەڵـک زۆریـان خۆشدەویست، لە خۆشی و ناخۆشیەکانی هەموو خەڵکدا بەشدار بوو، وەک نموونە باســـیان دەکرد، دایک دووعای دەکرد کوڕەکەی وەکوو ئەنوەر بێ، هێندە گەورە بوو باوکیشــم حیســابی لە ســەر دەکرد، کەم قسە و هەمیشە جددی بوو، سەرباز بوو لە سەربازی دەگەڕایەوە ماڵی ئێمە پڕ دەبوو لە خۆشــی و شــادی، لە ســەربازی کاری دەکرد و پارەی کرێکـاریەکەی لەگەڵ خۆی دەهێنـایەوە، دیـاری بۆ هەموومـان دەکری،

ئەو ڕۆژانەی ئەو دەهاتەوە ماڵی ئێمە جێژن و خۆراکی خۆش وپێکەنین هەموو ماڵمانی دادەگرت، لەگەڵمان شـــۆخی دەکرد و جاری واش بوو زۆرانی لەگەڵ دەگرتین، زۆر بە هێز بوو، وەرزشـــی نەدەکرد بەڵام بە هۆی کار و کرێکارییەوە جەسـتەیەکی بە هێزی وەرزشـکارانەی هەبوو، لەگەڵ جەســـتە بە هێزەکەیـدا دەروونێکی بەهێز و دڵێکی گەورەی هەبوو، قەد نەیدەهێشت خەم و خەفتەت بە ڕووخساریدا دەرکەوێت، من قەد گریـانیم نەدیبوو، ئێوارانێـک لە مـاڵ دانیشـــتبووین، هـاوار و زریکەی ژنـانی دێ لەگەڵ بانگی مزکەوتەکەدا تێکەڵ بوو، ژنێـک خۆی کرد بە ژووردا، وتی فریا کەون ئەفسـانە سـووتا، گریانی کاکم ئەو کاتە بینی کە ئەفسـانەی خوشـکەزاگمی لە باوەش گرتبوو و فرمێسـکەکانیم بینی دەرژانە سەر سینگی سووتاوی ئەفسانە...

کاکم ماڵەکەی لەوبەر ســـاز کرد، خۆی لە تاران خەریکی کرێکاری بوو، بە شـــەوانە من بە لای براژنم دەمامەوە، نیوە شـــەوێک بە تەقەی شـیشـەی پەنجەرەکەدا لە خەو ڕاپەڕین، ئاو هەتا ژوورەکەمان هاتبوو، لافـاوێکی ترســـنـاک هەموو برقی (کـارەبـا) ئـاوایی و مـاڵەکـانی قەراخ چوومەکەی پچرانـدبوو، ئەو شـــەوە لیتە و قور و زبڵی دەیـان ئـاوایی زوورتری هێنایە ماڵەوە، براژنم زۆر ترســـا و من لەو خرابتر، هەڵهاتینە دەرەوە، ڕێگاکەی ئەم بەر و ئەو بەری بەر ماڵی ئێمە لەگەڵ ماڵی کاکم گیرابوو، پردە دارینەێک سـاز کرابوو کە لافاوەکە لەگەڵ خۆی بردبووی، دەنگی باوکم دەهات و هاواری دەکرد بڕۆن و بە سـەر پردە گەورەکەدا وەرنەوە بۆ مـاڵی ئێمە، بـاوکم جووتێـک چەکمەی دڕاوی لە پێیدا بوو، کە گەیشـــتینە مـاڵی خۆمـان لافـاو هەتـاکوو ســـەرەوەی مـاڵەکمـان ڕۆیشـــتبوو، هەموو کەل و پەلەکەکانم تەڕ و شـــکان و خراپ بوون، لە

ترسـا باوەشـم بە دایکمدا کرد، وتی خەم مەخۆە هەر خۆمان سـاغ و سڵامەتین کەل و پەل هیچ نییە زوو پەیدای دەکەینەوە، دایکم زۆر بە وره بوو، لە ماڵی ئێمەدا جگە لە کاکم دایکم قسـەی یەکەمی دەکرد، ڕووح سـووک و هەڵسـوورا و ئازا و خەم خۆر و قایم بوو، ژنی ڕۆژە دژوارەکان و ئاوی ڕژاوی سـەر ئاگرەکان بوو، هەڵسـووکەوتی دایکم لەگەڵ باوکم گەلێک جیاواز بوون، باوکم دڵڕەحم و ئارام و مەند، بەلام دایکم ڕەق بوو وەک مـامۆسـتـایەک کە دەیهەویسـت هەموو خوێندکارەکانی یەکەم دەربچن، یان وەکوو ئەفسـەرێکی پادگان، یان وەک فەرماندەیەکی پێشمەرگە کە لە ڕۆژی تەنگانەدا خۆی دەداتە بەر گوللە بۆ ئەوەی هاوڕێ و پێشـمەرگەکەی بەر دەسـتی شـەهید نەبێ، دایکم ئاوەها بوو، بەڵام ئەو ڕۆژەی منداڵەکەی بوو و زریکاندی هەستم بە ئازاری دایکانەی کرد، ئاخر دایکم هەمیشـە ئازارەکانی دەشـاردەوە، بەڵام ئەو ئازارەی بۆ نەشاردرایەوە و شەقی لە حەیادا و بە دەنگی بەرز هاوکاری کرد من دایکم و منداڵم بووە،

بەو کەوشـە دڕاوانەوە توند ڕامکرد، وەک ئەوەی لە ماراسـۆنێکدا بەشدار بم، وەک ئەوەی موژدەی سەرکەوتنی وڵاتێک دەبەم بۆ پادشا، نازام بۆ هێندە toooند دەچووم، ڕەنگە پێم وابوو گەر باوکم بانگ بکەم و پێی بێژم دایکم نـاسـاغە ئیتر زامەکانی دایکم سـارێژ کردووە، کە گەیشتمە دێ کۆن، باوکم خەوتبوو، خۆی گلۆڵە کردبوو و ڕەشتیەکەی بە سـەریدادابوو، دڵم نەهات بە خەبەری بهێنم، نـازانم خەوی چی دەدی، بەڵام کە سـەیری دەم و چاویم دەکرد، لێوی وەک ئەوە وابوو پێبکەنێ و پێی عەیب بێ دەمی بکاتەوە، دەم و چاوی هەڵقرچاو و چرچی و ڕەنگی پیری لێ نیشتبوو، قژی نیوە ڕەش و نیوە سپی بوو، جۆ

گەنمی نەبوو ڕێـک نیوە ســـپی و نیوە ڕەش بوو، لە ڕەنگی گەنم و جۆەکەی دەشـــتەکەی دەچوو کە بە دیـاریەوە خەوی لێ کەوتبوو، خشەی پێی منی بیست ڕاچەڵەکا، سڵاوم نەکرد، یەکسەر خۆم خستە باوەشی، چ ئامێزێکی خۆش بوو، بە دوای ئەو ماڕاسۆنە خۆ فڕێدانە نێو ئەو ئاوە فێنکەی ئامێزی باوکم ماندوویەتی لاشەمی دەرکرد، وتم باوکە گیان دایکم ناساغە و دەبێ بگەڕێتەوە و فریایی بکەوی، ماچێکی کردم و وتی هیوادارم دایکت هەمیشـــە ئاوا ناســـاغ بێ و کچ و کوڕی جوانی وەکوو تۆمان بۆ بهێنێت، پرسیاری کرد کوڕە یان کچە، من نەمدەزانی و وتم منداڵە، ئاخر هێندە بە پەلە بووم، لە نێو ئەو شـــادی و لۆغانەی ماڵدا کەس نەیدەت کوڕە یان کچە، منیش نەمپرســـی و ڕام کرد بۆ ئەوەی مزگێنی بدەم بە باوکم، دەستی هەڵهێنا و وتی خوایە گیان هەر سـڵامەت بێ فەرق ناکات کچ بێ یان کوڕ، هەستاین و دەست لە نێو دەســـتی باوکم بەرەو دێ وەڕێکەویتن، باوکم توند دەڕۆیشـــت، وەک ئەوەی دەســـتی منی گرتبێ و لە ڕووبـارێـک بمپەڕێنێتەوە جـارو بـارە ســـەیری دەکردم و تووند دەســـتەکانمی گوشـــیبوو و بە هەر دووک دەستی شەپۆلی ئاوەکەی وەلا دەدا و مەلەی بەرەو ئاوایی دەکرد.

نزیک دێ بووینەوە، هەر کەســـمان دەدی ســـڵاوی لێ دەکردین و پیرۆزباییان لێ دەکردین، ســڵاو خاڵو میرزا موارەکە ئەو کوڕە جوانەتان و بە نـازی خۆتـانەوە گەورە بێ، لەوێـدا بوو بـاوکم زانی کوڕمـان بووە، هەســـتم کرد حەزی کرد کە کوڕە، ئەو کـاتـانە وابوو بیری چەوتی پیاوسالاری و دواکەوتوویی کۆمەڵگا و دین و هەموو شتێک لە دژی کچ بوو، ئەو هەواڵەی کە منـداڵەکەمـان کوڕە ئەوەنـدەیتر هەنگـاوەکـانی بـاوکمی تونـد کرد و هەڵیفرانـد، وەک ئەوەی وابوو عەیبەیێکی لە کۆڵ

بووبێتەوە، ئەگەرچی لە ماڵی ئێمەدا ژن سـالاری بوو، باوکم هەمیشـە شانازی بە کچەکانیەوە دەکرد، یەکەم منداڵی ماڵی ئێمە کچ بوو، نێوی پەروانەیە و وەک شەم نزیک پەنجا ساڵە بە دەوری شەمی بنەماڵەماندا دەخولێتەوە، هێندە ئازا و چاونەترسـە، هێندە مێهرەبان و دڵڕەحمە، بۆ هەموو کەس و هەموو شـتێک دەگری، لە شـادی و خۆشـی هەموو کەسـدا پێدەکەنێ، پەروانە ناسـراوە، سـڵ لە هیچ شـتێک ناکاتەوە، لە بەرامبەر دوژمنـدا دڕە و لە بەرامبەر خەڵکدا خوشـکێکی مێهرەبانە، ئەگەر بووبا بە پێشمەرگە، بێ شـک یەکێک لە باشترین فەرماندەکانی پێشـمەرگەی کوردسـتان دەبوو، نازانم ڕەنگە هەر بە پێشـمەرگایەی شـەهید دەبوو، یان وەکوو نیشـتمان لە غەمی ڕامیندا دەتوایەوە، نا نا ئێستا باشە ئاخر هەم پەروانەیە وهەم کۆڵەکە...

بەڵام باوکم شـادی دەم و چاوی بۆ ئەوەی کە منداڵەکەمان کوڕە نەیدەتوانی بشارێتەوە، ڕەنگە شتێکی زانیبێت و خۆشی و شادییەکەی ئەوە لەو زانینەوە سـەرچاوەی گرتبێت، ئاخر خۆ باوکم پیاوسـالار نەبوو، ئەو کچەکانی لە خۆی و کوڕەکانی خۆشتر دەویست، بەڵام دەیزانی کچ بوون ئـازاری زۆرترە. سـاڵێـک پەروانە گیرابوو، هێزەکـانی ئیتلاعـات ڕژابوونە ماڵمان و بە شـوێن پێشـمەرگەدا دەگەڕان، لەگەڵ خۆیان پەروانەیان برد، باوکم دەچێت بۆ لای بەر پرسـی ئیتلاعاتی شـاری قروە و پێی دەڵێت وەرن من بگرن و لە سـێدارەم بدەن بەڵام کچەکەم بەر بدەن، لە ترسـی قسـەی خەڵک، خەڵک دوو دەسـتە بوون، بەشـێکیان فەقیر و هەژار بوون، بە گشـتی لە باری فکریەوە تێگەیشـتوو نەبوون، وەکوو ناوچەکانی دیکەی کوردسـتان زۆر بە سـیاسـەت و حیزبایەتی و پێشـمەرگایەتی ئاشـنا نەبوون، کەسـانێکی خراپیشـیان تێیدا بوون کە

لەگەڵ ڕژیم بوون، بەڵام بە گشـــتی خەڵک دڵســـۆز و خەریکی کارو کرێکـاری و پەیـدا کردنی بژێوی ژیـان بوون، لە وەرزی هـاوینـدا لاوان بەرەو شـاری تاران بە مەبەسـتی کرێکاری دەچوون، کاک ئەشـرەف لە کـاک ئەنوەرم بچووکتر بوو ئەویش لە تـاران کـاری دەکرد، ئەشـــرەف کوڕێکی ئەویندار، تێگەیشـــتوو، خوێندەوار و دەســـت خەتێکی جوانی هەبوو، جارو بارەش شـــێعری دەنووســـی و لە ســـەر لاپەرەکانی نێو ژوورەکەیدا بە دراوی و گرمۆڵەیی بە جێ دەما، ئەو ژوورەی ئەو تێیدا دەژیا پێمان دەگوت دیوەخان، کەســی بنەماڵەمان خان نەبووین بەڵام وا نێوی دەر کردبوو وهەر ماڵە و ژوورێکی تـایبەتی ئـاوەهـای هەبوو بۆ میوان، مـاڵەکەی ئێمە زۆر قەدیمی بوو، تەواوی دەرووبەری بە گـڵ و دیوارەکانی بە خشـت سـاز کرابوون، حەوشـەیێکی بچووکی هەبوو و لە گۆشـەی حەوشـەکەدا حەوزێک کە تێیدا شـێری ئاوی خواردنەوەی لە نێوەڕاســتیدا بوو، شــەوان تاوەکوو درەنگانی شــەو ماڵی ئێمە جمەی دەهات لە میوان، بە تایبەتی لە وەرزی زستاندا کە هەموو خەڵک بێکار بوون و ماڵی ئێمەش درگا ئاوەڵا و هەمیشـە ئاوەدان بوو، لە ژوورەکەی ئێمەدا بـاوکم و دایکم و چەنـد برا و خۆشـــک پێکەوە دەژیـاین، لە دیوەخانەکەدا بە تەنیا کاکم ئەشرەف، ئەڵبەت هیچ کاتێک تەنیا نەبوو و هەمیشـــە مـاڵەکەی پڕ لە جەحێـل و لاوانی ســـەربزێو و تـازە پێگەیشـــتووی دێ بوو، لە ژوورەکەیـدا زەبتێکی گەوەرەی لێ بوو و چەندین نەوار کاسێتی ناسر ڕەزازی و حەسەن زیرەک و شوان پەروەر، من مەگەر بۆ چا بردن و میوە بردن سەردانی ئەو ژوورەم بکردبا، کەس بۆی نەبوو بچێتە ژوورەکەی، ئەشـرەف تۆڕە بوو، کەم قسـە و هەمیشـە لە نێو خۆیدا بوو، وەک ســـەرمایەدارێک کە مایەپووچ ببوو، یان وەکوو

باوكێكی كوڕ مردوو، هەستت دەكرد شتێک لە ناخێدایە و بۆی ناشاردرێتەوە، حەزی لە كچێک دەكرد و زۆری خۆش دەویست، چەندین جار من لەگەڵ دایكم دەچووین بۆ حەمام و نامەكەیم بە كچە ڕەفێقەكەی دەگەیاند، كچێكی جوان و زەریف، قژ كاڵ و ڕەنگ گەنمی بوو.

لەگەڵ گەڕانەوەمان بۆ ماڵ باوكم بە دەم مەلە كردن و باڵ وەشاندن بۆ زوو گەیشتنەوە و بینینی كۆرپەلە تازە بە ژیان هاتووەكەیدا، پاش ئەوەی دڵنیا بوو كە كوڕە بە دەم ڕێگاوە بیری لە نێو دەكردەوە، من وتم باوكە گیان ناوی بنین چی، نەمهێشت وڵامم بداتەوە و لێم پرسی بۆ نێوی منت نا ڕەفیق، باوكم كاتی خۆی بۆ كار ڕۆیشتبووە شاری بەغدای پێتەختی عێراق، ئەو دەم حیزبی شیوعی عێراق لە سەر تاسەری عێراقدا بەهێز و ڕێكخستنیان هەبوو، بە تایبەتی لە نێو كرێكاراندا و لەوانەش كرێكارە ئێرانیەكان كە لە بەغداد خەریكی كار بوون ڕێكخستنیان ساز كردبوو، كوڕێكی خەڵكی شاری سلێمانی كە ئەندامی ڕێكخستنی حیزبی شیوعی ئێراقی بە نێو ڕەفێق دەبێتە هاوڕێی باوكم، نێوی من لەوێوە گیراوە و بۆ خۆیشم لێی ڕازیم، هەر برا و خۆیشكێكم بە شێوازێک و بە بیانوویەكی ئاواوە نێو نراوین، باوكم ئەشرەفی زۆر خۆش دەویست، لە سەربازی بوو، ئەو كاتە سەربازیش خۆشەویست و غەریب بوو، ڕۆژێک لە مەدرەسە ئیجازەم وەرگرت بۆ چەند ڕۆژێک لەگەڵ دایكم و باوكم ڕۆیشتین بۆ چاوپێكەوتن لەگەڵ ئەشرەف، لە قەسری شیرین سەرباز بوو، دوو شەوێک لە لای ماینەوە، قەدیم دەیانگوت سەربازی كوڕ دەكاتە پیاو و تەربیەتی دەكات، بە دوای نۆ مانگ سەربازی ئەشرەف بە تەواوەتی

گۆڕابوو، هەیکەلێکی وەرزشـــکارانە، جەوانێکی کەم وێنە، وەک بێچووە پڵینگی نێو شـــاشـــەی تەلەفیزۆنە گەورەکانی ئەم ســـەردەمە ســـام و هەیبەتی بوو، دایکم دووعایەکی خوێند و فووێکی بە هەوادا کرد، باوکم مـاچێکی کرد و دەم وچـاوی گەش گەش وەک نوورێـک لە تـاریکیـدا بخرێتە نێو چاوت سەری پێ دادەخستی، باوکمم وا نەدیبوو، نەمدەزانی بۆ وا شـاگەشـە بوو، کوڕەکەی وەک پاڵەوانێکی بە هێزی مەیدان هاتە پێش چاوی و لە نێو چاوانیدا هیوایەک بۆ داهاتووی ئەشـرەفت بە دی دەکرد، خەریک بوو بگەڕێنەوە، لە کاتی ماڵئاواییدا نامەێکی خســـتە گیرفانم، وتی بیگەێنە و ئەو وێنەشی پێ بدە...

هێشـــتـا مـاڵەکـان تلفوونی نەبوو، موخـابرات هەبوو، جـارو بـارە دەچووینە موخابرات و بە تلفوون لەگەڵ ئەشـــرەف قســـەمان دەکرد، دایکم تێر دەگریا و نەیدەتوانی قسە بکات، منیش تلفوونەکەم لێ وەر گرت و پێم وت کـاکە نیگەران مەبە نـامەکەتم گەیـانـد، پەروانە بە پێ پەتـی، هەمـوو قـژی خـۆی هەڵـوەرانـدبـوو، دەم و چـاوی بە چـنـگ هەلکەندبوو، خۆی کرد بە حەوشـــەدا و لە نێوەڕاســـتی حەوشـــەکەدا قیژاندی، ئەی هاوار ئەشرەف کوژراوە....

هەموو خەڵکی ئـاوایی کۆبوونەوە، هەرچی خزم و کەس و کـارە ڕژابوونە ماڵمان، دایک و خۆشـــکەکانم خۆیانیان دەڕنی و هاواریان دەگەیشـــتە عەرشـــی ئاســـمان، دایکم دەگووت چاویان لێداوە یانی بەچـاوە بووە، کوڕەکە پـاڵەوانەکەم فیشـــەکی بەر کەوتووە، بۆ جـاری دووهەم لەو ماوەیەدا ئەشـــرەفم بینیەوە، لە ســـەر تەختی یەکێک لە نەخۆشـــخانەکانی کرماشـــان بوو، ئەو پاڵەوانە لەو ماوە کورتەدا تەنیا

ئێسقانەکانی مابوو، دەم و چاوی نەدەناسرایەوە، دایکم هاواری دەکرد و دەیگوت ئەمە کوڕی من نییە، کوڕی من پاڵەوانێک بوو، نەخێر درۆ دەکەن ئەمە کوڕی من نییە، بە خاڵێکی سەر دەستی ناسیمانەوە، وێنەی کچێک لە سەر دەستی چەپی و داس و چەکوشێک و ئەستێرەیک لە سەر دەستی ڕاستی، هیچ نەیدەتوانی قسە بکات، باوکم وتی ڕۆڵە نیگەران مەبە هەموو ماڵ و سامانت بۆ هەڕاج دەکەم، دەچم شار و گوند دەگەڕێم و سواڵت بۆ دەکەم، جوانی و سیما و ڕووخسارت بۆ دەگێڕمەوە، دەستی منی گرت، لە چاوانیدا دەمزانی دەڵێ چی، داوای وێنەکەی دەکرد کە لە کچە ڕەفێقەکەی بۆی وەربگرمەوە و پێ بڵێم برۆ بە شوێن ژیانەتەوە و چاوەڕێ کاکم مەکە ئەو تازە ناگەڕێتەوە، بەڵام کێ دەیتوانی هەواڵی وا بۆ دڵدار بەرێ...

فیشەکەکە بەر دەم و چاوی کەوتبوو، هەموو سیمای دەم و چاوی گۆڕدرا، باوکم ڕاستی کرد، هەموو موڵک و زەمینی ئەوکاتەنەی فرۆشت، بە زستاندا کرێکاری دەکرد، لە کانگایەکی بەرد دەرهێنان نیگابان بوو، بە شەوانە نیگابانی دەدا و بە ڕۆژیش خەریکی شکاندنی بەرد بوو، پارەی عەمەڵی ئەشرەفی کۆدەکردەوە، ئەو ئەشرەفی زۆر خۆش دەویست، بێژەرێکی بە نێو بانگی ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنی سنە نێوی ئەشرەف بوو، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە ئەشرەف نێوی خۆشکی شای ئێران بوو، ئەو نێوە قەدەغە بوو بە تایبەتی لە ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن، هەر بۆیە نێوی خۆی کردبووە فەرشا، لە نێو خەڵکیشدا هەر وا دەیانناسی، بە خزمایەتی دوور دەگیشتنەوە بە ئێمە، باوکم زۆر بەرنامەکانی ئەوی پێ خۆش بوو و هەمیشە بە دیار ڕادیۆکەیەوە گوێ بۆ بەرنامەکانی فەرشا ڕادەگرت، ئەشرەفی بە نێوی ئەوەوە نێو نرابوو...

گەیشـــتینە بەر ماڵ، هەر ژنانی گەڕەک بوون و پۆل پۆل لە دەرگای حەوشـەکەدا وەردەر دەکەوتن، سڵاوێکیان لە باوکم دەکرد و پیرۆزبای هـاتنە ژیانەوەی کوڕەکەمـانیـان دەکرد، ژنـانی گەڕەک هەموو دڵخۆش بوون کە منـداڵەکەی ئێمە کوڕە، ئەوان دەرد و ئـازاری ژن بوونیـان دەزانی، کۆمەڵگـا و مـاڵ و قوتـابخـانە و کوون و قووشـــبنی ئەم وڵاتە بەنـدیخـانەیەکی گەوەرە بوو بۆ ژنـان، هەر کـامەیـان لە بەر خۆیـانەوە شـــوکرانە بژێر بوون بۆ ئەوەی کچ نەبووە، ڕەنگە چـارەنووســـی مەعســـوومەی خۆشـــکمیـان دیبوو بۆیە حەزیـان نەدەکرد کچ بێ، مەعسوومە وەک لە نێوەکەیدا دیارە بە ڕاستی مەعسووم بوو، کچێکی بێـدەنـگ و بێ ئـازار، خێر لە ژیـان نەدیتوو، ڕۆژی زەمـاوەنـدەکەیم لە بیرە، هێنـدە ســـارد و ســـڕ بوو، لە شـــیوەن دەچوو، کەس خۆی نەڕازاندبووە، لەو زەماوەندەدا کەس عاشـق نەبوو، کەس بیری نەماوە، چوونکە بە هەموویەوە نیوە ڕۆژێکی خـایـانـد، وەک ئەوەی گونـاحێکی گەورەی کردبێ و بەرەو ئـاگری جەهەنـدەم دەیبەن، قەد نەمـدی پێبکەنێت، هەمیشــە لە چاوەکانیدا زوڵمێکت دەخوێندەوە و غەمێکی قووڵ بە دی دەکرد، نـازام کێ ئەو زووڵمەی لێکردبوو، دڵنیـام بـاوکم نەبوو، دڵنیام دایکیشـــم نەبوو، ئێمەی براکانیشـــی نەبووین، پێم وایە هەر خۆی هەڵســـووکەوتی وایە، نازانم ڕەنگە لە بێ بە ختی ئەودا ببوو بە کچی ماڵی ئێمە و بە باڵایدا بڕاوە بە جێگای میرات و بەشـــە ماڵ ئازاری پێ بگا..

ژنێکی دراوســـێمان هەبوو، خاتوونێکی کورتەباڵای ســـپیلکەی خۆ نەگرتوو، حاجی بوو، ســـەری بڕۆیشـتبایە نوێژی نەدەچوو، کەم قســـە و لەگەڵ کەم ماڵ هاتووچۆی دەکرد، دایکم هەموو ئێوارانێک لەو بەشـە

خوراکەی خۆمان سـازمان دەکرد بەشـی ئەوەیشـی جیا دەکردەوە و بە مندا دەینارد بۆی، منی زۆر خۆش دەویســت دەچوومە نێو حەوشــەی ماڵە بچووکەی وسڵاوم دەکرد، پێ دەگوتم وەرە ژوور ڕۆڵە خۆ تۆ بێگانە نیت، یەغدانێکی قەدیمی هەبوو، ڕەنگی یەغدانەکە سوور بوو قوفڵێکی بچووکی پێوەبوو، دەرگـاکەی دەکردەوە، لە شـــاخی مـار و شـــیری مەلیچکی تێیـدا بوو، دەســـتی دەبرد بڕێـک هەنجیر و ســـرنچـک و قەیسیە ویشکە و دوو تمەنی پێ دەدام، پێ دەگوتم مەیدە بە ئەمجەد و بە تەنیـا خۆت بیخۆ، نێوی حـاجی حومیرا بوو، لەو مـاڵەدا بە تەنیـا دەژیا، کچ و کوڕ و خزم و کەسی هەبوو بەڵام هەر کەس و بە شوێنێکدا ڕۆیشـــتبوو، لەگەڵ ماڵی ئێمە نەبێ لەگەڵ کەس نەدەحەســـایەوە، حاجی حومەیرا خەتەنەی منداڵانی دەکرد، هەمووومان لێ دەترســـاین، بە تایبەتی منداڵانی گەڕەک کە چاویان پێ دەکەوت هەڵدەهاتن، من لێ نەدەترســـام، ڕەنگە هی ئەوە بووبێ کە لەگەڵ من مێهرەبان بوو، یان ڕەنگە زانیبێتم کە منداڵ دوو جار خەتەنە ناکرێ، هەر بۆیە ترسـم لیی شــکابوو، خۆشــی لە ئەمجەد نەدەهات، دیگوت ئەو شــتانەی بە تۆی دەدەم بە تەنیا بیخۆ و بەشی ئەمجەدی لێ مەدە..

ئەمجەد سـاڵێک لە من گەورەتر بوو، هاوڕێی گیانی بە گیانی باوکم بوو، وەک ئێسـتاکە تووڕە و هەڵچوو، لە قوتابخانەدا هەمیشـە شـاگردی یەکەم بوو، نێو و نێو بـانگی لە خوێنـدنـدا دەرکەوتوو، هەموو کەس لە ماڵی خۆیدا لە بابەتی دەرس خوێندندا ئەمجەدیان دەدایە نێو چاوانی منداڵەکانیان، بێجگە لەوەی برا بووین، ڕەفیقیش بووین، وەک پێشووتر بـاســـم کرد نیوەی زیـاتری مەدرەســـەکە هـاوڕێمـان بوون، هەر لە منداڵیەوە گەورە بوو، هەست بە بەرپرسایەتی زۆر بوو، بەڵام پر بیانوو،

لە مـاڵەوە حەزی لە خـواردنـی دایـکـم نەدەکـرد، دایـکـم بـۆ ئەوەی منداڵەکانی دیکەی نان بخۆن تاریفی منی دەدایەوە، دەیگووت ڕەفیق لە بەرد نەرمتر دەخوا و بۆڵە بۆڵ ناکات، ئەو قســـەیە قەناعەتێکی لە دڵمدا دروســت کردبوو، ئیتر ئەگەر ژەمە خواردنەکەمان خۆش نەبوایە هەر دەمخوارد، ئەو چەند ساڵە هەموو پارە و بەشێک لە زەوینەکانمان خەرجی عەمەڵی کـاکم کرد، بـاوکم لە کرێکـاری بوو، بە تـایبەتی لە زســـتاناندا زۆر هەژار بووین، جاری وابوو بە مانگ خوراکی خۆشـــمان نەدەخوارد، بۆیە دایکم ئەو قســـەی دەکرد بەڵکوو لانیکەم چەنـد کەسێکمان بۆڵە نەکەین بەسـەریدا، ئەمجەد وا نەبوو کاری بە نەداری و نەبوونی نەدابوو، خوراکێـک خۆش نەبووایە نەیـدەخوارد، دەتۆرا و لە ماڵ دەچووە دەر، هەر کامەمان بە جۆرێک جاروبارە دەتۆرانین بەڵام دایکم زوو ئاشـتی دەکردینەوە، ئەو زسـتانە بەفرێکی قورس باریبوو، لە بیرم نەماوە لە ســـەر چی بوو ئەمجەد لە ماڵ تۆرا و ڕۆیشـــتە دەرەوە، دایکم وتی لێ گەڕێ کەس نەچێت بە شـــوێنیدا خۆی دەگەڕێتەوە، لە پەنای ماڵەکانی ئێمەدا خانووێکی نیوە ڕووخاو هەبوو، ئەمجەد تووتکە سەگێکی لەگەڵ خۆی بردبوو و ڕۆیشتبووە ژێر ئەو خانووە نیوە ڕووخاوە و خەوی لێکەوتبوو، ئێمەی بە خەیاڵی خۆمان وامان زانی لەو ژوورەکەدا خەوتووە، بەیانیان خەڵک زوو هەڵدەســـتان، یەکێک بۆ نوێژ دەچوو بۆ مزگەوت و یەکێک بۆ نان کڕین دەچوو بۆ نانەواخانە، دایکم هەمیشـــە ئاخر کەس دەخەوت و یەکەم کەس بوو هەڵدەســـتا، کاتژمێر چواری بەیانی لە خەو هەڵدەســـتا خەریکی کار و پێ ڕاگەیشـــتنی ئێمە بوو هەتاکوو کۆتایی شـەو، ئەو بەیانیە لە خەو هەسـتابوو، ڕۆیشـتبووە ئەو ژوورەکەیتر و ســـەیری کردبوو کە ئەمجەدی لێ نییە، هـاواری هەموو

گەڕەکەکەی لە خەو ڕاچەڵەکاند، تا ئەو کاتە دایکمم ئاوا نەدیبوو، وام دەزانی ئەمجەدی خۆش ناوێ بە هۆی ئەو بۆڵە بۆڵ و عەزیەت کردنەی، خۆی بە دار و دیواردا دەدا، ژنان دەستیان گرتبوو، خۆی دەشەکاندەوە و هاواری دەکرد کە ئەمجەد شەو لە دەرێ خەوتووە، پێ دەچێ گورگ خواردبێتی، ڕاستی دەکرد بە زستاناندا گورگ برسیەتی گوشاری بۆ دەهێنان و دەهاتنە نێو دێ، لە پڕ کاک سدیقی هاوسێمان هاواری کرد وتی وەرن خەڵکینە ئەم خانووە شەو نیوە ڕووخابوو، بەڵام بە هۆی بەفرەوە ئەمشەو تەواوو ڕووخاوە، زریکەی دایکم زیاتر بوو، هەموو کەسێک لە بەر خۆیانەوە دەیانوت نەماوە و شەو ڕۆیشتووەتە ناو ئەو خانووە و ڕووخاوە بە سەریدا، لەگەڵ هاوار و داد و بێدادەکەی دایکمدا، لە ژێر دار و بەردە ڕووخاوەکانی کۆنە ماڵەکەدا دەنگی تووتکە سەگەکە هات، خەڵکی هەموو بە خاکئەنداز و دایکیشم بە چنگ و دەستی خۆڵکەمان هەدالاوە، دەستی ئەمجەدیان گرت و هێنایانە دەر، دایکم باوەشی پێیدا کرد، وتی ڕۆڵە چی خۆراکی خۆشە لەمە بەولاوە بۆت ساز دەکەم....

حاجی حومەیرا هاتە بەر دەم باوکم و سڵاوێک و پیرۆزبایی کرد، وتی ئامادەی بکەن هەم خۆم بانگ دەدەم بە گوێیدا و هەمیش خەتەنەی دەکەم، بۆ شەو دێمەوە بۆ ماڵ تا ئەو کاتە ناوێکی خۆش بدۆزنەوە، بەڵام ناوەکە با لە دین دەرنەچێت، ناونان گرینگ بوو، بە دوای مندا کوڕێکمان بوو ناومان لێ نا ئەفشین، ئێمە خزم و کەس و کارمان زۆر بوون لە سنە، زۆربەشیان نێویان ئەفشین بوو، ئەو سەردەمە ئەو ناوانە تازە دەبوون بە باو، ئەفشین کەسی نزیکی باوکم بوو، بە گاڵتەوە پێمان دەگوت ئەمە گەورە بێت دەبێتەمیراتگری

بنەماڵەمان، لە کەســـمان نەدەچوو، بە منداڵی ســـەری درێژ بوو، بە گاڵتەوە پێمان دەگوت شیعە سەر، بەشێکی زۆری خزمەکانی دایکم لە نــاوچەی کولیــایی دەژیــان، هێنــدە خزمی نزیکی نەبوون، بەڵام هاتووچۆیان دەکردین، ئەوان شیعە بوون و زۆر دانوویان لەگەڵ ئێمەدا نەدەکوڵا، ســـەفەرێک بۆ زەماوەند بانگهێشـــتیان کردین، هێندە زۆر بووین مینی بووسـێکمان بە کرێ گرت، دایکم چوار خوشـکی بوو، هەر خۆشـــکێـک نزیـک بە دە منـداڵ، کە کۆدەبووینەوە دەبووینە یەک لەشـــکەر، بە ڕێگاوە بووین بۆ زەماوەند شـــۆفێری ماشـــینەکە وتی ســـەڵەواتێک بدەن و ڕێدەکەوین لە بەر ئەوەی شـــەو خەونی خراپم بینیوە، دڵەخۆرپەیەکی خسـتە دڵی هەمووومانەوە، دایکم دەسـتی بەرز کردەوە و بە دەنگی بەرز وتی یا شـێخ خۆت دەسـت بە باڵمانەوە بگرە، نازانم مەبەستی کامە شێخ بوو، بەڵام جارو بارە سوێندی پێ دەخوارد و لە بەر خۆیەوە دەیگوت شێخ ئاگات لە منداڵەکانم بێ، زەماوەندێکی گەورە و خۆش بوو، سەدان کەس لە خەڵکی ئاواییەکانی دەورووبەریان بانگهێشـــت کردبوو، دوو ڕۆژ ماینەوە، هێندە خۆشـــمان لێگوزەرا کە هەتاکوو ئێســـتاش لە یادم نەچۆەتەوە، ئاخر ئەوە یەکەمین و ئاخرین زەماوەند بوو کە من ڕۆیشتم، دوای ئەوە لە ماڵی ئێمە زەماوەند نەگیرا و شـادی بۆ هەمیشـە باڵی گرت و فڕی و تا ئێسـتاکەش نەگەڕاوەتەوە، کە گەڕاینەوە هێشـتا نە گەیشـتبووینەوە ماڵ و پێڵاوەکانمان دانەکەند وتیان لە مەیدانی ســـەر پردەکە کە نێوەڕاســـتی ئاواییەکەدایە شـــاری یاریەکی بچووکیان داناوە و منداڵان دەچن یاری دەکەن، ئەفشـــین وەک ئەوەی عەجەلی هاتبێت تاویدا دوای نیو ساعاتی تر جەنازەکەیان بە گریان و شیوەنەوە هێنایەوە بەر ماڵ، لە سەر ئەو ئاسنەی یارییەکە

لەو بەرزایەوە کەوتبووە خوارەوە، هەموو گیانی شکابوو، سەر و دەست و قاچی، تا چەند مانگ بە دەست ئەفشینەوە ئاسوودە بووین، هێندە سەربزێو و هاروهاج بوو لەو زەماوندەدا بۆم دەرکەوت بە ڕاستی سەری لەو خزمە شیعانەمان دەچوو...

ماڵمان جمەی دەهات، هەر خزم و کەس و کار بوو و دەهاتن و دەچوون، باوکم گەیشتە حەوشەی ماڵەوە، هەموو کردیان بە هەلهەلە و شادی، دایکم لە جێ هەستابوو، وەک ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێ، یان بە واتایەکیتر وەک ئەو وابوو دەیزانی چارەنووسی ئەم کۆرپەی چی لێدێ، کراسەکەی گۆڕیبوو، کراسێکی گوڵ گوڵی ڕەنگ سوور، کە هەر ئەو کراسەی بوو و بۆ شادی و زەماوەند لە بەری دەکرد، بە دوای ئەو ڕۆژە نازام ئەو کراسەی دایکم ماوەیە یان نا، بەڵام قەد لە بەریدا نەماندیتەوە، باوکم وەها هاتە ژوورەوە کە هەموو لە بەری هەستان، ڕۆیشتە بەرەوە و ماچێکی سەری دایکمی کرد، پێم وایە هێندە خۆشحاڵ بوو لەوەی کە کوڕێکی بۆ هێناوەتە دونیاوە، سەد هێندەش بۆ ئەوەی کە خۆی ساق و سلامەتە خۆشحاڵ بوو، دایک و باوکم شەڕیان دەکرد، بەڵام هێندە یەکیان خۆش دەویست بێ یەک نەیان دەتوانی هەڵکەن، قەد نەمدیبوو باوکم دایکم ماچ بکاتەوە ئەوە یەکەم جارم بوو، لە پێش چاوی ئێمەدا لە برا و خوشک دەچوون، یان وەکوو دوو کەس کە سوێندیان خواردووە هەتاکوو مردن پێکەوە بن بە بێ ئەوەی دەستیان وە یەک بکەوێ، باوکم شۆخی دەکرد و جاروبارەش باوەشی بە دایکمدا دەکرد، بەڵام شەرمێک، پەردەیەک، شتێک بوو کە تا ئێستاشی لەگەڵ بێ نەمزانی چیە، ئەو ڕۆژەی باوکم فەوتی کرد لە نەخۆشخانەی بێعسەتی شاری سنە کە گەڵ دایکم قسەم کرد زانیم

ئەوەی ئێمەمانان نەماندەزانی چییە، ئەوین بۆ، عەشـــقێک کە ئێمە نەماندەدی و ئەوانیش هەر خۆیان دەیانزانی....

لەو کاتەشـــدا کە باوکم ماچی ســـەر دایکمی کرد، زانیم کە هەر ئەوین بوو بەڵام ئەو کات ئێمە منداڵ بووین و هەستمان پێ نەدەکرد، خۆشکم منداڵەکەی دا بە باوەش باوکمەوە، وتیان ماچی مەکە منداڵی تازە بوو خراپە ماچ بکرێ، باوکم توند لە ئامێزی گرت و حەزی دەکرد پڕ بە گەرو هاوار بکا، بەڵام خۆی ڕاگرت، وتی ئامادەی بکەن شـــەو حاجی حومەیرا دێت، هەم بانگ بە گوێدا دەدا و هەمیش خەتەنەی دەکات، هەموو کەسـێک سـەیری یەکیان کرد و وتیان ناوی بنێن چی، کەس هیچی نەگوت و وتیـان بیرێکی لێ بکەنەوە، بزانن نێوی کوڕانە چی خۆشـە، ئەو سـەرو بەندەماڵی ئێمە ئارام و سـەردەمانێک بوو بێ کێشـــە وگرفت، ئەگەرچی ئاســـەواری هەندێک کێشـــەو و ڕووداو لە سەرەوەی هەموویان گرفتی ئەشرف سارێژ نەببوو، بەڵام بە هاتنی ئەو کۆرپەڵە جوانەش ماڵ و حاڵمان جەوێکی خۆش و تایبەتی بەســـەردا زاڵ بوو، هەموومان دەمانزانی ئەوە کۆتا منداڵە، لە لای ئێمە بە منداڵی ئاخرین دەگوت ئاخر کڕ، دایکم بەوەی کە شەرمێک لە وجودیدا هەبوو بە هۆی ئەوەی کە لەو تەمەنەدا ئەو منـداڵەی بووە بەڵام لە دەم و چـاویـدا دەتزانی کە چەنـدە دڵخۆش و شـــاگەشـــەیە، منـداڵی ئـاخر هەمیشـــە باشـــترین یار و هاورێی دایکە، هەر ئەوەش وای لە دایکم دەکرد کە خۆشحاڵتر دیار بوو کە کوڕێکی بووە، دایکم قەد بۆی گرینگ نەبوو منداڵی کوڕ دەبوو یان کچ، شـەوانەی هاوین لە سـەر بان یان لە حەوشـــەدا دەخەوتین، لە تـاو مار و مێروو و گیانلەبەرەکان ئاگرمان کردبۆوە بۆ ئەوەی دووکەڵی ئاگرەکەی ئێمە لە بەرامبەر مێشـــووله و

ئەو گیانلەبەرانە بمانپارێزێت، بە ڕیز خەوتبووین، سـەیری ئاسـمانمان دەکرد و هەر کەسێک ئەستێرەیەکی دەژمارد، پرسیم لە دایکم ڕاستە دەڵێن هەر ئاوات و ئارەزوویەکت هەبێ گەر سـەیری ئاسـمان بکە وداوای بکەی بۆت دەبێتە ڕاست، وتی وایە گەر ئاوات و ئارەزووەکانتان ڕوو بە ئەسـتێرەکـان بکەن بە دڵنیـایەوە ئەوان بۆتـانی جێ بە جێ دەکەن، هەتـاکوو دەمەوە بەیـان نەخەوتین، ئـاگـامـان لە خەرمـانە گەنمەکەی بەرماڵیشمان بوو کە دز نەیبات، کەس خەوی لێنەدەکەوت، لەو قسـانەدا بووین لە ژێر لێفەکەی منەوە گیانلەبەرێکی بچووک خۆی بە سـەر سـینگمدا دەخزاند، لە لای ئێمە پێمان دەگوت گوێرەکە سوورە، نازانم لە ناوچەکانی دیکە چی پێدەوترا، دوو باڵی ڕەقی بەسەر پشـتەوە بوو، باڵەکانی سـوور و نوقتە نوقتەی ڕەش دەدرەوشـانەوە، گوێرەکە سـوورە گیـانلەبەرێکی ڕەنگین و پڕلە جوانییە، لە وەرزی بەهاردا دێ و لە سەرمادا دەمرێ و سەر لە نوێ لە بەهاردا دەبووژێتەوە، منداڵان دەیانگرت و لە دەیانخستە سەر دەستیان و ئاواتەکانی دڵیان باس دەکرد و پێیان دەگوت گوێرەکە سوورە باڵ بگرە، گوێرەکە سوورە باڵ بگرە، ئەگەر باڵی بگرتبایە ئەوە دەینان وت ئاواتەکانیان دەێتە دی، زۆر جاران هێندەیان گوشار بۆ دەهێنا هەر بە زۆر هەڵیان دەفڕاند، دەتوانم بڵێم قەد گوێرەکە سـوورە نەبووە کە هەڵنەفڕابێ، ئەگەر بە ناچاریشـی بێ، ئەو گوێرەکەی سـوورەی ئەو دەمەوە بەیانییەی خۆی خزاندبوویە ژێر لێفەکەی من گرتم بە دەسـتمەوە، لەگەڵ ئەوەی هەوا خەریک بوو وڵات ڕووناک بێتەوە، هێشـتا گڵۆپی نێو حەوشـەکەمان نەکوژاندبۆوە، لە سەر دەستم داناو داوام لێکرد گوێرەکە سوورە بفڕە و باڵ بگرە، زۆرینەی داواکاریەکان لەو کاتەدا ئەوە بوو کە دایکم کوڕی

بێت، منیش چەندین جار پێم گوت گوێرەکە ســووره باڵ بگره و بفڕه، ئەگەر باڵ بگری دایکم کوڕی دەبێ، بێ ئەوەی گوشــاری زۆری بخەمە سەر گوێرەکە سووره فڕی و باڵی گرتەوە....

ئەو منداڵە ئاخر کڕەی ماڵەوەمان نێو نا ڕامین.

**فڕین بە شەودا !**

کوڕە کورســـانی بە عەشـــقی میوان، هەموو گیانیان گڕوو ســـۆزەو پەیمان !

مرۆڤ لە ئەنجامی زوڵم و ســـتەمی بێوێنە و ســـووکایێتی پێکردن، هەژاری و نەداری، بە ناچاری دەکەوێتە نێو ســـەنگەری بەربەرەکانێی سـیاسـی و دەسـتیش بۆ چەک دەبا، کردەوەی فاشـیسـتیانەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، زەبر و تۆقاندنی لە کوردستاندا، ئاگری ڕەق و تۆڵەی لە ناخی ئینســـانی کورددا خۆش کردووە، ئەمانەش هۆکار بوون پۆل پـۆل لاوانـی کـورد بە ئەشـــقەوە بەروە پـیـری مەرگەوە دەچـوون، شـــارۆمەندی کورد بە بێ ویســـتی خۆی، بەڵام بۆ وەرگرتنی مافی خۆی فڕێ دەدرایە نێو ئاگری یاخیبوون و کردەوەی بەرهەڵەسـتکارانە و ڕەوا. لە کوردســـتاندا ئەوە هەســـت، ســـۆز و ویژدان و پەیمانە کە هێزی بزوێنەرن و کە هانی جەماوەرەکەی دەدات بۆ پەرچەکرداری خەڵک لە ئاست ئەم ڕژیمە سەرەرۆیە.

ماڵی ئێمە جمەی دێ لە تازە لاوانی هەڵهاتووی شـــار، ســێ ڕەشـــەممە (اســفند)ی شـــاری ســـنە یەکێک لە ڕووداوە گرینگ و خوێناویەکانی مێژووی گەلی کورد بە گشتی و سنە بە تایبەتییە، باوکم ڕادیۆ ئیســـرائیلی گوێ دەگرت، ڕادیۆکە تەواوو بوو باوکم وەک فرفرە بە دەوری خۆیدا دەخولایەوە، لەگەڵ خۆی قســـەی دەکرد، جاروبارە دایکم دەنگی دەدا و پێ دەگوت دانیشـــە ســـەری ئێمەشـــت هێنایە ئێش، ئەوە چی بووە دووبارە ئارام و قەرارت لێ بڕاوە، هیچی باس نەکرد، لە بەر ئێمەی منداڵان بوو، نەیدەویســـت هیچ ببیســـتین، ژوورەکەی کاکەم پڕ ببوو لە خەڵکی نەناســـراو، ئەشـــرەف بە دایکمی وتبوو کۆمەڵێک ڕەفیقم لە شاری سنەوە هاتوون و بۆ چەند شەوێک میوانمانن، دیارە لە نێو ئەوانیشـــدا خزم و کەس و کاری خۆمان لە ســـنەوە هاتبوونەوە، چەند کوڕە گەنجێکی پوورزاگم هاتبوونەوە، من چای و نانم بۆ دەبردن، کاکم بانگی کردم و پارەی پێ دام وتی بڕۆ لە دووکان چەند پاکەت سیگار بسێنە، بەڵام ئەگەر کەسێک پرسیاری کرد کە کی لە ماڵتانە جواب نەدەیتەوە، بڵێ کاکم لە ماڵ نیە، لە ماڵ هاتمە دەرەوە و لە کۆڵانەکەی پشـــتەوەی ماڵمان بەرامبەر مزگەوتەکە ڕۆیشـــتم کە دووکانەکان لە پەنای مزگەوتەکەدا بوون، چەند کەســـی نەناســـراوم بینی، یەکێکیان جل و بەرگێکی کوردی خاکی ڕەنگی لە بەردا بوو، دیار بوو خەڵکی دێ نییە و غەریبەن، ڕۆیشـــتمە نێو دووکانەکەوە، خاوەنی دووکانەکە وتی بە کاکت بڵێ میوانەکانی ئەمشەو لە ماڵ دەر بکات، نێو ئاوایی پڕە لە کەسانی نەناسراو و گۆیا وەک باس دەکەن چەکیشیان پێیە، سیگارەکەم سەند و خێرا خۆمم گەیاندەوە ماڵ، کە گەیشـــتمە بەر ماڵ دایکم لە بەر درگاکە بوو، خۆی

له تاریکایەکەدا حەشـــار دابوو، کەوشـــی لە پێ نەکردبوو، وتم ئەو سـیگارانەم بۆ کاکم هێناون، ئەوان لە ماڵ چوونە دەر پاش چەند ڕۆژ سەریان لە شاری تاران دەرهێنا..

تاران شـــارێکی دەیان ملیۆن کەســـی، هێندە گەورەیە وکوو دەریا وایە گەر ســـوژنێکی تێ بکەوێ بۆ کەس نادۆزرێتەوە، کوردی زۆر تێیدا دەژین، بەشـــێکی هەرە زۆریام کرێکارانی وەرزین، کوردەکان بە هۆی خزمایەتی وهاکاری کردنی یەکتری دابەشـــی شـــارەکان و ناوچەکان بوون، بۆ نموونە خەڵکی شـــاری ســـەقز بە زۆری لە شـــارەوانی کاریان دەکرد، خەڵکی قروە لە تەڕەبار، خەڵکی ناوچەی ژاوەرۆ و ئەوێهەنگ لە دەماوەند، خەڵکی ســـنە وکامێران و دەرووبەریانیش خەریکی کاری بیناســـازی، لە گەچکاری و ســـەنگ کاری و کاشـــیکاری و جۆشـــکاری و هەتد... کوردەکان نزیکایەتیان هەبوو، ئەما زۆر نا، زۆر جاریش وەک ئێســـتا ناکۆک و لە نێو یەکدا خراپ بوون، پەرتەوازە و پچڕ پچڕ بوون، وەک خەڵکی نەتەوەیکی ماندوو و برســـی دەچوون کە هیچ شـــتێکی بۆ گرینگ نەبێ ئیللا کۆکردنەوەی پارە نەبێ، بەڵام لە ناخی هەر کوردێکی دانیشتووی تاران جا چ کرێکار یان هەرکەسێکی تردا زوڵمێک خەوتبوو، کورد نێو و نێوبانگی هەبوو و حێســـابیان لە ســـەر دەکرد و تاریفیان دەکرد، هەڵبەت بەشـــێکی ئەو پێدا هەڵگوتنانە درۆینە بوون و دیار بوو دەیانهەویســـت بە لارێتدا بەرن. کاکم و هاوڕێ هەڵهاتووەکانی لە خۆپێشاندانەکانی سێی ڕەشەممەی شاری سنە هەموویان وەک ماسی خۆیان لە نێو ئەو دەریا گەورەیەی شاری تاراندا حەشار دابوو...

ڕووداوی سـێی ڕەشـەمەی شـاری سـنە لەو سـەردەمەدا بوو کە بۆ جیلی نوێ و تازە پێگەیشـتوو وەک چەخماخەی شـۆڕشـێکی نوێ وابوو، بە دەیان کچ و کوڕ لە شـاری سـنە شـەهید کرابوون، سـەددان کەسـی ئەو شـاره گیرابوون و بەشـێکیان لە ژێر ئازار و ئەشـکەنجەی ناوەندە ئەمنێکان و ئیدارەی ئیتلاعاتدا گیانیان بەختکرد، شار شڵەژابوو، ترس و دڵەرواکێیەکی کەم وێنە ئاسـمانی شـاری لێڵ کردبوو، دایکم دەسـتی گرتم و بە پەلە خۆمان گەیاندە لای ماشـینەکان و بەرەو شـاری سـنە بەڕێ کەوتین، ماڵی خوشـکێکی دایکم لە سـنە بوو، گەیشـتینە سـەر گەردەنەی سـەڵەوات ئـاوا، بۆنی بـارووت و خوێن کـاسـی دەکردی، ئاسـمانی شـار ماتەم و پانتایی شـار چۆڵ و بێدەنگ، هەر یەک میتر و پاسـدارێک بە چەکەوە وەسـتابوون، شـۆفیری ماشـینەکە وتی من لەوە زیـاتر نـاتوانم بتـانبەم، هـاتووچۆ قەدەغەیە و دەمگرن، فەرموون لێرە دابەزن و تاکسیک بگرن و بڕۆن، دابەزین و چەند میتر نەڕۆیشتبووین، دوو کەس پێشـیـان پێگرتن، هەر دووکیان جل و بەرگی مەدەنیان لە بەردا بوو، چاویان بە کراسە کوردیە ڕەشەکەی دایکم کەوت هەستیان کرد لە دێوە هاتووین، یان لە پەلە پەلی ئێمەدا زانیبوویان بە شـوێن ڕۆڵەیێکی ونبوودا دەگەڕێن، بە فارسی وتی مادر کجا !

دایکم بە زمانی فارسی نەیدەزانی قسە بکات، وشە وشەی دەزانی بەڵام لە ڕووی نەدەهات قسـەی پێ بکا، منیش ترسـابووم، دایکم بە کوردی وتی بۆ ماڵی خۆشـکم دەڕۆین، وتی فارسـی حرف بزن، دایکم وتی ڕۆڵە من فارسـی نازانم، کابرا کردی بە کوردی، وتی خانم بۆ کوێ دەڕۆی، دایکم وتی دەی کوردی دەزانن بۆ قسـە ناکەن، وتی بۆ ماڵی خوشـکم دەڕۆم نەخۆشـە، وتی لە کوێیەوە هاتووی و ئێمە کە وتم لە

قروچیاوە هاتووین، یەکســـەر بە بێ ســـیمەکەی وتی پێم وایە ئەمە دایکی یەکێک لەو هەڵهاتووانەیە، چەند دەقێقە ڕایانگرتین، ماشێنێک هاتە پێشمان، وێنەیەکی پێنیشان داین و پرسی ئەم کەسە دەناسن، دایکم وتی نەخێر، نەماندەناســـی ئەوەی دیکەیان وتی قروچیایەکان فامیلیان حوســـەین پەناهیە، ئەمانە نین، هێشـــتیان بڕۆین، کە گەیشـــتینە ماڵی پوورم، وەک پرســـە وابوو، هەموو ژن و منداڵ کز و مەلوول دانیشـــتبوون، هەر کە دایکمیان بینی هەســـتان و لەگەڵ لە ئامێزگرتندا تێر تێر گریان و شـــیوەنیان کرد، کوڕەکەی ئەوانیش هەڵهاتبوو، دوو کوڕە هاوســـێ ماڵیان شـــەهید ببوون، ئیتلاعات بە پوورمیان وتبوو وەرە سەیری ساردخانە بکە بزانە لە نێو ئەم جەنازانەدا تەرمی کوڕەکەت دەدۆزیتەوە، پوورم دەیلاواندنەوە، ئاخ هاوار بە ماڵم ئەو گشـتە کەنیشـت و کوڕە وەک فریشـتە بێتاوان بێتاوان کوژرابوون، وەی خوایە ئەم زوڵمە قەبووڵ نەکەی، چ حەشـرێک بوو، فاتمە خانمم بینی لە ســـارد خانەدا تەرمی کەنیشـــکەیان پێ نیشـــاندا کە لە بان پردەکەی مەڵاوەیسـییەوە پاسـداران خسـتبوویانە خوارەوە، ئۆف خۆایە ئەم زوڵمە قەبووڵ نەکەی..

دایکم دڵنەوایی دەدایەوە، وتی ئەشرەف و چەند کوڕە سنەیی سێ ڕۆژە هەڵهاتوون، دڵنیام کوڕەکەی تۆیشـــیان لەگەڵە، بێ خەم بە نەکوژراون و تا چەند ڕۆژی تر خۆیان تەلەفوونمان بۆ دەکەن، ئیحتماڵی هەییە هەڵهاتبێتن بۆ عێراق، خزمێکمان لە مەریوان هەیە ئاگادارمان کردووەتەوە ئەگەر خەبەرێکی دەس خسـت پێمان دەڵێتەوە، قسـەکانی دایکم ســـووکنای دا بە دڵی پوورم، گەڕاینەوە لە حەوشـــەی ماڵی خۆماندا باوکم دانیشـــتبوو، ڕەنگ و ڕووی گەشـــابوویەوە، هەر فەوری

هەستمان کرد هەواڵێکی خۆشی پێیە، وتی کوڕێک هاتووە و پێ وتووم خەم مەخۆن هەموومان ســـاغ و ســـڵامەتین و لە شـــاری تارانین، با ماوەیێکی لێ تێپەڕێت تەلەفوونتان بۆ دەکەین، ئێمە چەند دۆســـتێک بووین، هاورێی سەردەمی منداڵی و کایە و شەڕە سەگ و هاورێی ئەو دەورانە بووین، وا خەریک بوو گەورە بین، سنووری منداڵیمان بەزاندبوو و بەرەو مێردمنداڵی دەچووین، بە تەق ولەق خەرکی دەرس خوێندن بووین، ئەوەی بیرمان لێ نەدەکردەوە داهاتووی خوێندن و بوون بە کارەێک بوو، هەموو دایک و باوکێک حەزیان دەکرد منداڵیان گەورە بێ یان ببن بە دوکتوور، یان موهەندیس، یان مامۆســـتا، بۆ تاقە یەک جاریش وڵامی ئەو پرســـیارەم نەدایەوە کە لێیان دەپرســـیم گەورە بێ حەز دەکەی ببیتە چی، خولیا و موســـیبەتی ڕۆژانەی ژیانی ئێمە بەرەو ئەو ئاواتەی نەدەبردین، نەک هەر مەن زۆربەی هەرە زۆری منداڵانی هاوتەمەنی من وابوون، کوڕێک لە مەدرەســـەکەماندا بوو بە نێوی خەبات، لە گەڕەکی شیعە نشینەکاندا دەژیان، هاوپۆلی ئەمجەد بوو، کەم ئەندام بوو و هەر دووک لاقی بە منداڵی هەستیان تێدا نەبوو، لەو بێ ئیماکانتیەی ئەو سەردەمەدا گەلێک سەخت و دژوار دەژیا، دایک وباوکی زۆریان خۆشـــدەویســـت، لە نێو قوتابخانەدا کەم کەس هاورێیەتیان دەکرد، بگرە جاری واش هەبوو گاڵتەیان پێ دەکرد، عەقڵیەتی ئەو کاتە بە گشـــتی و بە تایبەتی عەقڵی منداڵیش وابوو، خەبات بوو بە هاورێی ئەمجەد، ئێمە یارمەتیمان دەدا و زۆرمان خۆشدەویست، لە باری دەرس و خوێندن و هەمووشتێکەوە پاڵپشتی بووین، لایەنگری ئەو منداڵانە بووین کە زوڵمیان لێدەکرا، ئێمە حێسابمان بۆ دەکرا و قسەمان بڕشتی هەبوو، بۆیە هەر کەسێک لە

نێو مەدرەســـەدا ئێمە پشـــتمـان بگرتبـایە، کەس نەیـدەوێرا زوڵمی لێبکـات، خەبـات بوو بە هـاوڕێی گیـانی بە گیـانی ئێمە و بەتـایبەتی ئەمجەد، ساڵانی دواتر ئێمە بووین بە پێشمەرگە ئەویش ڕێگای چوونە زانکۆی گرتە بەر، بە دایکمی وتبوو پێم نـاکرێ ڕێگـای ئەوان بە پێی بڕۆم بەڵام بە فکر داکۆکیکاری هەژارانم تاماوم...

هاوڕێیەکانی ئەمجەد جیا و هاوڕێیەکانی من جیا بوون، ئەگەرچی زۆرێکیان هاوڕێی هاوبەشـی هەر دووکمان بوون، بە تایبەتی ئەوانەیان کە خولیای سـیاسـەت و خەباتیان هەبوو، لەگەڵ هەڵکشـانی تەمەن، هەر لەگەڵمان مانەوە بە هاورێیەتی.

چەند هاوڕێ من هەبوون کە شـــەو ڕۆژ پێکەوە بووین، ڕۆژێکیان وتیـان بـا هەڵێین و واز لە قوتـابخـانە بهێنین و بچین بۆ تـاران، بە بێ یەک و دوو بە قسەم کردن، هەڵبەت لە بیرم نەماوە پێشنیارەکەی هی ئەوان بوو یان هی من، پێ دەچێت من ئەو پێشـــنیارم خســـتبێتە بەر دەمـیـان، جـانـتـا و هەنـدێـک کەل و پەلـی بـچـووک لەگەڵ شـــوناســـنامەکەماندا و هەر کەســـە و بڕە پارەێکی کەممان پێ بوو، قەرارمـان کرد کە بەرەبەیـانی زوو تـاکســـییەک دەگرین و دەچینە تێرمینالّەکەی شاری سنە و لەوێڕا بۆ شاری تاران دەچین...

پاش دوو ڕۆژ و شەو گەیشتینە شاری تاران. لەوێ لە نێو پارکەکانی پاڵ مەیدانی ئازادیدا گیرساینەوە. باو بوو هەر کوردێکی لای خۆمان کە ســـەری هەڵدەگرت و دەۆریشـــت دەچوو بۆ تاران لەوێدا دەبینرایەوە. زۆرجـاریش وێنەیەکیـان لێـدەگرت. ئەوەتـا ئەلبوومی ئەو ڕۆژانەی هیچ

جحێلێکی ئەو سـەردەمە نییە، وێنەیەکی ڕاوەسـتاوی دەسـت لە سـەر کەلەکەی پەنای مەیدانی ئازادی تێدا نەبێ.

لێرە ئیتر ئەبوو ئۆقرە بگرین، تا بەڵکوو سـەرکاریگەرێک، سـاحب کـارێ ببێتە خـدری زینـدوو و کـارێکمـان بۆ بـدۆزێتەوە، جـا خۆ هیچ کەسیشـمان شـارەزای ئیشـێکی تایبەت نەبووین، بۆ یەکەمجارمان بوو دەستی دایکمان بەردابوو و پەرەوازە بووین، ماڵی کاکە ئەنوەرم و کاکە ئەشـــرەفم لە تاران بوو، بەڵام کەی دەموێرا بڕۆم بۆ لایان، ئەویش لە قوتـابخـانە هەڵهـاتبووم، بۆیە هەر دەبوایە لە سـەر پێی خۆمـان ڕابوەسـتابام، پارەمان خەریک بوو تەواوو دەبوو، هەر لەو دەورووبەرەدا بە نێو ترمیناڵکەدا سـەرمان بە چەندین دووکاندا کرد و پرسـیمان کرێکارتان ناوێ، کەس نەیدەوێرا وەرمان بگرێ، ڕەنگ بە هۆی تەمەنی کەمەوە بە کەڵکی ئەوان نەدەهـاتین، ئەو سـەردەمە کـاری ئـاڵمـاتۆر بەندی و جۆشـکاری و کاری بینا سـازی باو بوو و برەوی هەبوو بەڵام ئێمە نە شـوێنکمان دەزانی، نە هیچ شـوێنێکیش وەری دەگرتین بە تـایبەتی بۆ ئەو کـارانە هەر نەدەبووین ـــــ شـەوێکیان لە پارکێکدا ڕاکشـابووین، هەر دووک دەسـتم لە ژێر سـەرمدا گرێدابوون و چاوم لە ئاسـمان بریبوو، لەو شـەوانە بوو کە گاڵتەمان بە خۆمان دەهات، وەک هەمیشە قسەی قۆڕ و هەڵەقومەلەقمان دەکرد، بێباک و بێ پرۆگرام و سەرگەردان، دڵێکی پڕ خۆشی و سەرێکی پڕ لە هەوەس و هەرزەکاری، پڕ بووین لە وزە و وێنای ویژدان و ورەی گەنجی.

ئێمە لە بیری خۆماندا پاڵەوانێک بووین، بەڵام بێ گورز و بێ بازوی بە هێز و بێ پشـت و پەنا و پارە هەرێزەکەی ژێرمان لە بەر ئەوەی کە

ئاویاندابوو و تەر بوو شـــێی هێنابوو و هەموو گیانمانی خووســـاندبوو، زەوی لە ژێر سـەرماندا سـەرینی سـەدان سـەمەرەی شـیرین و بەچێژ بوو. لەرینەوەی چیمەنی دەم نەرمەباکەی ئەو شـــەوە، وەکو خرپینگەی بازن و بە ژنی کیژە کافرۆشـی پاڵماندا ڕاکشابوو. پێڵاوەکانمان سێ ڕۆژ و شـەو بوو لە پێمان دانەکەندبوو، هیلاک و ماندوو و بەڵام هەسـتمان دەکرد بە ســـەر تەختی شـــاهانەوە پاڵکەوتووین، و چی ســـیســـتەمی ســیاســیی و ئایدۆلۆژیای ئەو کات هەیە لە خزمەتی ئێمەدان، وەها بە غرووورەوە ڕێک و پێک لە کەناری یەکدا پشـــتمان ســـاف بە عەرزەوە دابوو، وەک ئەوەی ئەرتەشی دەست لە سەر سینگ، چاوەڕێی فەرمانی ئێمە بن، لە پڕ فیکە و ناڵەی کابرای باخچەوانی پارکەکە تاج و تەختی ڕووخـانـدین و لە خەوی بەیـانی لە پەنـای مەیـدانی ئـازادیـدا وای ڕاچەڵەکاندین کە تاکوو ئێستاش بەو ئاواتەوەین خەونی پەنای مەدانی ئازادیمان بێتە دی.

کاکم دەســتی گرتم وماچێکی کردم، وتی هەســتن ماڵتان ئاوەدان هەزاران کەس ســـێ ڕۆژە بە شـــوێنتانەوەن، بۆ ئاوەهاتان کرد، ئەگەر دەتانویســـت بێن بۆ تاران بە منتان بوتبای دەتانم هێنا و لە لای خۆم کارم بۆ پەیدا دەکردن و پێویســـتی بەم خۆ حەشـــاردان و خۆ دزینەوە نەدەکرد، زمانی کاکم قەد ئاوا ئارام نەدەیبوو، نەیدەویســـت بە ڕووی خۆیدا بهێنێ کە تووڕەیە، بەڵام کە سواری ماشـِینەکی کردین بە جۆری شـــۆفێری کردنەکەیدا هەســـتمان کرد کە گڕکانێک لە نێو دڵیدایە و هاتووچۆ دەکات و هەر ئان و ساتێکە بتەقێتەوە.

بە کۆڵان و شـــەقامەکانی شـــاری تاراندا گەڕاین، لە بەر بەینایەکی نیوەکارە دایبەزاندین، وتی بڕۆنە ژوورەوە من دوایە دێمەوە بۆ لاتان، لە تەبەقەی سێهەمی بینانیوەکارەکەوە ئاوازی حەسن زیرەک لە پەنجەرە هـات بە گوێمـانـدا، زانیمـان کە کوردن و کرێکـاری دەکەن، چووینە ژوورەوە، کۆمەڵێک خەڵکی لێبوو، بەشـێکیان خەڵکی کامێران و چەند کەســـێشـــیـان خەڵکی لای خۆمـان بوون، هـاتن بە پیرمـانەوە، بە پێکەنیەوە وتیان بەخێربێن، زۆر ماندوو بووین و حەزمان دەکرد بڕۆینە شوێنێکەوە تاوێ بخەوین، ئەو ژوورەی کە هی خزمان و خەڵکی قروچیا بوون درگـاکەی بە گۆنی بەن گیرابوو، ژوورێکی بچووکی بێ درگـا و پەنجەرە، وێنەیکی نـاســـر ڕەزازی لە قـاپ گیرابوو و بە دیوارەکەدا هەڵواســـرابوو، فەرموویـان کردین و چووینە ژوورەوە، ئەو ئێوارەیە ماکـارۆنیـان ســـاز کرد و تێر و پڕ نـانمـان خوارد و هەر دەمە و ئێوارە خەومان لێکەوت، نزیک نیوەی شـــەو بوو بە دەنگە دەنـگ وەخەبەر هاتین، چەند کەسـێکی قروچیایی و چەند کەسـێکی نەناسـراو خۆیان کرد بە ژووردا، یەکێکیـان یەکســـەر بـاوەشـــی بەمنـداکرد، وتی هیچ نیگەران مەبە بڕوا بکە ئێمەش پێمـان نـاخۆش بوو، بەڵام ئەوە ڕێگـای شێر کوڕانە و دەبێ شانازی بکەن، حەپەسام و نەمەدەزانی مەبەستی چی بوو، لە مێشـــکی خۆمدا وا تێگەیشـــتم کە ئەو چەند ڕۆژە ئێمە هەڵهاتووین دایکم تووشـــی گرفتێک هاتووە، هەر ســـەیریانم دەکرد و هیچم بۆ نەدەوترا، یەکێکیتریان وتی کاک ئەشـرەف هەمیشـە قارمان بوو، خاسـی کرد ڕۆیشـت و ئەوێ شـوێنی کوڕە خاسـەکانە، دانەیتریان وتی جا خۆزگە منیش ژن و منداڵم نەدەبوو جا بزانە دەڕۆیشـتم یان نا، ئـاخر ئەمە کەی ژیـانە ئێمە تێیـداین، بەیـانی تـاکوو ئێوارە وەک بەردە

دەبێ کار بکەین بۆ کابرای ســـەرمایەدار، ئێوارەش بە هەزار بۆڵە بۆڵ پارەکەمان بدات، ئەویتریان وتی خوا گەوەرەیە هیچ کارێک بێ ڕەزای خوا ناکرێ، بەڵام هەڵەیان کردڕۆیشـتن، داخەکەم ئەو شـوێنەی ئەوان هەڵیان بژاردووە نوێژ ناکەن و بڕوایان بە خوا نییە و بەم شێوەیە و هەر کەســە و قســەیەکی دەکرد، لە کۆتایی قســەکانیاندا تێگەیشــتم کاکە ئەشرەف لەگەڵ کوڕێکی هاوڕێی خۆیدا ڕۆیشتوون بۆ نێو کۆمەڵە...

ناوچەی ئێمە ئەو کات کەم خەڵک بە قەرەی کاری ســـیاســـیدا دەڕۆیشت، بەشێکی زەبر و زەنگی لە ڕادەبەدەری ڕژیم و بەشێکیشی سەرقاڵ بوونی خەڵک بوو بە کار و ژیانەوە، هژموونی حیزبی دێموکرات زۆرتر بوو، چەند کەسێکمان دەناسی کە پێشووتر پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بوون و دواتر خۆیان تەحویلی کۆماری ئیســـلامی دابۆوە و چەکی ڕژیمیـان هەڵگرتبوو، چەنـد کەســـی تر لاینگەریـان لە حیزبی دێموکرات دەکرد بەڵام هێندە ســـەرســـەخت و توند نەبوون، لە بەر ئەوەی جارو بارەش دەبوونە شورای دێ و لە هەندێک کاروباردا لەگەڵ دەوڵەت تێکەڵ دەبوون، کەســایەتییان وەک کەســی ســیاســی بەهێز وجێی متمانە نەبوون، بەڵام بە گشـتی نێو و نێوبانگی دوکتوور قاسـملو لە نـاوچەکەدا هەبوو، وەک ڕێبەرێکی کورد کە بە دەســـتی داگیرکەر شــەهید کرابوو خەڵک خۆشــیان دەویســت، بەڵام وەک ڕێکخســتن و کاری تەشـــکیلاتی دەگمەن بوون ئەو کەســـانەی کە هاوکاری حیزبی دێموکراتیـان دەکرد، هەڵبەت لە قروچیـا وابوو لە هەنـدێـک لە شـــوێنەکانی تر بە جۆرێک تر بوو، کۆمەڵە نێو بانگێکی تایبەتی هەبوو، بە هۆی ئەوەی کە هونەرمەندانێکی وەکوو ناســـری ڕەزازی و نەجمەی غۆڵامی و کۆڕی بانگەواز بە گشتی وەک حیزب ناسرابوو بۆ خەڵک، ئەو

ئاواییانەی کە نزیک لە شــاری ســنە بوون بە هۆی کاریگەری شــاری سنەوە بە سەریانەوە زۆرینەیان کۆمەڵە بوون، ئەو بنەماڵانەی ناوچەی لەیلاخ کە خزم و کەس و کاریان لە ســـنە بوون ئەوانش بە جۆرێک کۆمەڵەیان خۆشـــتر دەویســـت، بەڵام بەریەک کەوتن و دژایەتییەک نەبوو، کەسی کۆمەڵەیی لە دژی دێموکرات نەبوون و بە پێچەوانەشەوە، وەک باسـم کرد خەڵکی عەوام خۆی لەو باسـانە نەدەدا، زۆر کەم بوون ئەوانەی چالاکی سیاسی و لایەنگری حیزبەکان بوون، بەڵام بە گشتی خەڵکی نـاوچەکە هەم کۆمەڵە و هەم حیزبی دێموکراتیـان خۆش دەویست، لەو ژوورەی ئێمەدا دەژیاین دوو کەسی حیزبی دێموکرات و یەک کەســـی لایەنگری موفتی زادە و چەند کەســـی کۆمەڵەیی تێیدا بوون، هەمووشـــمان پێکەوە خزم و کەس وکاری یەکتری بووین، گەر کەســـێکی بێگانە بهاتبایە هیچ باســـێک نەدەکرا، بەڵام گەر بە تەنیا خۆمان بوایەین دەبوو بە شـــەڕە باسـێک کە زۆر جار بە شـــەڕ کۆتایی دەهات، زۆربەشـیان ئیحسـاسـاتی بوون، کوڕێکی لێبوو خەڵکی شـاری ســنە بوو، پێشــمەرگەی قەدیمی کۆمەڵە بوو، وازی لە پێشــمەرگایەتی هێنابوو و هاتبۆوە بۆ ئێران و لەگەڵ ئێمەدا دەژیا و کاری دەکرد، کەم قسە و مەنگ بوو، ڕیشێکی درێژی دانابوو، نێوی خۆ گۆڕیبوو بە شارام، هەڵبەت دواتر زانیم نێوی خۆی گۆڕیوە و تەنـانەت بۆم دەر کەوت خەڵکی شاری سنەش نییە، کەم دەدوا و زۆربەی کاتەکان گوێگر بوو و جار وباریش پرســـیارێکی دەکرد، کتێبێکی دەگرت بە دەســـتیەوە و بەبەردەوامی چاوی لە سەر ئەو کتێبە لانەدەبرد..

شـــەوێـک خەڵکێکی زۆر کۆبوونەوە، جێژنی لەدایکبوونی کوڕێکی پوورزاگم بوو، بە ســـەدان کەســـی قروچیایی و کرێکارانی کوردی ئەو

تارانە بانگهێشــت کرابوون، ئێمە بە هۆی ئەوەی کە منداڵ بووین هەر خەریکی چا و نان ساز کردن و پێڕاگەیشتن بە میوانەکان بووین، چەند کەسـێکیان مەشـرووبیان هێنابوو و خواردبوویانەوە، بە دەم هەڵپەڕکێ کردنەوە بژی کوردســـتان و بژی کۆمەڵە و بژی کـاک ئەشـــرەفیـان دەگوتەوە.

لە پڕدا چەند ماشێنی پۆلیس بەر بیناکەیان گرت، هەموو کەسێک بێدەنگ بوون، کاک شارام هەستا وتی ڕاوەستن من دەچم و قسـەیان لەگەڵ دەکەم، کە ڕۆیشتە بەر درگا و چەند ساتێکی نەبرد، ماشێنەکان نەمـان و شـــارامـیش نەگەڕایەوە ژوورەوە، زۆر نـیـگەران بـوویـن، نەمـانـدەزانی چی بکەین، هەر کەســـەو قســـەیەکی دەکرد، یەکێـک دەیگوت کورە هەر بۆ ئەو شـــارامە هـاتبوون، دانەیەکی تر دەیگوت نەمگوت کەســـی نەنـاس مەهێننە ئەم ژوورە، دانەیەکی تر دەیگوت کورە ئەم کابرایە بەم کتێب و ڕیشـەوە بەخوا هەر خۆی جاسـووس بوو و ئەو ماوەیە کە کاک ئەشرەف ڕۆیشتووە بۆ نێو کۆمەڵە ئەمەیان داناوە بزانن کێ هاوکاری کۆمەڵە دەکا، لەو قســـە وباســـانەدا بووین کە کاک ئەنوەرم خۆی کرد بە ژوورەکەدا، پەشـــۆکـاو دایـار بوو، هیلاکی و مـانـدوویەتی لە دەم و چـاوی دەبـاری، هێزی لێبڕابوو، هەمووم‍ـان هەستاین و بە پیریەوە ڕۆیشتین، وتمان کاکە ئەوە چی بووە.

بۆی باس کردین کە چەند ڕۆژێکە ویلانم بە شوێن ئەشرەفدا، تازە لە سـنووری عێراق گەڕامەوە و بێ بەڵگە نەیان هێشـت بچم بۆ عێراق، زۆر خەمبار بوو، وەک ئەوەی بەڵایەکی گەورەی بەســـەر هاتبێ، ئاخر کاکە ئەنوەر و ئەشـــرەف پێکەوە هاوڕێ بوون، لە منداڵییەوە پێکەوە

گەورە ببوون، لەو ســاڵانە ئەشــرەفی بە کۆڵی خۆی نەخۆشــخانە بە نەخۆشــخانەی ئێران گەڕاند، بە ڕۆژ و شــەو کاری دەکرد بۆ ئەوەی خەرجی عەمەڵی ئەشرەف پەیدا بکات، ئەگەرچی ئەشرەفی بە تەواوی بۆ چاک نەکرایەوە بەڵام پارەی دوازدە جار نەشتەرگەری کۆ کردەوە کە لەو سەردەمەدا پەیدا کردنی ئاوەها پارەیەک دژوار بوو، جگە لە پارە و خەرج و خۆشەویستییەکەی بۆ ئەشرەف، دەیزانی ئەشرەف ناتوانێ پێشمەرگایەتی بکات، ئەو پێویستی بە چاودێری پزشکی بوو و چەندین نەشتەرگەری تری مابوو، بە دڵێکی پڕەوە وتی ئاخۆ ئێستا حاڵی چۆن بێ، ئەو کاتانەش نە کۆمەڵە و نە هەرێمی کوردستان ئیمکاناتی ئاوایان نەبوو کە بتوانن دەرمان و پێداویستیە پزشکیەکانی ئەشرەف دابین بکەن.

بەهاری ئەوساڵ زوو جێی بە زستان لێژکرد، بەهاری کوردەواری دلڕفێنە، بە تایبەتی وەرزی نەورۆز و بووژانەوەی سروشت، لە کۆندا نەورۆز وەک جێژنێکی لۆکاڵی گیراوە، زیاتر بۆنەیەکی کلتووری هەبووە، ئەگەرچی لە هەندێک پێچ و خەمی مێژوودا و بە تایبەتی لە شۆڕشە یەک لە دوای یەکەکانی کورد لە هەر چوار بەشی کوردستاندا نەورۆز ڕۆژی بەگژداچوونەوە و هەڵسانەوە بووە، لە ڕۆژهەڵات بە تایبەتی پاش هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی نەورۆزی سنە لەگەڵ خوێن تێکەڵ بوو، نەورۆزی خوێناوی شاری سنە یەکێک لە ڕووداوە تاڵ و ناخۆشەکانی گەلی کوردە لە ڕۆژهەڵات و بە تایبەتی هەموو ساڵێک لەم وەرزەدا بۆ شاری سنە وەبیر هێنانەوەی ئەو ئاگر باران و جەنایەتانەی ڕژیمە، نەورۆزی ئەوساڵە بۆ ئێمە گەلێک تاڵ و ناخۆش بوو، هێشتا هیچ هەواڵێک لە ئەشرەف نەبوو، تەنیا ئەوە نەبێ

کەسێکی تەشکیلاتی نهێنی کۆمەڵە لە سنەوە خۆی گەیاندبووە ماڵی ئێمە و بە دایک و باوکمی وتبوو نیگەران مەبن ئەشرەف حاڵی باشە و لە کۆمەڵەدایە. هێشــتا هەموو کەس نەیزانیبوو، ئەوکات تێکنۆلۆژیای ئەم سەردەمە ئاوا نەبوو، جگە لە ماڵی خۆمان و ئەو کۆمەڵە خەڵکەی کە لە تاران لەو خانووە کرێکاریەدا دەژیان کەس ئاگادار نەبوو، ئێمە بۆ نەورۆز گەڕانیەوە بۆ قروچیا، بەڵام تەنانەت هێلکەش ڕەنگ نەکرا لە ماڵی ئێمەدا، ڕەســم وابوو منداڵان و هەندێک جاریش مێرمنداڵان بە شەوانە دەچوونە سەر بانی ماڵان و لە کوونی ماڵەکەوە پشتێنیان شۆڕ دەکردەوە، خاوەن ماڵیش هێلکەیکی ڕەنگ کراو یان بڕەپارەیەک، یان نووقڵێکی بۆ دەخســتنە ناو پشــتێندەکە و دەیگووت هەڵیکێشــن و نەورۆزتان پیرۆز، ئەو تازە لاوانەی دڵداریان هەبوو، یان ئەو جحێڵانەی دەزگیرانیان هەبوو، ئێواران بە جل و بەرگی کوردی جوانەوە بە بەر دەرگای ماڵی یاردا تێدەپەڕین و پشتێنەکەیان پێنیشان دەدا، شەوی نەورۆز دەچوونە سەر بانی ماڵەکە و پشتێنەکەیان شۆڕ دەکردەوە، ئیتر دڵدارەکەیان پشتێنەکەیان دەناسیەوە و شتی باشیان بۆ تێدەخست، جاری واش بوو نامەی خۆشەویستییان دەخستە تویی پشتێنەکە و گرێیان دەدا، ئەو شەوانە گەلێک خۆش بوون، هەندێک ماڵ دڵ ئاواڵا و شت بدە بوون، هەندێک ماڵیش هەبوون هەر سەرەو ئێوارە گڵۆپیان دەکوژاندەوە بۆ ئەوەی کەس نەچێتە سەربانەکەیان، ئێمەش دەچووین و بە بەرد لە شــووشــەی ماڵەکەمان دەدا و خاوەن ماڵ بە جنێودان دەکەوتە سەرمان، کەس کەسی نەدەناسی، هیچ کەسێک قسەی نەدەکرد، هەر ئەوەندەی پشــتێنەکەت لە کوونی ســەر بانکەوە شــۆڕ دەکردەوە و پیرۆزبایت دەکرد ئیتر خاوەن ماڵ خۆی و دڵفراوانییەکەی

شتی دەخستە تۆی پشتێنەکە، دەچووینە سەر بانی ماڵە پوور و مامۆ و خزم و کەس و کاری خۆمان، لەوێ خۆمان دەناساند بۆ ئەوەی پارەی باشمان پێبدەن، ئێمە لەگەڵ منداڵانی دیکە دەهاتینە سەر بانی خۆمان، دایکم پشتێنەکەی نەدەناسیەوە، شتی پێ دەداین، ماڵی ئێمە کەم داهات و هەژار بووین، بەڵام نان بدە و سینگ فراوان بووین، هەتاکوو نیوە شەو شتمان دەبەخشیەوە، بۆ بەیانی ڕۆژی نەورۆز پارەکانمان دەژمارد و تا یەک حەوتوو کەیفمان ساز بوو، ئاگری گەورەمان دەکردەوە، لە مانگێک پێش نەورۆزەوە هەموو منداڵانی گەڕەک وەخۆ دەکەوتین بۆ کۆکردنەوەی تەگەری کۆنی ماشَین، تەنانەت دەچووین لە دێهاتەکانی دەوروبەریش دەمانهێنا و بۆ شەوی نەورۆز هەمووومان دەخستنە سەر یەک و گڕمان تێبەر دەدا و بە دەوری ئاگرەکەدا دەستی یەکمان دەگرت و هەڵدەپەڕین، نەورۆزی ئەوساڵە کۆتا نەورۆزی خۆشییەکانی ماڵی ئێمە بوو، ئیتر لەو ساڵە بەم لاوە کۆبوونەوەی بنەماڵەی و هەڵپەڕکێی دەوری ئاگر کەوتە بەر پۆستاڵی دوژمن و لێیان حەرام کردین.

چەند ڕۆژێک دوای نەورۆز لە تارانەوە تەلەفوونیان بۆ کردین وتیان ئەشرەف گەڕاوەتەوە، ئەو ماوەیە لە کۆمەڵەدا بوو زۆریان هەوڵ دابوو بەڵکوو کارێکی بۆ بکەن، وەک ئەو کەسانەی کە ئێستاکە ماون و ئەو کات یان بەرپرس بوون یان هاودەورەی دەڵێن ئەشرەف یەکێک لە خۆشەویسترین کەسەکانی فێرگەی ئەوکاتە بووە، لە لایەن بەشی تەشکیلاتی نهێنیەوە بانگی دەکەن و پێی دەڵێن دەتوانی وەک ئەندامێکی تەشکیلاتی نەهێنی لەگەڵمان بی و هەروەها بەڵێنیان پێ دابوو بۆ عەمەڵ و هەر کارێک کە هەبوو یارمەتی دەری بن، ئیتر لە

سەر داوای خۆی گەڕایەوە، بەیانی زوو دوو ماشین هاتە بەر ماڵمان باوکم لەماڵ نەبوو، ئێمەش لە حەوشەدا دانیشتبووین، تەقەیان دا و کەسێک کە بە زبانی کوردی قسەی دەکرد، هاتە ژوورە و بە دایکمی ت ئەشرەف لە کوێیە، دایکم وتی لە شاری تارانە، وتی ئێمە فریو دەدەن، بە لەحنێکی توندەوە وتی دەزانین ڕۆیشتووە بۆ نێو زیدی ئینقلاب، دایکم وتی من ئاگادار نیم، کوڕی من ناساغە و لە ژێر چاودێری پزشکیدایە، ئەگەرچی بڕیار بوو بیبەین بۆ عێراق دەڵێن دوکتووری چاکی لێیە، کابرا هەندێک شل بۆوە، وتی زۆر باشە دەبێت تلفوونی بۆ بکەن لەم ڕۆژانە بگەڕێتەوە بۆ ئێرە و ئێمە بیبینین، پاش چەند حەوتوویەک بەڵگە پزشکیەکانیمان کۆکردەوە، کۆمەڵەش لە نەخۆشخانەی سلێمانی بەڵگەیەکی بۆ ناردین کە ئاماژەی بەوە دەکرد کە ئەشرەف لەو ڕێکەوتە بە مەبەستی چارەسەری پزشکی سەردانی کردووین، بڕێک جەریمەی بە قاچاخ تێپەراندنی سنووریان لێوەرگرتین و لە کۆڵمان بوونەوە، هەڵبەت ئێمە بە خەیاڵی خۆمان وامان زانی ئەوان بڕوایان کردوە.

هاوینان کە قوتابخانە دەبەسترا، ئەو چەند مانگە کاکم دەمانیبرد بۆ تاران بۆ لای خۆی، کاک ئەنوەرم لە تاران زۆر ناسراوو بوو، وەزعی ماڵی باش بوو و خەریک بوو خۆی دەگرت، ئاگای لە هەمووومان بوو و وەک بیلبیلەی چاوی دەمانی پاراست، نەیدەهێشت کەم و کۆریمان هەبێ، ئەو هاوینە جارێکی تر بووینەوە میوانی ئەو ژوورە کرێکاریەی کە لە ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی ڕۆژهەڵات دەچوو، هەموو تەیفێکی تێیدا دەژیان، من و ئەمجەدیش پێکەوە بووین، کاک ئەشرەفم سەرمەست لەوەی کە هەڵدەسووڕێ و خەڵک ڕێکدەخات، خۆی بە ئاو

و ئاگردا دەدا، شـــەو و ڕۆژی خســـتبووە ســـەریەک، هەر کوردێک لەو تارانەدا بژیابا بە بیانوویەکەوە ســـەردانی دەکرد، باســـی کوردایەتی و خەبات و پێشـــمەرگایەتی بۆ دەکردن، باســـی عداڵەتی کۆمەڵایەتی و نەهامەتیەکانی ئەو کرێکارە کوردانەی دەکرد کە لە شـــاری خۆیاندا کارگە و کارخانەیەکیان بۆ دروســـت ناکەن بۆیە بە ناچاری دەبێ بێن و لەم شـاره پڕ کێشـە و گرفتەدا بۆ کابرای سـەرمایەدار کار بکەن، بوونی ســـەرمەســـتی خەباتی و تێکۆشـــانی کاکم ئێمەشـــی گرتبۆوە، گوێم لە قســـەکانیان دەگرت و دەچووم بۆ هاوڕێ و هاوتەمەنەکانی خۆمم باس دەکرد، لەوێ بۆ جارێکی دیکە شـــارامم بینیەوە، پرســـیارم لێکرد ئەو شـــەوەی کە پۆلیســـەکان هاتنە بەر ماڵ و تۆیان لەگەڵ خۆیان برد بۆ چی تۆیـان برد و کەی ئـازاد کرای، بۆی بـاس کردم، بڕوای تەواووی پێکردبووم، وتی من پێشـــمەرگەی کۆمەڵە بووم و نزیک دوو ســـاڵە گەڕاومەتەوە، لە ڕووداوەکەی سـێی ڕەشـەمەی سـنە هەڵاتم و چەند ڕۆژێـک لە مـاڵی ئێوەدا بووین و دواتر هەڵاتین و هـاتین بۆ تـاران، برایەکی بچووکم ڕۆیشـــتووە بۆ نێو کۆمەڵە، ئیتلاعـات زانیویـانە و گومانیان لە من کردووە کە ڕەنگە من ئەوم ناردبێت، ئەو شـەوە هاتن بەدوامدا و تاکوو بەیانی لە ژێر لێپرســـینەوەدا بووم و پاشـــان زانیان دەستی منی تێیدا نەبووە ئازاد کرام.

پرسـیاری حیزبایەتی و شـۆڕش و کۆمەڵە و هەر چی لە مێشـکمدا هەبوو لێم پرسی، وتی وڵامت نادەمەوە جارێ دەبێ بخوێنیتەوە، چەند کتێبی پێدام، یەکێکیـان کتێبی کلیـدری مەحموودی دەوڵەت ئـابادی بوو، هێند قورس و گران بوو، من کتێب خوێن نەبووم، دەرسـخوێنێکی چاکیش نەبووم، بەڵام گوێگرێکی چاک بووم و زوو شـتم وەردەگرت، بە

تـایبەتی لەو مـاوەیەدا لەو کۆڕانەدا زۆر شـــت فێرببووم، دەمزانی سـۆسـیالیزم چیە، دەمزانی جیهانی بەرابەر کە باس دەکرێ چیە، دەمزانی چەوسـانەوە و زوڵم چلۆن بە سـیسـتەم دەکرێ، دەمزانی کوردایەتی دەبێ چۆن بکرێ، قازی موحەمەدی پێشـەوای لە سـێدارە دراوی کوردم دەناسی و زۆرم لە سەر خوێندبوویەوە، هەڵبەت خوێندنی کتێب نە، بە پرسـین و کونجکاوی خۆم، تا ڕادەیەک جیاوازیەکانی حیزبی دیموکرات و کۆمەڵەم دەزانی، بەڵام قەد دڵم نەدەهات لێکیان جودا بکەمەوە، ئەوەم دەبیست کە سنە شاری کۆمەڵەیە و مەهاباد شـاری دێموکراتە، بەڵام بەو حاڵەوە هێشـتا هەر دووک حیزبم خۆش دەویسـت، بەڵام زرووفی ژیـانی ئەو کـاتی ئێمە و بـاری قۆرسـی سـەرشـانمان جگە لە کورد بوون چەوسـانەوە و هەژاری و ئەو ستەمە سەرمایەدارییە بوو کە وەها خستبووینێ پەراوێزەوە کە لە مرۆڤ بوونی خۆمان بێزار دەبووین، هەڵبەت ڕۆڵی ئەو کەسانەی کە لە دەورووبەرمان بـوون گـریـنـگ بـوو، کە بەرەو چ هەڵـبـژاردەیەک بـڕۆیـن، بەڵام کوردایەتیشمان دەکرد، بە تایبەتی لەو سەروبەندەدا و لەو شارە پان و بەرینەدا کوردێکـت دەدی دڵـت پێی دەکرایەوە، ئەمجەد لە سـەر دەستی بە تاتۆ نووسیبووی، بژی کوردستان، ئەوە وەک پێناسەی کورد بوون لە هەر شـوێنێک دەسـتی دەر بکەوتایە دەمانیان ناسـیەوە، هەڵبەت لە نێو بەشـێک لەو کوردانەی کە هاتووچۆی ئێمەیان دەکرد نـاسـراو بووین، دەیـان زانی دژەحکوومەتین و کوردایەتی دەکەین، ئەمجەد لە دەبیرستان دەرسی دەخوێند، شاگردێکی نموونە و بەر چاو بوو، لە بەشـی ڕیازیدا(ماتماتیک) یەکەم بوو، لە ئاسـتی پارێزگای کوردسـتاندا وەک خوێندکاری سـێهەم خەڵات کرا، دەبیرسـتانی ئەو

کاتەی قروچیا تازە دامەزرابوو، مامۆسـتاکان و خوێندکارەکان بەشـێکی زۆریان تازە پێگەیشتبوون، خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی باو بوو، کوردایەتی کردن و دژایەتی سـیسـتەم پیرۆز بوو و هەر کەسـێک ئەو کارەی بکردبایە، وێڕای مەترسـییەکانی خۆشـەویسـت و جێ متمانە و ڕێزی خەڵـک بوو، بە شـــانـازیەوە ئێمە وەک بنەمـاڵە هەر زوو ئەو شانازیەمان بە نەسیب بوو...

شەوێک لەو شەوانەی پڕ باس و کۆبوونەوەی ئەو ژووره کرێکاریەی تـارانـدا، ئەمجەد منی بردە بەر دەرگـای بینـاکە و پێ وتم بەیـانی من دەچمەوە بۆ قروچیـا، دەبێ لەگەڵ کـاکم قســە بکەی بڕە پـارەێکم پێبدات، بەرەو وەرزی پاییز و کرانەوەی مەدرەســەکان دەچووین، بۆیە بڕوام پێکرد، وتم زۆر باشە ڕاوەستە پێکەوە دەچینەوە، وتی نەخێر من بە تەنیـا دەچم و کـارم هەیە، گۆمـانم لێکرد بەڵام بەو حـاڵەوە نەمدەویست بە قسەی نەکەم، لێم پرسی ئەگەر دەچی بۆ نێو کۆمەڵە ڕاوەستە پێکەوە بچین، وتی نەخێر من ناچم تۆیش کارت بەو قسانەوە نەبێت، من هەسـتم دەکرد سـەفەرێکی بە دەسـتەوەیە، بۆ بەیانی لەگەڵ کاکم قسـەم کرد، سـپە چەکێکی پەنجا هەزار تمەنی پێدام وتی بڕۆن جل وبەرگ وپێڵاو بۆ خۆتان بکڕن و پێکەوە بڕۆنەوە، خۆم ئێوارە دێم بە شـوێنتاندا و دەتانبەم بۆ ترمینالْ، بەڵام گۆشـاری ئەمجەد زیاتر و زیاتر دەبوو، لە شەقامی ڕەساڵەتی تاران ڕۆیشتینە سوپەر مارکتێکەوە بۆ ئەوەی ئەو پـارەیە ورد بکەینەوە و نیوەی بـدەم بە ئەمجەد و ئەو بڕواتەوە و نیوەشـی بۆ خۆم، لە نێو سـوپەرمارکێتەکەدا لە دەسـتی سـاندم و هەڵهات، بوو بە شـەڕمان و باوەشـمان بە یەکدا کرد، تووند یەکتریمان گرتبوو و بەرە و نێوە ڕاسـتی چوارڕێیانی مەیدانی ڕەسـاڵەت

یەکتریمان بەرنەدا، وەک دوو بێچووە ورچ هەستابووینە سەر دەست بۆ یەک و جل و بەرگی یەکترمان دڕاند، تەواووی شەقامەکە بەسترا، بە سەدان ماشین دەستیان لە سەر بۆقی ماشینەکانیان بوو، ئێمەش خەریکی شەری خۆمان بووین، وەک ئەوەی لە سەر بەشە میراتی ماڵ شەڕ بکەین، ئەو لە من گەورەتر بوو، دڵم نەدەهات زۆر توند دەستی لێ بوەشێنم، ئەویش بە هەمانشێوە دڵی نەدەهات، لە ناخی ئەو شەڕەدا لەگەڵ هەنیسکە هەنێسکی ئەو دوو زۆرانبازەدا، لەو گۆڕەپانە پان و بەرینەی شارێکی غەریبدا، دوو منداڵ وەک دەستی دایکم لێک هەڵپێکرابووین، بە دەیان کەس دەیان کێشاین بەم لاو بەو لا لەیەکتری جیا نەدەبووینەوە، هەستمان دەکرد ئەوە ئاخرین دیدارمانە، وا یەکمان لە ئامێز گرتبوو وەک ئەو شەوەی چەم شلێر کە بە گریانەوە لێکدابڕاین، گوێم لە دەنگە دەنگی دەووروبەرمانەوە بوو بە فارسی هاواریان دەکرد ول کنید، دانەیەک دەیگوت زنگ بزنید پولیس بیاد، لەو نێوەدا گوێم لە دانەێک بوو بە دەنگی بەرز وتی بزنیدشون اینها کرد هستند، لەوێدا بوو دەستم لە یەخەی ئەمجەد بەردا، نەک لە ترسی ئەوەی لێمان بدەن، بەڵکو لە بەر ئەوەی حەزم نەدەکرد ئێمەی براشەڕ بکەین و ئەو فارسانەش هەم لێمان بدەن و هەمیش پێ بکەنن، بەڵام ئەو دەستبەردانەی ئەمجەد وا دیار بوو بۆ هەتا هەتایی بوو، هەموو خزم و کەس و کار و باوکم وکاکم و بەشێک لە خزمان لە مەریوان تەواووی سنوورەکانیان گرت، ئەمجەدیان بۆ نەهاتەوە و پاش دوو ڕۆژ لە یەکدابڕان وەک مەلێک سەری خۆی هەڵبگرێ لە نێو قووڵایی دڵکە گەورەکەی کۆمەڵەدا نەیشتەوە...

ئەو ڕۆژانە گەلێک تاڵ دەگوزەرا، منیش بارو بنەم کۆکردەوە و بەرەو پاییز و کرانەوەی مەدرەســە و ڕۆیشــتنەوە بۆ ماڵ، بەڵام بێ ئەمجەد، هەر چەنـد ڕۆژ جـارێـک دایکم تلفوونی دەکرد و لێی دەپرســـین بۆ ناگەڕێنەوە، ســۆراغی ئەمجەدی دەپرســـی و هەر جارە و شـــتێکمان پێدەگوت، هەڵبەت ئەودایک بوو، دەیزانی و هەســتی کردبوو شــتێک ڕووی داوە، پێی وتم تا چەند ڕۆژیتر نەگەڕێنەوە دێن بە شـــوێنتاندا، بەڵام کاکم لەوێ بوون خەیاڵیان ئاســوودە بوو، لە بەر ئەوەی ئێمەیان بە ئەمانەت دابوویە دەسـتی کاکم، هەر بۆیە کاکم ڕۆیشـتبوو بۆ عێراق و پاش چەنـد ڕۆژێـک گەڕایەوە، وەلێ بە بێ ئەمجەد، هەموو هەوڵی خۆی خسـتە گەڕ بەڵام هیچ کاریگەری نەبوو، بڕیارە و دراوە، ئەشـرەف حەزی دەکرد، زوو زوو دەیگوت هیچ خەم مەخۆن و جێگە و شـــوێنی خۆشە، ئەو لەگەڵ کۆمەڵەدا لە پەیوەندیدا بوو، جارێکیان من ڕۆیشتم لەگەڵی لە یەکێک لە موخابراتەکانی تاران قســەی لەگەڵ کردن، ژمارە تەلەفوونێکی وڵاتی ســـوئێدی گرت، بەوەدا زانیم کە حێســـابمان کرد کـابرای خـاوەن موخـابرات وتی شـــمـارەی خـاریجتـان گرتووە، من زۆر خەمبار بووم، بەشـێکی لە بەر ڕۆیشـتنی ئەمجەد بوو، بەشـێکیشـی لە بەر ئەوەی کە بڕیـار بوو منیش بڕۆم و بە جێ مـابووم، ئەو ســـاڵانە گەرمەی ڕیفۆرمخوازانی ئێران بوو، جەوی تـاران هەنـدێـک کراوەتر بوو، بە جـل و بەرگی خەڵـک و بە تـایبەتی ژنـانـدا ئەوەت دەدی، بەڵام لە ڕووی ســیاســیەوە هیچ کرانەوەیەک نەک نەکرابوو بەڵکوو بگیر و بکوژ زۆرتر بوو، کە ئەمجەد ڕۆیشــتبوو بۆ پێشــمەرگایەتی هەســتێکم لە لا دروســت ببوو ســەیر، وەک ئەوەی شــۆڕش لە کاتی ســەرکەوتندایە، لەشــکەری دوژمن شــکاوە و هەر ئەوەندەی ماوە پاڵێکی پێیەو بنێی و

کەس نییە ئەو کارە بکات و هەموو کەس چاوەڕێ منە، منیش لە بەر ئەو چاوەڕوانیە دەبووایە کارێکم بکردبایە، هەر بۆیە بە شـــوێن ڕێگا دەگەڕام و کەسـێک ڕێنوێنیم بکات، ئەمجەد ڕۆیشـتبوو و نانی من وە ڕۆن کەوتبوو، هەرچێکم کردبا کەس قســەی تاڵی پێ نەدەگوتم، وەک شازادە دەژیام، هەموو ڕۆژێک کاکم دەهات بە شوێنمدا بۆ خۆشترین شوێنی شاری تارانی دەگەڕاندم، دەترسان منیش هەڵبێم، وەک ئەوەی ئەمجەدیان لە دەســت دابێ و دوو دەســتی بە منەوە چەســپابوون، ســاڵوەگەڕی ١٨ی تیر بوو و ئەو بەڵایەی ڕژیم هێنابوویە ســەر کووی دانشــگا، تا ئەو کات هیچم لێ نەدەزانی، کاک شــارام بە منی وت لەگەڵم دێی پێکەوە بڕۆین تا شـوێنێک و دەگەڕێینەوە، وتم بە چاوان و ڕێکەوتین، لە شـەقامی سـەعادەت ئاباد و لە نێوەڕاسـتی مەیدانی کاج وە بە هەزاران ژن و پیا بە نووسـینی پلاکارتەوە نەرم نەرم بە دروشـمی زندانی ســیاســی ئازاد دەبێ بکرێ، بەو هەورازەدا بەرەو بەر دەمی دەرگای بەندیخانەی ئەوین ڕێگایان دەپێوا، کاک شــارام چەندین هاورێی کوردی خوێنکاری هەبوو، بانگهێشــتیان کردبوو، هەوا بەرەو پاییز دەچوو بەو بیانووەوە هەر کەسە و شاڵ گەردەنێکی لە مل پێچابوو، کاک شــارام دەســتی گرتم و ڕۆیشــتینە نێوە ڕاســتی جەماوەرەکە، لەگەڵیاندا دروشمان دەگوتەوە، تا ئەو کاتە بەو شێوەیە بە دەنگی بەرز داوای شـتێکم نەکردبوو، هەسـتێکی خۆش بوو، وام هەسـت دەکرد هەموو کەســێک گوێ لە من دەگرن و دەنگی من تا بەرزترین بورج و تەلارە بەرزەکانی شــاری تاران دەڕوا، پڕ بە قوڕگ هاوارم دەکرد، جاری واش بوو لە ناخی خۆمدا خۆم بە نوێنەرێکی کوردســتان دانابوو کە هاتووە و دەنگی گەلی کوردی تێکەڵ بەو بنەماڵانە کردووە، ئەمجەدەم

لە بیر چووبوویەوە، هەستم دەکرد من پێشمەرگەم و چەک و ڕەختێکی جوانی شـەش مەغزەنیم بەسـتووە وبەرو ڕووخانی زیندانێک دەچم کە بە دەیان کوڕ و کچی کورد تێیدا بەندکراوە و تامەزرۆی ئازادین، لە نێو گەرمەی ئەو خەیـاڵانەدا بووم دەنگی تەقە چۆکی پێشـــکـانـدم، هەر کەسە وخۆی بە گۆشە و کەنارێکدا کرد، دروشمەکان توندتر دەبوونەوە، بەڵام کاک شـارام هێشـتا دەسـتی بەر نەدابووم، وەک فەرماندەیەکی مەیدانی شـەر کە بۆ یەکەم جار دەزانی پێشـمەرگەکەی بەر دەسـتی لە کەمینـدا ترســـاوە دەســـتی دەگرێ و دەڵێ هیچ نییە کەمین هەر ئەوەندەی ئەسـتەمە گولەی یەکەم نەتگرێ ئیتر خۆت دەرباز دەکەی، ڕەنگە کاک شـارام هەر لە بەر ئەوەی هێنابوومی کە بترسـم و پاشـگەز ببمەوە لە شۆڕش و خەبات، نا وا نەبوو ئاخر کاک شارام کاتێک کتێبی کلیدری پێدام و وتی بیخوێنەوە زانیم ئەگەر نەیویســـتبایە بە قەرەی شـــۆڕش و موبارزەدا نەڕۆم کلیدری پێ نەدەدام و نەیدەگوت ئەزانم بۆ تۆ قورســـە بەڵام هەر بیخوێنەوە، کلیدر دە جڵد بوو، خۆ من هەر فریا نەکەوتم هەمووی بخوێنمەوە هەر لە ســـەرەتـاوە زانیم بـاســـی بنەمـاڵەیەکی کوردی بە زۆر کۆچێنـدراو دەکـا و بـاســـی ئـاغـاواتی ســـەردەمانێکی لە ئێران دەکرد، من لەو بەر دەرگای زیندانی ئەوینەدا وەک مارڕاڵ ئەو کچە کوردەی نێو چیرۆکەکەی کلیـدر کە بە ســـواری ئەســـپەکەیەوە بەرەو بەر دەرگای زیندانی شـــار تاوی دەدا بۆ ئەوەی باوکی و خۆشـەویسـتەکەی لە زیندان لە ئامێز بگرێتەوە دەچووم.کاک شـارام دەسـتی گرتم و خۆمان بە نێو پۆلێک داری کەنار شـەقامەکەدا کرد و هەڵهـاتین، ئێمە و کەس لەو شـــەڕەی بەر زینـدانی ئەوین ســـەرنەکەوتین، نە ئەو باوک و دایک و بنەماڵانە توانیان کوڕەکانیان

ڕزگار بکەن، نە منیش ماڕاڵ ئاسـا توانیم خۆشـەویسـتێک مەلاقات بکەم، بەڵام بۆ من گەورەترین سەرکەوتن بوو، بۆ یەکەمجار لە نێو دڵی تاراندا، لە پەنای کۆشـکی هەموو سـەرداره شـکەسـت خواردووەکانی جەنگی ئێران وعێراقدا کە بە درۆ تەپڵی سـەرکەوتنیان لێدابوو، من هاواری خۆم گەیاند و پڕ بە گەروو وەک سـەفیرێکی کورد و کرێکارێکی وەرزی، پاش شـەڕ گەڕامەوە نێو بینا نیوە سـاز کراوەکەی جیهانی سـەرمایە و دەستم کردەوە بەخوێندنەوەی کلیدر و خۆ ئامادە کردن بۆ شەڕێکی تر...

بەیانی ڕۆژی هەینی بوو، ئەو بینایە دوازە تەبەقەیە هیچ کەسـێکی تێیدا نەبوو، هەموو کرێکارەکان ڕۆیشـتبوون بۆ حەمامی دەرەوە، نێو بیناکە سـارد و دەرەوە بە هۆی تیژە خۆرێکی پاییزیەوە گەرم بوو، بە پێپلەکانەکاندا سەر کەوتم بۆ سەر بانی بیناکە، نیو کاتژمێر خۆم لە بەر ئەو خۆرە هەڵخسـت، دەسـتم لە ژێر سـەرم دانابوو و بیرم لە پلانێک دەکردەوە کە چلۆن بڕۆم بۆ پێشـمەرگایەتی، ئەمجەد ڕۆیشـتبوو و منی بە جێهێشـتبوو، وەک مریشـکی سـەر بڕاو خۆم بە دار و دیواردا دەدا و پەلەقاژەم دەکرد، بیرم لە دایکم دەکردەوە ئاخۆ پاش ڕۆشـتنی ئێمە چ دەکا، بیرم لە باوکم دەکردەوە هەر دووک دەسـتی چەپ و ڕاسـتی لە بنەوە دادەکەون، بیرم دەکردەو و پەشـیمـان دەبوومەوە، بەڵام بۆ تـاوێکی تر بیرم لەوە دەکردەوە گەر من نەڕۆم کێ هەیە بەرگەی ئەم نەهـامەتیە بگرێ، بە سـەدان و هەزاران لاو بێکـار و داروخـابوون، پارێزگاری کوردسـتان کوردە خائینێکی ناو زڕاوبوو بە نێوی ڕەحیمی، یەکێک لە شـانازیەکانی ئەو بوو کە وتبووی لەو ماوەیەی من پارێزگارم چەکم لە شـانی سـەدان گەنج داماڵیوە و بە جێگای سـێخی مەوادی

موخەدرم داوەتە دەسـتیان، ڕاسـتی دەکرد ئەوە پرۆژەیەکی گەورەی ڕژیم بوو لەو سەردەمەدا، بە شێوەیەکی سیستماتیکی کاریان بۆ ئەوە دەکرد کە لاوانی کورد یان دەبێ ببن بە بەسـیج و خۆ فرۆش، یان بە شوێن مەوادی موخیدر بکەون، لەو ساڵانەدا هەر شوێنێکی کرێکاری دەچووی، یان کۆڕ و کۆبوونەوەیەکی کوردی دەرۆیشـتی باس باسـی مەوادی موخیدر بوو، دەیان کوڕە ئازای ئەو نیشـتمانە بە مەوادی موخیدر گیانیان لەدەسـت دا، لە پەنای ئەوەدا چینی هەژار و کەمداهاتی وڵاتی ئێران بە گشـتی و بە تایبەتی کوردسـتان ڕوو لە ڕووخان و چینی مامناوەند بەرەو هەڵکشـان دەچوو، سـەردەمی خۆشگوزەرانی و کۆکردنەوەی پارە بوو، ئیمکاناتێک هاتبووە نێو خەڵک ئەما بۆ گشـتی نەبوو و تەنیا کەمایەتیەک بەهەرەمەند بوون، ئەوەش بۆ لاوێکی تازە پەڕ و باڵ کردووی وەکوو من ڕەزایەتبەخش نەبوو، هەموو ئەوانە و دەیان گرفتی سیاسی و کۆمەڵایەتی مێشکی کاڵ و کرچی ئەوکاتەمی داگیر کردبوو، بۆیە خۆم ڕەها دەکرد و پێم وابوو دایک و باوکم منیان هێناوەتە ژیانەوە بۆ ئەوەی فریای ئەو خەڵکە بکەوم و هەرچی درەنگتر بجۆڵمەوە لەو کاروانە بە جێ دەمێنم. خۆری پاییز زۆر تیژە و ناتوانی خۆتی لە بەردا ڕاگری، هەستام بڕۆمە خوارەوە دەسـتم بۆ قوفڵی دەرگای سەر بانەکە برد، کە چی لە پشـتەوە قوفڵ کرابوو و لە دیوی سـەربانکەوە دەسـتگیرەی نەبوو، هەرچیکم کرد دەرگام بۆ نەکرایەوە، هاوار و بانگ کردنی خەڵکیش بە فریام نەدەکەوتن و کەس گوێی لێنەبوو، هەر کەسـی لێنەبوو، بڕیارمدا لە سەر بانەکەوە باز بدەمەوە نێو باڵکۆنی تەبەقەی خوارەوە، لە سەرەوە سەیری خوارەوەم دەکرد دەترسام هێندە بەرز بوو، بەڵام منێک کە بەو

مێشـــکە ئاڵۆزەوە ئۆقرە ناگرم تاکوو ئێوارە بەڵکو بگەڕێنەوە و درگام بۆ بکەنەوە، هەر دەبێ بفڕم و خۆم ڕزگـار بکەم نەکـا جێ بمێنم، هەر دووک دەستم بە لێواری سەر بانەکەوە گرت و قاچم بەر دایە خوارەوە، ســـەیرێکی خوارەوەم دەکرد زەوینێک لە ژێر پێمدا نەمابوو، نە ڕێگای گەڕانەوەم بۆ ســەر بانەکە مابوو و نە ترسـی دەسـتبەردان، هەر دووک دەســـتم خوێنی تێ تزابوو، چاوم بەســـت و خۆم ڕەها کرد، پاش دوو کاتژمێر چاوم کردەوە لە یەکێک لە نەخۆشـخانەکانی ئەو نزیکانە بووم، هەر دووک لاقم شـــکا بوو و لە گەچیان گرتبوو، دوکتوورەکە دەســـتی گرتم وتی (خدا بهت ڕحم کرد)...

بۆ ماوەی نزێک شـەش مانگ لە نێو جێگا کەوتم، هەر دووک لاقم لە گەچ گیرابوو، لەو ماوەیەدا بە قنگە خشـکە دەچووم بۆ ئاودەسـت و دەگەڕامەوە نێو جێگـاکەم، یەکێـک لە هـاوکـارەکـانی کـاک ئەنوەرم ماڵێکی پێدابووین کە شـــەوانە لەوێ دەماینەوە، بەڕۆژدا ئەشـــرەف دەچوو بۆ ســـەرکار و من بە تەنیا دەمامەوە، ڕۆژانێکی گەلێک تاڵ و دژوار بوو، لە لایەک ئەمجەد منی بە تەنیا جێهێشــتبوو و گەیشــتبووە کۆڕی یاران و ببوو بە پێشـــمەرگە، لە لاێکیترەوە بارودۆخی ژیانی ئەو ڕۆژانەم بە هۆی شـــکانی لاقەکانم زۆر ئازاری دەدام، هەموو ڕۆژێک لەگەڵ دایکم بە تەلفوونی قســـەم دەکرد، کـاکم بە دایـک و بـاوکمی وتبوو قەینـاکە با لێرە بمێنێتەوە ئـاگـامـان لێیـدەبێ نەکا بگەڕێتەوە بۆ کوردســـتان و بڕات بۆ پێشـــمەرگایەتی، لە پەنای ناخۆشـــیەکانی ئەو بـارودۆخەدا بەڵام ئەو ڕۆژانە وەک شـــا دەژیـام، زۆر ئـاگـایـان لێم بو،

هەرچێکم بویســـتبایە بۆمیان دەکڕی و بە گوێمیان دەکرد، بەڵام وەک زیندانی وابووم و نەمدەتوانی هاتووچۆ بکەم، لە بەر پەنجەرەی ماڵەوە سەیری نێو کۆڵانەکەم دەکرد و خۆم بە سەیرکردنی خەڵکەوە سەرقاڵ کردبوو، بە زەبتە سۆینیەکەم کاسێتی ناسر ڕەزازی و نەجەمی غۆڵامیم گوێ دەگرت و بۆ کۆڵانەکەم دەروانی کە هەرا و هەرا ســـاز بوو و پتر لە دە کوڕی لاو دابەش ببوون بە سەر دوو بەرەدا و بە چەقۆ و دار و زنجیر پەلاماری یەکتریان دەدا، منیش وەک دیدەبان ســـەیریانم دەکرد، کەس نەیدەوێرا نزیکیان بکەوێتەوە، تەواووی ئەو شـــەقامە لە خوێنی ئەو لاوانەدا ســـوور هەڵگەڕا، شـــەڕەکە بەردەوام بوو بۆ ماوەی کاتژمێرێک، دەیان ماشـــینی پولیس هاتن و بە هەزار گێرە و بگرە کۆتاییان بە شـەڕەکە هێنا، ئاگام لێبوو یەکێک لە پۆلیسـەکان دەستی بۆ من دەکێشـــا کە لە بەر پەنجەرەکەوە ســـەیرم دەکرد، بانگی کردم، وتی وەرە خوارەوە، منیش بە دەنگی بەرز وتم ناتوانم و لاقەکانم شـــکاون، دوو کەســـیان هاتن بۆ بەر ماڵەکە و وتیان دەرگاکە بکەوە چەند پرسـیارمان هەیە، منیش زۆر ترسـام، وتم نەکا دەرگا بکەمەوە و ئە پۆلیسـانە بێنە ژوورەوە و کاکم شـتێکی شـاردبێتەوە وتووشـی کێشـە بین، وتم جەناب ســـەروان من منداڵم و کاکم لە ماڵ نیە و دەرگاکەی لە سـەر منیش داخســـتووە، بە تۆڕەییەوە وتی مەگەر زیندانە، ئێســـتا دێن و دەرگـاکە دەشـــکێنین، هەموو پۆلیســـەکـان لەگەڵ ئەو لاوە شەڕکەرانەدا ڕۆیشتبوون، تەنیا ئەو ماشینەی کە ئەم دوو پۆلیسەی لێ مابوونەوە، هیچ وتم فەرموون و ترســـام دەرگاکە بشـــکێنن بە قنگە خشـــکە خۆم گەیاندە دەرگاکە و بۆم کردنەوە، یەکێکیان زۆر مێهرەبان بوو و دەستی خستە ژێر باڵم و هەتا نێو جێگاکەم هێنامی، وتی تۆ لەو

بەر پەنجەرەوە بۆی چیـت بینوە بە وردی بۆمـان بـاس بکە، منیش کەوتمە قسـە کردن، فارسـیم زۆر چاک نەدەزانی، یەکێکیان وتی بەوی تر ئەی خۆ ئەمە هاوشــارییتە، یەکێک لە پۆلیســەکان کوردی خەڵکی تکاب بوو، بە کوردی قســەمان کرد، لە چاو خشــانێکدا بە ژوورەکەمدا نەواری کاســێتەکانی ناســری ڕەزازی بینی کە بە کاغەزێک بە ســەر نەوارەکەدا نووسرابوو، بە کوردی بە بێ ئەوی ئەوی تر تێبگات وتی ئەو نەوارانەش لاببە، ئێرە تـارانە و ئێمەی کورد دەبێ زۆر ئـاگامان لەیەک بێ، کۆمەڵێک پرســیاریان کرد و ڕۆیشــتن، ئێوارە کاکم هاتەوە بۆم گێڕاوە کە چی ڕوویـداوە، لێم توڕە بوو کە بۆ دەرگـام کردۆتەوە، لەو قسـانەدا بووین زەنگی دەرگاکە لێدرا، فەرموومان کرد کابرای پۆلیســی خەڵکی تکاب بوو، بڕێک میوە و شــتی لەگەڵ خۆی هێنابوو و هاتەوە، بە کاکمی وت دڵم نەهات ســەردان نەکەم و پێم خۆش بوو لەگەڵتان ڕەفـاقەت و هـاتووچۆم هەبێ، بە زاهێر زۆر نەرم و نیان و ڕوو خۆش و پیاو چاک بوو، لەو چەند مانگەدا جارو بارە هاتووچۆی دەکردین، دواتر بۆمـان دەرکەوت کـابرا لە لایەن ئیتلاعـاتەوە نـادراوە، هەموو ئەو زانیاریانەشــی لە ســەر خۆی کە خەڵکی تکابە و ناوی فڵانە بە هەڵە دابوو، ئەو ڕۆژە کە نەوارەکەی ناسر ڕەزازی بینیبوو و پاشان گەڕابۆیەوە ســازمان درابوو بۆ ئەوەی چاودێری ئێمە بکات، هەڵبەت ڕاســت و دروســتی بۆ من دەر نەکەوت، بەڵام ئەشــرەف زۆر بۆ ئەوانە تیژ بوو کەسـی خسـتبووە شـوێنی کە هاتووچۆی بنکەی ئیتلاعاتی لە چەندین شـەقامی ئەو لاتردەکرد، ئێمەش بە ناچار ئەوماڵەمان جێهێشـت و بۆ شـوێنێکی تر گواسـتمانەوە، ئەو ماوەیە زۆر شـت فێر بووم، خۆپاراسـتن

و نەهێنی کـاری و چۆنیەتی دەم پـارێزی و ئەو شـــتـانەم لە کـاکم و هاوڕێیانی فێر بووم.

ورده ورده لاقەکانم خۆیان دەگرتەوە و دەمتوانی وەک منداڵی تازە پێگرتوو بچم بە ڕێگادا، پەلەم بوو زوو چاک ببمەوە و یەکســەر بڕۆم بۆ پێشمەرگایەتی.

زسـتانی ئەو سـاڵەم بە پێی شـکاوی گوزەراند و کەوتمەوە سـەرپێ، وەک بێچوە هەڵۆێـک کە خەریکە بـاڵەوازە بێ و بفڕێ بەرەو لووتکە، بەرەبەیانێکی زوو بە شەلە شەل ماڵم بە جێهێشت و جانتای سەفەرم کرده شـان بە مەبەسـتی ڕۆیشـتن بۆ پێشـمەرگایەتی، بەڵام پێش ئەوە وتم با ســـەردانێکی دایکم بکەم و بۆ دوا جار ببینم و لەوێیەوە بڕۆم، پـاش چەنـدین مـانـگ گەیشـــتمەوە مـاڵی خۆمـان بڕە پـارەێکم بوو هەموویم دا بە دیاری و لەگەڵ خۆم بۆ دایک وباوکم و خۆشـــکەکانم بردەوە، پاش ئەو چەند مانگە لە ڕۆیشتنی ئەمجەد دایکمم بینیەوە لە ئامێزی گرتم و توند توند گوشـــیمی بە خۆیەوە و لە پرمەی گریانیدا، وتی بە چنگ و ددان لەگەڵ باوکت ئێوەمان پێگەیاندووە، ئێســـتا کە گەوره بوون حەق نیە بە جێمـان بهێڵن، چـاوێکم لە بـاوکم کرد وەک منداڵ دەگریا و بیانووی دەگرت، هەســـتم کرد پیر بووە، ڕۆیشـــتنی ئەمجەد زۆر کـاری تێکردبوون، هەموو هەوڵیـان ئەوە بوو من ڕاگرن، دەیـانزانی منیش دەچم، چەنـد حەوتوویەک مـامەوە و بە شـــوێن کەســـێکدا دەگەڕام بۆ ئەوەی بمباتە مەریوان و لەوێڕا بۆ ســـنوور و بۆ دیوی عێراق، هەموو ئەو کەسانەی کە لە سنە و دەروربەری دەمناسین و هـاوڕێی کـاکم بوون بە ســـەر کردەوە، داوام لێکردن کە بمنێرن،

یەکێک لەو هاوڕێیانەی سـنەم دیتەوە، کوتی من لەگەڵ کۆمەڵە قسـە دەکەم و بەوان دەڵێم کە ڕەفیق دەنێرم ئەگەر پەســـەندیان کرد خۆم دەتبەمە مەریوان و لەوێوە دەتنێرم بۆ سنوور، پاش چەند ڕۆژ گەڕایەوە بۆ لام و وتی لەگەڵ کۆمەڵە قســـەم کردووە، وتوویانە چاوەڕێ بکات ئـاگـاداری دەکەینەوە، ئەو هـاوڕێیە پێشــنیـاری پێکردم کە وەکوو ئەندامێکی ڕێکخســـتن چالاکی بکەم تاکوو وڵامت بۆ دەنێرن، تا ئەو کاتە نەمدەزانی کە دەبێ بڕۆیتە نێو حەوزەێکی تەشــکیلاتی و چالاکی بە کۆمەڵ بکەی، لەو ساڵانەی پێش ئەوە خۆڕسک و لە پەنای کاکم و هـاوڕێیـانی دیکەدا کوردایەتیمـان دەکرد و دژایەتی ڕژیم و هەواداری سـیاسـەتم کردبوو، بەڵام لەو ڕۆژە بەم لاوە ئیتر وەکوو کەسـێک کە بە قســـەی ئەو هـاوڕێیەم نێوم دراوە بە کۆمەڵە و لە حەوزەی حیزبیـدا هەڵدەسوڕێم، دڵخۆش و سەرمەستی کار و چالاکی بووین، بە تایبەتی لە بۆنەکاندا بە ســـەر شـــاخەکانەوە ئاگرمان دەکردەوە، یان لاوان و هاوڕێیانی خۆم هاندەدا کە خەباتکار و شـۆرشـگێر بن، شـەوێک چوار کەس بووین، بڕیارماندا کە سـەرجەمی دار و دیواری ئاوایی بە سـپرای دروشـم بنووسـین، هەر لە سـەروبەندی ئێوارە دەسـتمان پێکرد و دارو دیواری ئاوایی و جادەکانی چەندین ئاوایی دێەکەمان بە نووســـینی دروشـــم شـــۆرشـــگێران و دژی کۆماری ئیســـلامی ئێران ڕازاندەوە، کارەکەمان تەواو بوو و گەڕاینەوە ماڵ باوکم لە حەوشەدا بوو، درەنگانی شـــەو بوو وتی ڕۆڵە لە مزگەوت باســـیان کردووە و دەزانن کە جگە لە کوڕەکانی من نەبێ هیچ کەسـێک ئەو کارە ناکات، دەتگرن و تووشــی بەڵایەکت دەکەن، زۆر پاڕاوە لێم کە ئەو کارانە ئەنجام نەدەم، وتی تۆ تـازە پێـدەگەی و ڕامین و ئەفشـــین منـداڵن و چـاو لە تۆ دەکەن،

کوردایەتی هەر ئەوە نییە دروشم بنووسی، هەڵسووکەوتی دروست و جل وبەرگی کوردی و بە کۆمەڵێک هەڵسووکەوتی جوان و باش دەتوانی نیشـــانی بدەی و ببیتە نموونە بۆ هاوڕێیانت، باوکم قەت بە توندی دژایەتی نەدەکردین، هەمیشە هانی دەداین کە ڕەوشێکی دروست و بێ مەترسی بگرینە بەر، بۆ چەند ڕۆژی تر باوکم دەستیِ جل و بەرگی کوردی جوانی بۆ کڕیبووم، هێنای و لە بەرم کرد زۆر جوان بوو، ئەوە یەکەم جارم بوو جل و بەرگی کوردی بە پشـــتوێنەوە لە بەر بکەم، ئیتر بۆ بەیانی ڕۆژ کوردایەتیم دەکرد بە جل و بەرگەوە، ئێوارەیەک بانگیان کردم بۆ شـــوێنێک، چەندین هاوڕێی خۆم و دوو کەســـی تر خەڵکی دیواندەرەی لێبوون، دەست کرا بە قسەکردن لە سەر چۆنیەتی خەبات کردن، یەکێک لەو هاوڕێیانەی دیواندەرە زۆر بە ئەزموون و زۆریش خوێندەوار بوو، دەستی کرد بە قسە کردن، کوتی خەبات و موبارزە بە جل و بەرگ نییە، ئەوە بەشێکی بچووکە لە خەباتی ئێمە، ئەرکی ئێمە نەک ڕووخانی کۆماری ئیســـلامی بەڵکوو ڕزگار کردنی هەموو مرۆڤایەتییە لە ژێر چەپۆکی ســـەرمایەداران، دەوڵەمەندانی کوردیش بەشـــێکن لەم زووڵمە، ئەوانیش دەبێت بکەونە بەر دژایەتی ئێمە و خەڵکیان لێ هان بدەین کە چیتر زوڵم لە کرێکار و زەحمەتکێشـــی کورد نەکەن، ئەو باســـە زۆر پێچەوانەی ئامۆژگارییەکانی باوکم بوو، زۆریش قورس بوو، بەڵام زۆر کاریگەری لە ســـەرم هەبوو، پاش ئەوە گەڕامەوە بۆ ماڵ جل و بەرگە کوردیەکەم لە بەرداکەند، باوکم وتی بۆ لە بەری ناکەی، وتم موبارزە تەنها کوردایەتی نییە، گرینگ نییە چی لە بەرمدا بێ گرینگ ئەوەیە لە ناخەوە دژی زۆرداری بۆەســـتینەوە، ئەو باسانە لە ماڵی ئێمەدا بە سەرو پێ شکاوی دەکرا، باوکم باسی زووڵم

و زۆری ئـاغـاوات و خـاوەن زەوویـنەکـانی دەکرد کە چلۆن فەلایـان چەوســاندۆتەوە، ســەرچاوەی خوێندنەوە بۆ ئەو زوڵم و ناعەداڵەتییانە کتێب نەبوو، ماڵی ئێمە و دەستی قڵیشاوی باوکم و سفرە خاڵی و دار و دیوارەکانی ماڵ هاواریان دەکرد کە ئەم ژیانە نادادپەروە، ژیانێک کە چینێک ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ هەژارتر و چینێکیش جێژنی ملیاردیان دەگرت، ئەو باروودۆخە هێندە ئاســان دەچوونە مێشــکەوە و ئازاری دەدای کە تەنیا وادەی دونیایەکی تر ئارامی پێدەبەخشـــی، ئەو دونیایەش یان بەهەشت بوو، یان سۆسیالیزم کە بە زمانی ئەو کات تەنیا بە بەرابەری لێی تێگەیشـتبووین، قیاسـی ئێمە لەگەڵ دەوڵەمەندانێک کە کوتووپڕ وەک قارچ هەڵتۆقیبوون و کەس نەیدەزانی لە پڕ ئەو هەموو سروەت و ســـامانەیان لە کوێ کۆکردبوویەوە، ئێمەی منداڵی هەژار و فەقیر کە ڕۆژ تاکوو ئێوارە بە حەســرەتەوە دەژیاین بێشــک ئەو بارە قورســەی ســەرشــانمان کە مێشــکمانیشــی داگیر کردبوو بە تەنیا گرتنە بەری ڕێگای پێشـمەرگایەتی و خەباتی سـیاسـی بوو لە سـەر شـانی سـووک دەکردین.

چەند مانگێک لە ماڵی خۆمان مامەوە، بەڵام ڕۆژ و شــەو خەریکی هەڵسـوڕانی سـیاسـی بە عەقڵ و تێگەیشـتی ئەو سـەردەمە بووین، دۆخی سـیاسـی هەموو ماڵی ئێمەی داگیر کردبوو، تاکە ماڵێک بووین بە چروپری دژی خۆفرۆشـــی و ئەو کەســـانەی کە لەگەڵ ڕژیم بوون وەســـتاینەوە، بێترس و بە ئاشـــکرا دژی دەوڵەت بووین، ئەفشـــین و ڕامین کە ئەو کاتانە زۆر منداڵ بوون ئەوانیش بە جۆرێک بەشـــداری ئەو باسـانەی ماڵەوەمان بوون، دایکم هەمیشـە دەترسـا، دیگوت کوڕە گەورەکانم تازە بۆنابنەوە با فریای ئەم دوو منداڵەم واتا ئەفشـــین و

ڕامین بکەوم، هەموو ڕۆژێـک ئیتلاعـات بە بیـانووگەلی جۆراوجۆر دەهـاتن و بـاوکمیـان دەبرد و پـاش چەنـد کـاتژمێریـک لێکۆڵینەوە دەهاتەوە، گۆشـــارێکیان خســـتبووە ســـەر ماڵمان بۆ ئەوەی ئەمجەد بگەڕێنینەوە، پاش شـــەش مانگ لە ڕۆیشـــتنی ئەمجەد، دایکم وتی دەچم بە شـوێنیدا، باوکم بە هۆی کاری کشـت و کاڵەوە و کاری ماڵەوە نەیتوانی بچێت، من زۆرم فشار هێنا بۆ دایکم کە من لەگەڵت دێم، لە ڕاســـتیدا بە فورســـەتم زانی کە لەگەڵ دایکم بڕۆم و لەوێ بمێنمەوە، بەڵام ئەوان گومانیان لە من بوو و دوو دەســـتی ئاگایان لێم بوو، هەر زوو داواکەمیان ڕەت کردەوە و باوکم نەیهێشـــت لەگەڵ دایکم بچم، بۆیە بریاردرا کە دایکم بە تەنیا بڕوات، ڕامین ئەوکاتە زۆر منداڵ بوو و تـاقە یەک شـــەویش بە بێ دایکم نەیـدەتوانی هەڵبکـات، هەر بۆیە دایکم وتی ڕامین لەگەڵ خۆم دەبەم.

بۆ بەیـانی دایکم و ڕامین ســـاز بوون و خزم و کەس لە ســـنە و مەریوانەوە بەڕێیـانیـان کرد، پـاش دە ڕۆژێـک دایکم گەڕایەوە بەبێ ئەمجەد، دایکم هیچ شتێکی باس نەدەکرد و تەنیا ئەوەی باس دەکرد کە زۆرم ئیســـرار کردووە کە ئەمجەد بهێنمەوە بەڵام بە قســـەی نەکردووم و ئاموزشـــی تەواوو کردووە و بووە بە پێشـــمەرگە، لەو ڕۆژانە تـاکە ســـەرچاوەی زانیاری ڕامین بوو، بەو منداڵییەی خۆیەوە هەرچی دیبوو لەلای من دەیگێڕایەوە، دواتر زانیم کە ئەو مـاوەیە لە نێو پێشـــمەرگەکاندا زۆریان خۆش ویســـتووە و دەســـتێ جل و بەرگی پێشـــمەرگانەی بچووکیان پێدابوو، لەو ســـەفەرە بەو لاوە ڕامین وەک پێشمەرگە هەڵسوکەوتی دەکرد، هەرچی دایک و باوکم هەوڵیان دەدا کە قسـە نەگێڕێتەوە بەڵام خۆی پێ نەدەگیرا و لە نێو دۆسـت و خزم و

به تایبەتی لە نێو قوتابخانەدا لەگەڵ هاوپۆلەکانی باســی پێشــمەرگەی کردبوو، هێندە قســەی کردبوو بەشـێک لە ماموسـتاکانی قوتابخانە کە خزمی خۆمان بوون بە باوکمیان وتبوو کە نەســـیحەتی بکەن با ئەو قسانە نەگێرێتەوە، دەنا تووشی گرفتی دەکەن و لە قوتابخانەش دەری دەکەن، هەموو شـــتێکی بۆم باس کرد، چۆنیەتی ڕێگای ڕۆیشـــتن بۆ عێراق و کەش و هەوای ئەو کـاتی پێشـــمەرگـایەتی و چـاوپێکەوتنی ئەمجەد و هـاوڕێیـانی بۆ گێڕامەوە، وەک ســـەرچـاوەیەکی بـاش زانیـارییەکـانم لێوەرگرت و زانیم ئیتر چۆن بڕۆم و مەقەڕی کۆمەڵە لە کوێیە و دەبێ چی بکەم.

بۆ ڕۆژی دواتر ماڵاواییم لە دایکم کرد و وتم دەچم بۆ ماڵی کاکم لە تـاران، هەر واشـــم کرد گەڕامەوە تـاران و پۆلێـک لە هـاوڕێیـانی خۆم بانگهێشـت کرد و جل و بەرگی سـەفەرمان کڕی و لە ترمیناڵی تارانەوە بە گریـان و شـــیوەنی هـاوڕێیـانم مـاڵاوایم لێکردن و ئەو ڕێگـایەی کە ڕێگـای عەشـــق و ئەوین بوو گرتمە بەر و پاش چەند ڕۆژ بە هاوکاری خزمانی سنە و مەریوان گەیشتمە کۆڕی هاوڕێیان و بووم بە پێشمەرگە.

## فڕین بە شەودا !

بۆ ئامانجی ڕۆژی ڕووناک

کۆری یاران گەرم بوو، بۆ تازە لاوێکی کرچ و کاڵی دڵ پڕ لە هیوا ئەگەرچی دەســـتبەردان و جیابوونەوە لە ئامێزی دایکم و بنەماڵەم ئەزموونێکی نوێ و قۆناغێکی تازە و دژوار و گران و دڵگیر بوو، بەڵام ڕقێکی پەنگ خواردوو ناخی تەنیبووم و هەست بە بەرپرسایەتی کردن تا ئەو ڕادەیە قورسیایی کردبۆ سەر شانم کە پێویستم بە ئەژنۆیەکی بەهێز بوو بۆ بڕینی ئەو ڕێگایە، هەتا چەند مانگ هەموو شـــەوێک دایکم دەهاتە خەونم و تێر تێر لە باوەشـــیدا دەگریام و دەگریا، ئەو خەونانەی شـــەوانەم تا دەهات کەم ڕەنگ و لێڵ و لە بەرچاوم کاڵ دەبوونەوە، هەستم بە سەربەستی دەکرد، تامی ئەو سەربەستییە خەونی شەوانەی لە دایکەوە بۆ نیشتمان و سنوور و نەتەوەو و ڕزگاری و داگیرکەر و چەک و شـــەڕ و پارتیزانی و دەیان و ســـەدانی بابەتی لەو شـــێوە گۆڕی، ئیتر حەزم نەدەکرد دایکم بێتە خەونم، نەکا بگری و کاریگەریم لە ســـەر دابنێت، دایک ببوو بە نیشـــتمان و باوک ببوو بە

نەتەوە و برا ببوو بە سەنگەر و خۆشک ببوو بە سەربەستی و زێد، باڵام لەگەڵ شـــاخەکانی کوردســـتان بەرز و بەرزتر دەبوو، پاش دوو ســـاڵ گەڕانەوەم بۆ نیشتمان و ناوچەی خۆمان بۆ ئەرکێکی تەشکیلاتی، ئەوە یەکەم ئەزموونم بوو، کە گەیشـــتمە ســـەر ســـنووری ڕۆژهەڵات وەک مەلێک بەرەو گەرمەسێر بفڕێ پەلەم بوو، پەلەی دیداری خاک و شـار و گوند و دارو بەردی وڵاتم بوو، پەلەی دیداری خەڵک و ئەنجامدانی کار و یەکەم ئەرکی پێشـمەرگایەتیم بوو، وەها هەسـتم بە گەورەبوونم دەکرد، وێڕای ئەوەی کە بێ ترس و دڵەڕاوکێ پشـــتم بە چەک و ڕەختەکەم قایم بوو، لە دڵی خۆمدا حیســـابی فیشـــەکەکانم دەکرد، دەمژماردن و یەک دانەم لە گیرفانی پاتوڵەکەم خســـتبوو گەر کەوتمە شـەڕەوە و فیشـەکەم پێ نەما ئەو ئاخرین گولەم پێ و کۆتایی بە خۆم بێنم و بۆ ئەوەی بە زیندوویی نەکەوەمە دەستی دوژمن، لەگەڵ دەنگە دەنگی پێی کاروانە قاچاخ و خشـــە خشـــی پێی کۆڵبەراندا ســـنووری دەستکردم بڕی و گەیشتمە بناری زرێبار...

زرێبار و بەهاری بەهەشـتی کوردەواری، مەریوان و نێوی کاک فوئاد دوو وشـەی دانەبڕاوی مێشـکی من بوون و هەن، تا ئەو کاتە هێشـتا زرێبارم نەدیبوو، تاکوو پێش ئەوەی بێم بۆ پێشـــمەرگایەتی لە نزیک زرێبـارەوە تێپەڕیبووم بەڵام قەد لەو بڕوایەدا نەبووم کە ڕۆژێـک لە تەنیشـت زرێباردا وەک پێشـمەرگەیێک لە دەمەو بەیانێکدا سـەیری ئەو دیمەن و ســـرووشـــتە جوانە بکەم، هەڵبەت دواتر بە دەیان جار بە پێشـــمەرگایەتی لە نزیک زرێبار و شـــاری مەریوان و ئەو ناوچەیەدا تـێپەڕیـم و مەریـوان وەک مـاڵە بـاوان لە هەر نـاوچەیەکـی تـرەوە بگەڕاینەوە ســـەرێکمـان لێـدەدا، لە نێو خەیـاڵی جوانی زرێبـاردا بووم

کەسێک لە پشتەوە باوەشی پێیدا کردم هەڵگەڕامەوە دوو کەس، دوو ئـازیزم، دوو هـاوڕێـی گیـانی و دوو خۆنەویسـت و تێکۆشـەر، گیانبەختکردووان حامید و بێهزاد بوون، وتیان مەوێسن لێرە شلوقە و دەبێ ڕێبکەوین، دیداری ئەو دوو ئازیزەم پاش ساڵانێک زۆر خۆشحاڵی کردم، پڕ بوون لە ورە، نەترس و سـەرکەش، سـڵیـان لە هیچ نەدەکردەوە، حیسـابیان بۆ داگیرکەر نەدەکرد، پڕ ئیمکان و پۆختە و بە ئەزموون، کوون و کەلە بەری ڕێگا قاچاخەکانی شـار و دێهاتەکانی مەریوان و سـنەیان دەزانی، دەیان و سـەدان ناسـیاو هاوڕێی جێی متمانەیان هەبوو کە دیار بوو هەموویان ئاگاهانە بۆ ڕۆژانێکی وەها ساز کردبوو، شەوێک لە مەریوانماینەوە و پاشان بەرەو شاری سنە وەڕێ کەوتین، پاش ئەو دوو سـاڵە گەلێک شـت گۆڕدرابوو، یان من وام هەست دەکرد، گەیشتینە نێو شاری سنە هەستێکی تایبەتیم هەبوو، هەسـتم دەکرد وەک پێشـمەرگەیەکی گوردانی شـوان بۆ تۆڵەی ئەو قارەمانانە گەڕاومەتەوە، تا ئەو کاتە سنەم بەو چاوەوە سەیر نەکردبوو، لە ماوەی ئەو دوو سـاڵەدا زۆر چیرۆکم بیسـت، زۆر شـتم خوێندەوە، گەلێک کەسایەتی و فەرماندە و تێکۆشەری دێرینم بینیبوو کە دەیان و سەدان چیرۆکی خۆڕاگری شاری سنەیان پێی ئاشنا کردبووم، کۆڵان و گەڕەکەکانی شـاری سـنە هەمووی گەڕاین، ڕۆیشـتنە بەر ماڵی کاک شـوعەیبی زەکەریایی و کۆڵانی دەیان گیانبەختکردووی ناوداری ئەو شـارە، تێر تێر گەڕام و بە چاوی پێشـمەرگانەوە سـەیری شـەقام و کۆڵانەکانی شـارم کرد، حامیدیش بە غروورەوە باسـی نەوەی تازەی خەباتکاری شاری بۆ دەکردم کە چیان کردووە و بە تەمان چیبکەن، بە

دەم گەڕان و قســەوە شــارمان بە جێهێشــت بەرەو ناوچەی لەیلاخ و زێدی لە دایک بوونم..

شـەو گەیشـتینە نێو دار و باخ و دەشـت و مەزرای خۆمان، خۆم پێ ڕانەگیرا و فرمێســـک تک تک لە چاوم وەک ئەو جۆگەلە بچووکەی سەردەمی منداڵیم شۆڕ بوویەوە بە دەم و چاومدا هاتە خوارەوە، بێهزاد دەســـتی گوشـــیم، وتی دەزانم دژوارە بەڵام دەبێ قایم بی و نەهێڵی بیری ڕابردوو هەنگاوەکانی داهاتووت شـــل بکاتەوە، خۆم کۆکردەوە و فرمێســـکەکانم ســـڕی، وتم ئێوە بڕۆن و من بە تەنیا جێ بهێڵن من چەنـد ڕۆژێـک لەم نـاوچەیەدا دەمێنمەوە کـارو بـارەکـانم تەواوو کرد ئـاگـادارتـان دەکەم بگەڕێنەوە بە شـــوێنمـدا، لە بەر ئەوەی ئێوە کـارو کەســـابەت دەکەن و ئەگەر لە بەر چاو نەبن ڕژێم گومان دەکات و بۆ ئێوە و بۆ منیش باش نییە، ئەوان ڕۆیشتن و من بە تەنیا مامەوە، سەر لە بەیانییەک بوو لە نێو پولێک داری چڕدا خۆم حەشـــاردابوو، خەریک بوو خەوم لێبکەوێ و دڵم نەدەهات، دارو بەرد و باخ و گوڵ و گیای ئەو ناوە هەمووی ئاشنا بوون و دەمناسین، دارە نەمامە بچووکەکان گەورە ببوون، گوڵەباخییەکان بێناز کەوتبوون هەوای زستانی سیسی کردبوون و ڕۆیشـــتبوونە خەونی زســـتانیەوە، خۆم گلۆڵە کردبوو و لە تاو ســـەرما دەلەرزیم و چاوەڕێ هەڵهاتنی خۆر بووم تـاکوو تینێکم وەبەر بێنێتەوە، دەشـــت و دەری ئەو ناوە بە زســـتاندا چۆڵە و کەس هاتووچۆ ناکات، منیش بە نیاز بووم ڕۆژم لێبێتەوە خۆم بگەێنمە شـوێنێک و تەلەفوون بکەم بۆ کەسـێک، کە ڕۆژ داهات و خۆر هەڵهات، بە پێی بەرەو ئاوایی شـــاوانی کە نزیکە بە ئاوایی قروچیاوە وەڕێکەوتم، نەمدەوێرا بڕۆم بۆ قروچیا، لە بەر ئەوەی هەم ســـپا و هەم پاســـگای تێیدایە، وام بڕیاردا

سـەرەتا بڕۆمە ئاوایی شـاوانی کە بچووکترە و لەوێ تەلەفوون بکەم بۆ ئەو کەسـەی کە بریار بوو بێت بە شـوێنمدا، کە نزیک ئاوایی بوومەوە چەک و ڕەختەکەم خسـتە نێو تەلیسـێک و کۆتێکی گەورەم لە بەردا بوو کە کڵاوی هەبوو لە سەرم کردبوو و نزێک ئاوایی بوومەوە لە دەرگای یەکەم ماڵم دا و پرسـیارم کرد کە ئێرە موخابەراتی هەییە، ژنێکی پیر هـات بە دەمەوە وتی نەخێر ئێرە موخـابراتی نییە، بوچیتە ڕۆڵە بەم زسـتانە خەڵکی کوێ بۆ نایتە ژوورەوە، وتم دایە گیان من سـەربازم و دەمهەوێ بچم بۆ شـاری دێولان بەڵام بە هۆی سـەرماوە نەمتوانی بکەومە ڕێگا بەڵکوو تەلەفوونێک وەدەست بێنم و ماڵی خۆمان ئاگادار بکەمەوە بێن بە دوامدا، زۆر بە گەرمی بە خێر هاتنی کردم، وتی ڕۆڵە وەر مـاڵەوە خۆت گەرم بکەوە ئێسـتـا کوڕەکەم دەگەڕێتەوە هەم تەلەفوونی هەییە و هەمیش ماشـین یارمەتیت دەکەین تا دەگەیتە دێولان، خەڵکی شـاوانیم دەناسـی، منداڵ بووم و زۆربەی خەڵکەکەیم دەناسـی، بە دەیان جار لە سـەر عەرز و ئاو لەگەڵ خەڵک و بە تایبەتی منداڵانی هاوتەمەنی خۆمان بە شەڕ هاتبووین، خەڵکی شاوانی ناسراو بوون، ئەو ماڵەشـم دەناسـی و دەمزانی کە پاکن و هیچ کێشـەم بۆ دروسـت نابێ، بۆیە چوومەژوورەوە، تەنووری گەرم کردبوو و کولێرە و کەرە و چێشتێکی گەرمم خوارد و خۆم گەرم کردەوە، داوی کاتژمێرێک کوڕی ماڵ هاتەوە، دایکی بەرسـەرهاتی منی بۆ باس کرد، ئەویش زۆر بە گەرمی وتی برا گیان خاس مـاڵێـک هـاتووی دڵنیـا بە تـاکوو مـاڵی خۆتـان دەتبەم، لە مـاوەی ئەو دوو سـاڵەدا زاراوەم فەرقی کردبوو، هەرچی هەوڵم دەدا بۆم نەدەچووە سـەر زاراوەی لەیلاخ، بۆیە زۆر وشـەی سۆرانیم تێکەڵ دەکرد، ئەوە ببوو بە پرسـیار بۆیان و کابرا خۆی

پێنەگیرا، پرســـی کاکە خەڵکی کوێ بە زاراوەتدا لە خەڵکی ئەم ناوچە نــاچی، منیش وتم خەڵکی مەریوانم و لە دێولان ســـەربــازم بەڵام بنەماڵەم هـاتوون لە دێولانن تەلفوونەکەیـان دەزانم، ئەگەر زەحمەت بکێشی تەلەفوونێکم بۆ پەیدا بکەی موزاحمی ئێوە نابم و تاکوو شەودا نەهاتووە دەبێ بڕۆم، وتی دەی کەوایە هەستە با بڕۆین بە ماشینەکەی خۆم دەتبەم بۆ دێولان، نـان و پێخورێکی بۆ پێچـاینەوە و مـاڵاوایی و خاناوایم لێکردن و ڕۆیشــتن، لە ئاوایی دەرچووین کابرا دووبارە پرســی کاکە بە ڕاســت تۆ ســەربازی، وتم بەڵی، وتی لە ســەرباز ناچی تکایە ڕاســـتیم پێ بڵێ تۆ کێیت، بڕوای نەدەکرد و منیش هەر بۆم تەوزێح دەدا کە من سەربازم و خەڵکی مەریوانم و هەتد..

گەیشتنە دێولان هەوا ساردی کرد و نمە نمە بەفر دەباری، دەستم بە گیرفـانم کرد پـارە بـدەم بە کـابرا، وتی کـاکە پـارەی چی، من بۆ هاوزمانێکی خۆم ئەو کارەم کردووە و دوعای بە خێرم بۆ بکە بەســـمە، زۆر بە گەرمی ماڵاوایم لێکرد، وتی با نەیژی نەیزانی من تۆ دەناسـم، تۆ کوڕی فڵانەکەســـی و خەڵکی قروچیای، هەر بە ســـیما و دەموچاوتا ناســیتمەوە بەڵام دڵم نەهات هیچت پێبڵێم، خودا یاوەرت و پشــت و پەنـات بێ بۆ هەر کوێ دەچی هۆشـــی خۆتـت بێ و گەر یـارمەتیـت ویسـت ماڵی ئێمە ئاواڵایە بۆ ئێوە، من هیچم نەگوت و خاناوایم لێکرد و زوو ئەو شــوێنەم بە جێهێشــت، بە کۆڵانەکانی شــاری دێولاندا خۆم دوور خســـتەوە، هەوا تـاریکی کردبوو، ڕۆیشـــتمە دەوری مەیـدانی ســـەرەکی شـــار، لەو نزیکە موخابراتێکی لێبوو، وتم بە کابرای خاوەن دووکان دەمهەوێت تەلەفوونێک بکەم بۆ خاریج ئەکرێ زەنگ لێبدەم، وتی بەڵێ بۆ ناکرێ بەڵام پارەی زۆردەبا، تەلەفوونم کرد بۆ تەشــکیلات

و ڕاپورتی گەیشتنم بۆ ناوچەکە داوە، هاتمە دەوور مەیدانەکە دەستم لە تاکسیک ڕاگرت، وتم دەچم بۆ قروچیا، کابرا وتی بە شەوانە دوو بەرابەر پارە دەستێنین، وتم گرینگ نییە و با بڕۆین، بەرەو قروچیا بەڕێکەوتین، بەفر هەموو جادەکانی گرت، لەو ماوە کورتەدا هێندە بەفر باری تەواووی عەرز سپی پۆش بوو، ئاوایی قروچیا لە نێو چاڵاییەکدایە، لە کاتی بەفر باریندا ئەستەمە ماشین هاتووچۆ بکات، کابرای شوفێر تاکسی وتی کاکە لەوە زیاتر من ناتوانم بڕۆم لە سەر ئەم ملانە داتدەبەزێنم و دەبێ بۆ ناو ئاوایی بە پێی بڕۆی، تاکسی گەڕایەوە و منیش ڕووبەروو ئاوایی وەستام، سەیری ئاواییم دەکرد خەڵک هاتووچۆیان دەکرد، لە خۆشی بارینی بەفردا منداڵێکی زۆر لە سەر جادەکە خلێسکانیان دەکرد، گڵۆپی تەنیشت جادەکان ئاوایی وەک ڕۆژ ڕووناک کردبوو، نە دەکرا بگەڕێمەوە، ئاسانیش نەبوو بە نێو ئەو خەڵکدا گوزەر بکەم، بە تایبەتی خەڵکی قروچیام دەناسی کە کەسێکی غەریبە دەهاتە نێو دێ زۆر سەرەنجیان دەدا و ڕەنگە پێشیان پێبگرتبایەم، کڵاوەکەم لە سەر کرد و خۆم داپۆشی و بەرەو نێو ئاوایی ڕۆیشتم، خۆم تێکەڵ بەو منداڵانەی سەر شەقامەکە کرد و جارو بارەش وەک ئەوەی منیش لە خۆشی بەفردا هاتبێتمە دەرەوە پێم دەخزان و جۆڵەێکم دەکرد، لەگەڵ ئەوەی ترس و دڵەڕاوکێ هەموو گیانی گرتبووم، بەڵام ڕۆحم لەگەڵ ئەو منداڵانەدا سەمای دەکرد، بە لاچاو سەیری دانە بەدانەیانم دەکرد، هەندێکیانم دەناسیەوە، گەورە ببوون، بە دەم ڕێگاو سەیری ئەو خەڵکە فرمێسکەکانم هاتنە خوارەوە، ئەو ڕێگایەم بە ئەستەم بۆ دەبڕا، هەنگاوەکانم شل ببوون و بە خەیاڵ گەرابوومەوە بۆ منداڵی، توزێک ڕۆیشتمە خوارتر لاوان و هاوڕێیانی

دەورانی منداڵی خۆمم بینیەوە، لە بەر قاوەخانەکەدا وەستابوون و شەڕە بەفریان دەکرد و قاقای پێکەنینیان بە نێو ئاواییدا دەنگی دەدایەوە، حەزم دەکرد بڕۆم و باوەشیان پێیدا بکەم، بە لاچاوێکەوە سەیری ئەوانیشم کرد هەموویانم ناسیەوە هیچ نەگوڕابوون، وەک خۆیان مابوون، چەند کەسێکیان سمێل و ڕیشیان هێشتبوویەوە، هەموویان هاوڕێی منداڵیم بوون، لەگەڵیان گەورە بووم، لە مەدرەسە و شەڕی دوای کلاسی دەرس و شەڕە گەڕەک و شەڕە سەگ و هاروهاج و شلووقییەکانی ئەو دەورانەم هەمووی هاتەوە بیر، هەر من گۆڕابووم، ئەوان هاواریان دەکرد و پێدەکەنین و منیش بێدەنگ و مات خۆم لە نێو پاڵتاوە شۆڕەکەمدا کە لە سوئێدەوە بۆیان هێنابوومەوە حەشار دابوو، ئەوە یەکەم جار بوو خۆم لە هاوڕێیانم دەشاردەوە، دەترسام لێیان و بڕواشم پێیان بوو، بەڵام ئەوان لە بەر قاوەخانەکەدا هەموو ژیانیان قەتیس کرابوو، منیش بۆ ئامانجی ڕۆژی ڕووناک ڕێگای تاریکیم دەپێوا....

گەیشتمە سەر پردەکە، پیرە پیاوێکم بینی لە بەر دەمی منەوە ڕێی دەکرد، لە پشتەوە ناسیمەوە، کز و مات، نەرم نەرم دەرۆیشت بە ڕێگادا، چاوی لەو لاوانەی بەر قاوەخانەکە دەکرد و هەناسەیەکی هەڵدەکێشا، من بە ئاخ و هەناسەکەیدا ناسیمەوە، باوکم بوو.... حەزم دەکرد بڕۆمە ژێر باڵی و کۆتە گەرمە پەشمییەکەی خۆم داکەنم و بیخەمە سەرشانی و جامانەکەم بدەم بە دەوور ملیدا و بکەومە لاشانی، حەزم دەکرد بە دەنگی بەرز بانگی بکەم باوکە باوکە... جارو بارە ئاوڕێکی دەدایەوە، منیش بۆ ئەوەی نەمبینێ سەرم دادەخست، گریام ئەما چ گریانێک، لە دڵەوە دەکوڵام و زمانم لاڵ ببوو وقورگم

گیرابوو، ئەژنۆم شکابوو، ئاخر باوکم شۆخ و شەنگ و دەم بە پێکەنین بوو، قەدم ئاوا ئاە و ناڵەی باوکمم نەدیبوو، هەر لێی نزیک دەبوومەوە، چەند جارێک هاتم دەستی بگرم، لە پردەکە تێپەڕین ئەو بەرەوماڵی خۆمان ڕۆیشت و منیش بە لایێکی تردا...

چەند شەوێک لە قروچیا مامەوە، یەکێک لەو ڕۆژانە بوو کوڕەکان هاتن وتیان دوو کەس دەیانەوێ چاویان پێت بکەوێ و بتبینن، وتم ئەگەر ئەندامانی بنەماڵەم بن نامەوێ بیانبینم لە بەر ئەوەی بڕیار بوو کە چاوم بە ئەندامانی بنەماڵەم نەکەوێ، وتیان نەخێر دوو کوری تازە لاون و زۆر نیشتمانپەروەرن، تازە پێگەیشتوون، ئەگەر بیانبینی زۆر باش دەبێ، سەرئەنجام ڕازی بووم و قەرارمان دانا لە شوێنێک بیانبینم، لە نێو خانە باخێکدا خەوتبووم، کەسێکم دانابوو کە چاودێری ئەو ناوە بکا، لە پڕ هاتە ژوورەوە وتی چەند کەسێک بە پێ هاتن بۆ لامان، کە نزیک بوونەوە دوو لاوی هێشتا باڵغ نەبوو، دوو مێردمنداڵی سەربزێو، وەک بێچووە هەڵۆی تازە باڵگرتوو دەفڕین و بەرو باوەشم هاتن، لە ئامێزیانم گرت، هەر دووکیان فرمێسکی خۆشی ئەو دیدارەیان هەڵدەوەراند، ئەوانە سەباح و ڕامین بوون...

بۆ چەند ساڵ دواتر بۆ جارێکی تر پۆلێک پێشمەرگە بووین، ئەوانەی ماون خالید مورادی، غەفار سەڵەواتی، شاخەوان شێرزادی مەریوان، شوعەیب بەهرامی کە بە داخەوە چەند ساڵ دوای ئەو سەفەرە لە جەولەیەکی پێشمەرگانە لە شاری مەریوان شەهید بوو، بەڕێ کراینەوە بۆ ناوچە، وەک دوو تیمی بچووک دەبوایا لە مەریوان لە یەک دابڕێن و ئێمە سێ کەس من و غەفار و خالید بڕۆینەوە بۆ چەم

شـاری سـنه و دەووروبەر، کۆتاییەکانی پاییز بوو، هەوا بەرەو سـەرما و زستان دەڕۆیشت، هەر جارە و لەگەڵ تەشکیلات پێوەندیمان دەگرت پێیان دەوتین بگەڕێنەوە بە هۆی سەرما و سۆڵەی زستانەوە درێژە بە چالاکییەکەتان مەدەن، بەڵام کۆڵمان نەدا و درێژەمان بە سـەفەری خۆمان دا بەرەو سـنە، لە سـەوڵاوا بووین بە دوو تیم و شـوعەیب و ئەوان بەرەو مەریوان گەڕانەوە، حەمە غەریبی سـەوڵاوا ئەو کـاتە تەشکیلاتی نهێنی بوو بە ماشینێک تاکو نزیک شوێشە بردینی، بەڵام بە هۆی مەترسـی لە ڕێگا و بان وامان بە باش زانی بە پێ ئەو ڕێگایە بڕۆین، شـەوێک لە یەکێک لە کەوێڵەکانی نزیک شـوێشـەماینەوە، بەڵام هێندە سـارد بوو خەریک بوو ڕەق هەڵێن، هەر جۆرێک بوو ئەو شەوەمان بردە سەر، بە هۆی ئەوەی کە دەشت و دەر چۆڵ بوو دەکرا لە قەراخ چوومەکانەوە بە ڕۆژیش ڕێ بکەین، بەڵام بە هۆی جادەکەی سنە مەریوان مەترسی گەورە هەبوو و کارێکی مەترسیدار بوو بە ڕۆژدا ڕێ کردن، ئێوارانێـک خۆمـان کۆکردەوە ویسـتمـان لە چوومێـک بپەڕینەوە بەڵام بە هۆی زۆری ئاوەکە نەدەکرا بە ئاسـانی دەرباز بین، زۆر گەڕاین بەڵکوو شـوێنێک ببینەوە، بەڵام نەبوو و بە ناچاری خۆمان لە ئـاوەکەدا، هەموو گیـانمـان تەڕ ببوو، بـاران و نمە بەفرێـک دەبـاری، تاکوو گەیشـتینە پشـتەوەی ئاوایی خرۆسـە و دەبوایە دەوری ئاواییمان لێبداياوە، ئەو ڕێگایە هەورازێکی بەرز و سـەخت بوو، هەوا تـاریک و باران و بەفر بە خوڕ دەباری، ئێمەش تەڕ و شـەکەت و ماندوو، غەفار ددانی هـاتبووە ئێش و لە بەر ئـازاری خەریـک بوو هـاواری لێ بەرز بکـاتەوە، هەر جۆرێـک بوو خۆمـان گەیـانـدە ئەو دیوی ئـاوایی و بەرەو سـەر گەردەنەی سـۆفیان، هیچ دەرەتانێکمان نەمابوو، ئەسـتەم بوو

بتوانین ڕێگا ببڕین، چاومان گێڕاماڵێک لە سەر گەردەنەکەدا بوو، وەک گاراج دەچوو، خالید کە هاتووچۆی زۆری ئەو ناوەی کردبوو، وتی ئەو خانووە ساز کراوە بۆ زستانان کە ڕێگا دەگیرێ خوێ و کەل و پەلی ڕێگاو بان لەوێ دادەنن، بڕیارماندا بڕۆینە ناو ئەو خانووە و ئاگرێک بکەینەوە تا تۆزێک گیانمان دێتەوە بەر، هەر جۆرێک بوو بڕێک دار و درختەتمان کۆکردەوە و ئاگرێکمان کردەوە جل و بەرگەکانمان ویشک کرد و هێزێکمان هاتەوە بەر، بەڵام مانەوەمان لەو شوێنە و بە تایبەتی لە سەر ڕێگای سەرەکی سنە مەریواندا کارێکی مەترسیدار بوو، ماشینەکان هاتووچۆیان دەکرد و لێمان بە گومان دەبوون، بۆیە دەبوایە زوو ئەو شوێنە بە جێبهێڵین و دوور بکەوینەوە لەو ناوچە، تەلەفوونم بۆ یەکێک لە هاوڕێیانی نهێنی کرد، بە ڕەمز و کود تێمگەیاند کە ئێمە لەو شوێنەین و بە ماشینێک بێن بە دوامانـدا، پاش یەک کاتژمێر ماشینێک هات و لە سەر جادەکە وەستا، ئێمەش بە ئەسپایی لێی نزیک بووینەوە، سەیری شوفێرەکەم کرد نەناسراو بوو، کوڕە لاوێکی منداڵکارەی لە دونیا بێ خەبەر، فەوری تێگەیشتم کە ئەوان تلفوونیان بۆ ئاژانس کردبوو و وتبوویان ئێمە لەو ئادرەسەین و لە مەریوان گەڕاوینەوە و لەوێ گیرمان خواردووە، شوفیر پەشۆکابوو، زمانی بەستراو و چۆکی شکا، هەر ئەوەندەی وت ئێوە کێن، وتم مەترسە و سەرکەوە لە ڕێگادا خۆمانت پێ دەناسێنین، بەرەو خوارەوە بۆ نێو شاری سنە ڕێکەوتین، ئەوە دووهەمین جارم بوو بە پێشمەرگایەتی شاری سنە ببینمەوە، شار گۆڕدرابوو، لە وجودماندا شادی و ترس تێکەڵ ببوو، بۆ پەڕینەوە لە شار و ڕۆیشتن بۆ ناوچەی لەیلاخ بە هۆی بەفر و گیرانی ڕێگاوە ناچار دەبووایە بە نێو شاردا و بە خێرایی بپەڕینەوە، زۆرمان

برسـی بوو لە دەور مەیدانی ئیقباڵدا وەسـتاین و شـوفێرکەمان نارد بڕوا سـاندویچمان بۆ بکڕێ، دەترسـاین لەوەی کە شـوفێرەکە هەڵبێ و ڕاپۆرتمان لێبدات، بەڵام چارەمان نەبوو هێندە برسـیمان بوو بڕوامان پێکرد، بەڵام چاومان لێی بوو ڕۆیشـتە دووکانەکە و چوار سـاندویچی هێنا لەگەڵ خۆی و خواردمان، ئێسـتاشـی لەگەڵ بێت چەندە بەو ئاواتەوەم جارێکی تر سنە ببینمەوە بەو ڕادەیەش بە ئاواتم ساندویچی وام دەستبکەوێ، زوو شارمان بە جێهێشت و لە نیوەی شەو لای دابوو، بەنزینی ماشـینەکە خەریک بوو تەواوو بێ، شـوفێری لاویش خەریک بوو زمـانی دەکرایەوە، وتی کـاکە چیتر من نـاتوانم بتـانبەم، بەنزینم تەواوو دەبێ و بنەماڵەشـم چاوەڕێم دەکەن گەر نەچمەوە بە شـوێنمدا دەگەڕێن، ئەمەش بۆ ئێوە بـاش نییە، بهێڵن بـا من بگەڕێمەوە، پاش قسـە و باسـێک و تەکبیرێکی سـەرەپایی بڕیارماندا کە لێگەڕین بڕوا، زۆرمان هەڕەشـە و جاریش وا بوو نەسـیحەت دەکرد، بۆ ئەوەی کە دەڕواتەوە ڕاپورتمان نەدا و لای کەس باسـی نەکات، دەسـتم کرد بە گیرفانمدا وتم پارەی دوو ڕۆژت پێ دەدەم و سـپاس کە یارمەتیمانت دا، بـاوەشـی پێدا کردم و دەسـتی بە گریـان کرد، وتی کـاک ڕەفێق ئەمشـەو خۆشـترین ڕۆژی ژیانم بوو، دوو سـاڵە خەریکی مەوادی موخەدر دەکێشم و کەسێکی زۆر خراپم بۆ بنەماڵەم، سپاس کە ئێوەم بینیەوە و توانیم خزمەتێک بکەم، ئەوەی ئێوە دەبینم بەو زسـتانە بەو هەموو سـەختی و نەهامەتیە لە گیانی خۆتان مایەتان داناوە بۆ ئەم خەڵکە چۆن دەتوانم بە خۆمدا نەیمەوە، بۆیە لەمشـەوە بەولاوە چیتر بە شـوێن مەوادی موخەدردا ناچم و ڕێگایەکی تر دەگرمە بەر کە ببمە جێگای شـانازی بۆ بنەماڵەکەم و کۆمەڵگاکەم، ماڵاواییکی تاڵ بوو، بە

هەموویەوە چەند کاتژمێرێک پێکەوە بووین، بەڵام زوو ڕۆیشتە دڵمەوە و لە کاتی ماڵاواییەکەدا باوەشـــم پێداکرد، جامانەکەی ملی خۆم بە یادگاری پێدا و ئێمە ڕۆیشتن و ئەویش گەڕایەوە بۆ نێو شار و قەد ئیتر نەمدیەوە...

چارمان نەمابوو، دەبوایە درێژەی سەفەرەکەمان لە سەر پێ خۆمان بێ، غەفار ددانی ئازاری بوو و ســـەرماکە لێی دەدا بانگی بەر دەدا و هاواری دەکرد، ســـەیرم دەکرد بەزەیم دەهاتەوە و دڵم دەکوڵا، هەر چەند هەوڵی دەدا خۆی ڕابگرێ، بەڵام دەم و چاوی تەواوو ماســیبوو و ددانی چڵکی کردبوو و هەناسـەی لێ بڕیبوو، خالیدیش وەک هەمیشـە سەرحاڵ و قسە خۆش و بە ورە، ئەوان چارەنووسیان لە سەر باوەڕ بە من بەســتبوو و کە بەرپرســیان بووم و خۆشــیان دەویســتم، خۆیشــم هەموو هەوڵێکم دەدا کە بەڵکوو بگەینە شـوێنێکی ئەمن و ئارام تاکوو بتوانین بۆ چەند ڕۆژێک پشـــوو بدەین و تیماری ددانی غەفار بکەین، من شارەزای ئەو ناوچە نەبووم، پێش هاتنە دەرەوەم بۆ پێشمەرگایەتی قەد ئەو ناوچەیە نەگەڕابووم، بەڵام بە نێو ئاواییەکانی ئەو ناوچەیەم دەناســـی، دەمزانی کامە ئاوایی نیشـــتمانپەروەرن و خەڵکی باشـــی تێیدایە، بەڵام خراپی ناوچەی لەیلاخ ئەوەیە بۆ پێشـمەرگایەتی نابێ لە بەر ئەوەی بێ شاخ و کێوە، دەشـتاییە و گەر ئاشـکرا بی شـاخێک، یان ناوچەیکی چڕ و پڕ نییە خۆتی لێ حەشار بدەی، ئەوەی ئێمە دەمانکرد لە ڕاســـتیدا کارســـتان بوو و کایە بوو لەگەڵ گیانی خۆماندا، بەڵام بەو حـاڵەوە خەڵکێکی دڵســـۆز و پـاکی تێیـدا کە دەمـانتوانی لەو ڕۆژە تەنگانەدا پەنای بۆ بەرین، خەریک بوو هەوا ڕۆژ دەبوویەوە، ڕێگایکی دوور و درێژمان بڕیبوو و هێز و ورەمان بە هۆی ماندوویەتی و سەرماوە

لێ بڕابوو، چاومان بە گڵۆپە هەڵکراوەکانی یەکێک لەو ئاوایانە کەوت، زۆر گەشـاینەوە، خالید لە من شـارەزاتر بوو، پێش ئەوەی بێتە دەرەوە بۆ پێشـــمەرگایەی وەک خۆی باســـی دەکرد میوە فرۆشـــی کردبوو و ســـەرجەمی ئەو ئاواییانەی دەناســـی و هاورێ و ناســـیاویشـــی هەبوو، لێرەدا بـا قســـەی خۆش ون نەبێ، زوو دەیگوت کە دەچینە نێو ئـاواییەکـان من خۆم ئـاشـــکرا نـاکەم و ســـەرو چاوم بە جامانەکەم دادەپێچم، زۆرمان بۆ پرســـیار بوو بۆ وادەکات، وتی کاکە زۆر جار کڵاوم لە ســـەر خەڵک ناوە و نەکا بمناســـنەوە، لە قاقای پێکەنینمان دەدا و پێش ئەوەی بچین بۆ نێو ئاوایی بەو قســـەیە تەواو شـــارژ بووینەوە، ئاواییەکە بچووک بوو و پێم وایە نزیک دە ماڵێک دەبوون، تەقەمان لە دەرگای ماڵێکدا و بە بێ ئەوەی فەرمووو بکرێن خۆمان بە ژووردا کرد، بە خـاوەنی مـاڵەکەم وت کـاکە برا ئێمە پێشـــمەرگەی کۆمەڵەین و خەریکە لە ســـەرما ڕەق هەڵێین، خۆمان گەرم دەکەینەوە و نـانێـک دەخۆین و دەڕۆین، تکـایە دەنـگ مەکە بـا نە بۆ تۆ و نە بۆ ئێمەش مەترســی درووســت بێ، ماڵی ئاوەدان شـوێنی بۆ ڕاخسـتین و زووپای گازی بۆ هەڵکردین، شازدە شەو و ڕۆژ ڕێگامان بە سەرما بڕیبوو، بەڵام هەموو جل و بەرگ و کۆڵەپشتیەکانمان قوڕاوی و تەڕ بوو، پەتۆی تازەی پڵەنگی بۆ هێنـاین، وەک مار خۆمـان خزانـدە نێو پەتۆکـان، لەو دەمەو بەیـانیەدا کەرۆێشـــکە خەوێکی خۆشـــمـان کرد، بەڵام نەمـانـدەوێرا بخەوین، خاوەنی ماڵەکە بە ژن و منداڵەکانی وتبوو ئەمانە پاســـدارن و ئەمشـــەو نیگابانی ئاواییەکەی خۆمان بوون، نـانی بەیانی دەخون و دەڕۆن، دیار بوو ژن و منداڵەکان زۆر بە ناشـیرینی سـەیریان دەکردین، کە نانی بەیانیان هێنا، گوێمان لێبوو ژنەکە وتی دەک بە قۆزەڵقورتیان

بێ بەڵکوو بیخۆن و زوو بچن، نانمان خوارد و هێشـــتا بە تەواوەتی ڕۆژ دانەهـاتبوو هەســـتـاین و مـاڵاواییمـان لە خـاوەن مـاڵ کرد، لەگەڵ ماڵاواییەکەدا ڕووم لە ژنی ماڵەکە کرد، وتم خۆشـکی من ئێمە پاسـدار نین و پێشـــمەرگەین، خۆی پێ ڕانەگیرا و پڕ بە دڵ دەســـتی کرد بە گریان، ئێمە ماڵی کابرامان بە جێهێشت و لە قەراخ چۆمی ئاواییەکەوە بە پەلە ئەو ناوەمان بەجێهێشت.....

چەند شـــەوێک لە قەراخ ئەو ئاواییانەدا بووین، پۆل پۆل لاوان و نیشـــتمـانپەروەرانی ئەو نـاوچەیەمـان دەبینی، بە شـــەوانە بە هۆی ســـەرماوە خۆمان لە ئاواییەکاندا حەشـــار دەدا، ئەو جم و جۆڵە چەند ڕۆژییەی ئێمە بە گوێ ڕژیم و دام و دەزگا ئەمنییەتیەکان گەیشـــتبوو، بەڵام بەو زســـتانە و بە تایبەتی لە ناوچەی لەیلاخ ئەســـتەم بوو بڕوا بکرێت کە پێشـــمەرگە لە ناوچەکەدایە، تەنانەت زۆرێک لەو خەڵکەی کە چـاومـان پێیـان دەکەوتن بڕوایـان نەدەکرد، مەگەر ئەوانەی کە بە تایبەتی منیان دەناسی، بەڵام بەو حاڵەوە گەشت و هاتووچۆی ماشینی سپا لە سەر جادە سەرەکیەکان دەبینرا، خەڵکی دڵسۆزیش زۆریان پێ دەگوتین کە لەم ناوچە دوور بکەونەوە بۆ ئەوەی تووشـی کێشـە نەبن، بڕیـارمـانـدا بگەڕینەوە و ئەو نـاوچە جێبێهێڵین، بەڵام بەو ســـەرمـایە ئاســان نەبوو بە پێبگەڕینەوە و پێویســت بوو بە خێرایی ناوچەکە چۆڵ بکەین، بـارودۆخی هـاوڕێیـانی گیانبەختکردوو حـامێد و بێهزاد وا نەبوو کە ئاگاداریان بکەمەوە، هەڵبەت تەشـــکیلاتیش بڕیاری دابوو کە لە کەســـانی تەشـــکیلانی نهێنی کەڵک وەر نەگرین، مەگەر زۆر گوشـــار بکەوێتە ســـەرمان، ئێمە لە باری جەســـتەیەوە بووژابووینەوە، ددانی غەفاریشـمان دەرمان کردبوو، ئەو ڕۆژانە تەنیا گرفتی ئێمە سـەرما بوو،

خەریـک بوو تـاوتویێ ئەوەمـان دەکرد کە چۆن و کەی بگەڕینەوە، بڕیارماندا زوو نەجوڵێین، چەند ڕۆژێک بە تەواوەتی خۆمان بشـارینەوە، بۆ ئەوەی جم و جۆڵی سـپا و هێزەکانی ڕژیم بخەوێتەوە، دەمزانی لەو کاتەدا بگەڕینەوە ماندوویی و سـەرما نەیدەهێشـت بەو زووییە دوور بکەوینەوە لە ناوچەکە، هەر بۆیە ئەو بڕیارەمدا و کوڕەکان زوو قەبوڵیان کرد، بەڵام لە کوێ خۆمان حەشـار بدەین ئەوە بوو بە جێگای باس و مشـت و مڕێکی زۆر و سـەر ئەنجام وتم هاوڕێیان دەبێ نزیک بکەوینەوە لەو ئاواییانەی کە من شـارەزایم تێیدا هەیە، مەبەسـتم لە ئاواییەکانی نزیک قروچیا کە بە منداڵی تا ڕادەیێک شـارەزاییم هەبوو، وامـان کرد و لە یەکێـک لە ئـاواییەکـانی نزیـک قروچیـا مـاینەوە، لە چۆمێکی دوور لە ئـاوایی و ئـاوەدانی خـانووێکی بچووک بوو پەیـدامـان کرد، زۆر شـوێنێکی ئەمن و دوور لە جادە و ئاوەدانی و هاتووچۆ بوو، لەگەڵ خۆمان خوراک و کەل و پەلی چەند ڕۆژەمان کۆکردبوەوە کە لەو شـوێنەدا نەجوڵێین بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک، شـەوی یەکەم زۆر سـارد بوو، تاکوو بەیانی هەر سـێ کەسـمان باوەشـمان بە یەکدا کرد و چەکەکـانمـان لە نێو دەسـتمـانـدا و چەنـد پەتۆ شـڕۆڵەی لێبوو بە خۆمانداداا، ئەو شەوە هەتاکوو بەیانی لەرزین، من فەوری هەستم کرد کە ناسـاقم و دەسـتم کرد بە کۆکین و پژمین، هەر سـێکمان نەخۆش کەوتین، بەیانی ڕۆژ بۆەوە لە خانووەکە دوور کەوتینەوە و خۆمان وەبەر تاو دەدا و تۆزێک حاڵمان باشتر دەبوو.

بۆ شەوی دووهەم بڕیارماندا کە ئاگر بکەینەوە، ئەگەرچی دەترساین لەوەی کە نووری ئـاگرەکەمـان دەرکەوێ بەڵام نـاچـار بووین، بەو نـاوە گەڕاین ئاسـنێکمان بینیەوە کە بۆ ئەوە دەبوو ئاگری تێیدا بکەینەوە،

دارێکی زۆرمان کۆکردەوە و ســووتاندمان تاکوو بوو بە خەڵۆز، هەوا کە تـاریکی کرد خەڵۆزەکەمـان بردە نێو خـانووەکە و هەر ســێکمـان بە دەووری گەرمـای خەڵۆزەکەدا پـاڵ کەوتین، وامـان بڕیـار دابوو کە بە شــەودا نەخەوین و وریا بین بەڵام بە ڕۆژدا بە نۆرە بخەوین، خانووەکە یەک پەنجەرەی بچووکی بوو لەگەڵ یەک درگای ئاســنینی قایم، هەر دووکیمـان کـپ کرد، دوو کـاتژمێری خـایـان خـانوو گەرم بوو و ئێمەش چاومان دەچووە خەو، پێکەوە قســەمان دەکرد و قســەی خۆش و گێڕانەوەی ئەو بیرەوەریـانەی ئەو ســەفەرەی کە تـا ئەو شــەوەی هێنـابووین، هەندێک جار دڵتەنگیش دەبووین، غەفار دایکی بە تەنیا دەژیا و زۆر بە خەمەوەی بوو، کە باســی دایکی دەکرد دڵی پڕ دەبوو، منیش پاش ســاڵانێک گەڕابوومەوە ناوچەی خۆمان، ئەو ناوچەیە بۆم ئـاشــنـا بوو، دەکەوتمە بیری دایـک وباوکم و ســەردەمی منداڵیم و بیرەوەریم بۆیان دەگێڕایەوە، حەزم دەکرد باڵ بگرم و زوو بچم سەرێک لە دایکم بـدەم و بگەڕێمەوە، بە دەم ئەو خەیـاڵاتەوە ســەر ئێشــە گوشــاری بۆ هێنـاین، خالید لە ئێمە باشــتر بوو بە هۆی ئەوەی زوو زوو هـاتووچۆی دەکرد بۆ چاودێری دەرەوەی خـانووەکە، بەڵام من و غەفـار کەلەمـان خەریـک بوو بتەقێ، وامـان هەســت دەکرد کە هۆکـاری ســەرماکەیە و نەخۆشــینە، دڵنەوایی یەکمان دەدایەوە، هێندە لەشــم قورس ببوو چەکەکەم کە نیو میتر لێم دوور ببوو نەمدەتوانی بجوڵێم و بیهێنمە پەنـای خۆم، خـالیـد کە هـاتووچۆی دەرەوەی دەکرد، پێم وت دەرگـاکە مەکەوە بەڵکوو خـانووەکە گەرم دابێ و ئەو ســەرمـایە لە گیانمان دەرچێ، ئەویش هاتە پەنای من و دانیشـــت، ئاگام لە غەفار بوو خەوی لێکەوت و قسەی لێبڕا، بە نووری فەندەکەکە سەیری دەم و

چـاوم کرد ســـپی هەڵگەڕابوو، وەک بێ هۆش پـاڵ کەوتبوو، هیچ هێزێکمـان نەمـابوو و خەریـک بوو من و خـالیـدیش بێهۆش ببین، هەســـتم کرد ئەو بارودۆخەمان خراپە و شـــتێکی مەترســـیدارە، بۆیە دەبوایە زوو لەو حاڵەتە دەرباز بین و چارەش ببینمەوە، بە ســـەختی خۆم گەیاندە بەر درگاکە، تەلەفوونم کرد بۆ ماڵی خۆمان، دایکم جوابی دامەوە، ســـڵاوم کرد دایکە گیان حاڵت باشـــە، بە گریانەوە وتی بۆ دەنگت گیراوە ڕۆڵە لە کوێ، نەمدەویســـت وا تێبگات کە حاڵم باش نییە، بەڵام ڕاسـتی دەکرد دەنگم گیرابوو و بە ئەسـتەم قسـەم دەکرد، وتم دایە گیـان لە ســـلێمـانیم و لە شـــوێنی خۆمم هەر ویســـتم تلفوونێکتان بۆ بکەم ئەحواڵێکتان بپرسـم، کارێکم بە کاکم ئەشـرەف هەییە ئەگەر لە ماڵە بانگی بکە بۆ لای تلفوونەکە، وتی بەڵێ لە ماڵە بەڵام کاکت زۆر ناســـاغە ئێســـتا بانگی دەکەم، کە قســـەم لەگەڵ ئەشـــرەف کرد فەوری وتی های لە کوێ، بە ڕەمز و ڕاز تێمگەیاند کە هاین لە کوێ، تلفوونەکەم تەواوو بوو و گەڕامەوە نێو خانووەکە یەکسەر کەوتم بە سـەر عەرزدا، هیچ هێزی هەسـتانەوەم نەما، هەر سـێکمان وەک بێ هۆش کەوتبووین و ئاخرین هەناسـەکانی ژیانمان دەدا، زمانم لە دەممدا نەدەچەرخا کە بانگی کوڕەکان بکەم، سەیرم کردن وام زانی خەویان لێکەوتبوو، لە پەنای ئەواندا ڕاکشـــام، فیشـــەکەم خســـتە بەر چەکەکەم و بە دەسـتمەوە گرت، لە دڵی خۆمدا دەمگوت ئەگەر هاتنە سەرمان لانیکەم بتوانم چەند فیشەکێک بتەقێنم..

پاش یەک کاتژمێر دەنگێک هات، خالیدم هەسـتان و لەگەڵ خۆم بردمە بەر دەرگـاکە و هەر دووکمـان ســـەنگەرمـان گرت، کە نزیـک بوونەوە کاکم ئەشـــرەف بانگی کردم، وتی تەقە مەکەن خۆمانین، لە

باوەشی ئەشرەفدا بورامەوە، ئاگام لێبوو وتی بەو کوڕانەی لەگەڵی بوون فریـا بکەون بزانن کێ لە نێو خـانووەکەیە بیهێننە دەرەوە، بەڵام ئیتر دڵنیـا بووم کە هیچمـان بە ســـەر نـایە، لە بەر ئەوەی ئەشـــرەف بە ئەزموون و قایم کار و ئازا و لە سـەر خۆ بوو، پەتۆیەکانی هێنایە دەرەوە و بە دایپۆشـاندین و چایی و ئاوی پێداین، تۆزێک باشـتر بووم، سـڵاوم لێکرد، مـاچێکی کردم و تونـد لە ئـامێزی گرتم، وتی ئەمە کەی کـاتی هاتنەوەیە، زانیم توڕە بوو لە من و لە تەشـکیلاتیش کە بەو زسـتانە بۆ ئێمەیان ناردۆتەوە، بەڵام نەیدەویست لەو کاتەدا قسـەم پێ بڵێ، وتی گاز گرتوونی و ئەگەر فریا نەکەوتبایام هەر سـێکتان شـەهید دەبوون، ئەو شـــەوە هەر جۆرێک بوو تەواوو بوو و لە بەرەبەیاندا ڕۆژهەڵات و ئێمە شــوێنەکەمان گۆڕی، بۆ ڕۆژی دواتر ماڵاوایم لە کاکم ئەشـــرەف کرد و ئێمە گەڕاینەوە بۆ عێراق، ئەوە دوا دیـدارم بوو لەگەڵ کـاکم و ئیتر نەمبینیەوە، چەند ساڵ دواتر ئەو گیانی ئازیزی بەخت کرد....

بەرەبەیـانێکی زوو لە دەرگـای مـاڵەکەم درا، ئەمجەد بوو، وتـی تەلەفوونیـان بۆ کردوم و ئەمشـــەو کـاک ئەنوەری برامـان لەگەڵ ١٩ کەسیتر لە لایەن هێزەکانی ئیتلاعاتەوە دەستگیر کراوە، وتم هیچ نییە و نیگەران مەبە جـا کـاکم چیکردووە، چەنـد ڕۆژێـک ڕایـان دەگرن وئازادیان دەکەن، تەلەفوونمان بۆ ماڵەوە کرد، باوکم زۆر پەشـــۆکابوو، کاک ئەنوەر برای گەورەمان بوو، خاوەنی ســێ منداڵ بوو، شــێوازی گرتنەکەی بۆ گێڕاینەوە، کـاتژمێر ٣ی نیوە شـــەو هێزێکی ئیتلاعـات و ســـپا دەووری خـانووەکەی دەگرن، چەنـد فیشـــەک بە ئـاســـمـانـدا دەتەقێنن، کە بە هۆی ئەو تەقەکردنە کوڕەکەی کاکم کە نێوی میلادە ئەو کات پێنج ســاڵان بوو ترســابوو و تووشـــی نەخۆشــینێک بوو کە

ساڵانێکی خایاند تاکوو حاڵی باش بێــتەوە، ئەگەرچی ئێستاشی لەگەڵ بێ ئاسـەواری ئەو نەخۆشـینە هەر لەگەڵیەتی، سـەرجەمی ئەو گیراوانە خزم و کەس و کاری خۆمان بوون، خویشکم پەروانە، کاک ئەنوەر، کاک ئەشــرەف، ئەفشــین و ڕامین، ســیروان و زاواکەمان، ئەڕســەلانی پوور زاگم و چەند کەسێک ڕاگیران و پاش چەند ڕۆژێک ئەوانیتر ئازادکران، بە دەیان ڕۆژ ئازار و ئەشــکەنجە درابوون، ڕامین کە منداڵی نێویان بوو کەمتر لەوانی تر ئـازار درابوو، بەڵام ئەوانیتر بە شـــێوەیەکی درنـدانە ئەشـکەنجە درابوون، کاکە ئەشـرەف کە باری جەسـتەیی تەواوو نەبوو، خســتبوویانە نێو تەگەری (تایە) ماشــین و تلاندبوویانەوە، هێندە وایان لێکردبوو کە برینەکانی تووشــی خوێنبەربوون ببوو و گۆاســترابوویەوە بۆ نەخۆشخانە، پاش پشکنینی پزشکی دوکتوو بە ئیتلاعاتی وتبوو گەر لە گرتووخانە ڕایبگرن دەمرێ، بۆیە پاش شـــەش مانگ بە شـــێوەیەکی کاتی ئازادکرا، ئەفشـــین کە ئەو کاتە منداڵ بوو لە کاتی لێکۆڵینەوەدا سـەروچاوی داپۆشرابوو، دەستی بردبوو بۆ ئەوەی چاوبەنەکەی لابەرێ، ئەو جەلادەی کە بەر پرســی لێکۆڵینەوەکەی بوو بە کێبلێکی کارەبا کە سـاز کرابوو بۆ ئەشـکەنجەدان ویسـتبوو لە سـەر دەسـتی بدات، بەڵام لەو کاتە ئەفشین دەستی لادەبا و سەری کێبلەکە بەر چاوی دەکەوێ، کە خوێن لە چاوی دێتە خوارەوە فەوری دەیگوازنەوە بۆ نەخۆشـــخانە، لەوێ دوکتوورەکان دەڵێن چاوی چەپی لە دەســـت داوە و کوێر بووە، هەر بۆیە پاش ٩ مانگ ئەفشــین ئازاد دەکەن، کە ســاڵیانێکی خایاند تاکوو توانی عیلاجی چاوی بکات، هەتاکوو ئێســـتاشـــی لەگەڵ بێ بە تەواوەتی چاک نەبوەوە..

ڕامین بە هۆی ئەوەی کە تەمەنی کەم بوو، بە شـێوەی یاسـایی نەیانتوانی بوو زۆری ڕابگرن و ئەویش بە بارمتە ئازاد کرا، خوشـکم پەروانە حوکمی پێنج ساڵ بەنکرانی بە سەردا سەپا، بەڵام هەموو خزم و کەس و کارمان کۆبوونەوە دەیان سەنەدی ملیاردیان کۆکردەوە سەر ئەنجام ئەویش پاش چەند مانگ مانەوە لە ئیتلاعات ئازادکرا، نزێک بە یەک سـاڵ کاکە ئەنوەر و ئەڕسـەلانی پوورزاگم لە سـلوولەکانی ئیدارەی ئیتلاعات مانەوە، پاش ئەوە لە دادگایەکی چەند دەقەیی هەر دووکیان بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ حیزبە دژبەرەکانی کۆماری ئیسلامی و دژایەتی لەگەڵ ڕژیمدا سزای لە سێدارەیان بۆ دەرچوو..

کاکە ئەنوەرم ماڵی لە شـاری تاران بوو، ئەو سـەردەمە باروودۆخی ژیانی زۆر خۆش بوو، کارو کاسبی دەکرد و ماڵی خۆی و ماشینی خۆی بوو، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە کاک ئەشـرەف ناسـاغ بوو و ئێمەش لە دەرەوە پێشـمەرگە بووین، هەموو ئەوانەی فرۆشـتبوو و گەڕابوویەوە کوردستان بۆ ئەوەی ئاگای لە دایک و باوکم بێت، لەو گیرانەیدا هەموو شتێکی لە دەستدا، ماڵ و ماشێن و کار و ژیانی بە تەواوەتی تووشی هەڵوەشـانەوە بوو، براژنم و سـێ منداڵی بچووک مابوونەوە، خانووێک کە خەریک بوو سازی بکەن نیوەکارە بە جێمابوو، هیچ کار و کاسبیەک نەبوو کە پێبژین، هیمەتی هاوڕێیانی کاکم بە تایبەتی و خەڵکی قروچیا و بە گشـتی، خانووەکەیان بۆ تەواو کردن، براژنم و منداڵەکانیان لە ئامێزی ئەو خەڵکەدا وەک گلێنەی چاو پارێزران و نەیان هێشت کەم و کوڕیان هەبێ، هەڵبەت ڕۆڵی براژنم بۆ ئێمە قەد لە بیر ناکرێ، شـێرانە منداڵەکانی پەروەردە کرد و بەو نەهامەتیەوە سـەری خۆی و ئێمەشـی بەرز ڕاگرت، لە دەرەوەی وڵات کەمپەینێکی گەورە و بەر فراوان سـاز

کرا، ئەو کـاتە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکـان وەکوو ئێســـتـا نەبوو، بەڵام گردبوونەوە و ناڕەزایەتی گەورە لە دژی ئەو حوکمە ناڕەوایە ســـاز کرا، کاک ئەشـــرەفم بوو بە ئەندامی ئەو کەمپەینە بۆ بەشـــی نێو خۆی و چالاکانی مەدەنی نێو خۆ و دەرەوەی وڵات بە چڕ و پڕی شـــەو و ڕۆژ ڕێکخراوە نێو دەوڵەتییەکانیان ئاگادار دەکردەوە، بە دەیان ڕێکخراوەی مـافی مرۆڤی جیهـانی لە دژی ئەو حوکمە وەســـتـانەوە و داوایـان لە کۆماری ئیسلامی کرد حوکمی لە سێدارەدانی ئەنوەر حوسەین پەناهی و ئەڕەســـەلان ئەولییـانی هەڵبوەشـــێنێتەوە، بەڵام ڕژیم بە گوێ نەدەکردن، کاکم لە زیندانی ناوەندی سنە دەستی دایە مانگرتن، خۆی دەیگێڕێتەوە دەڵێ بەرە بەیانێکی زوو بانگکرام و پێیان ڕاگەیاندم کە دەتوانی وەسیەت نامەکەت بنووسی و ئەمڕۆ دواڕۆژی مانەوەی تۆیە لە ژیان و دەبێ حوکمەکە جێبەجێ بکرێت، وەسـیەت نامەم دەنووسـی و دەیـانبردمە پێی دارەکە و تەنـافەکەیـان لە ملم دەخســـت و چـاوم دەبەســـت و ماڵاواییم لە ژیان دەکرد، دوای چەند چرکە دەیانهێنامە خوارەوە، ئەو کارەیان هەر جارە و بەشـێوازی جیاواز دووپاتە کردبوەوە، کاکم دەڵێت، ئیتر بۆم گرنگ نەمابوو و حەزم دەکرد ڕاســـت بکەن و ڕزگارم بکەن، تەنیا شـــتێک کە بیرم لێدەکردنەوە منداڵەکانم بوو، هەر ئەوەش هیوای پێـدەدام بۆ ژیـان بجەنگم و هەوڵ بـدەم بێ گونـاهی خۆم بسەلمێنم..

ســێ ســاڵ و نیو هەموو بەیانیک هەڵدەســتاین و چاوەڕێ هەواڵی ئەوە بووین نەکا کاکم لە ســێدارە درابێت، دایک و باوکم ســێ ســاڵ هەموو ڕۆژێک دەچوونە بەر درگای زیندان، دەچوونە تاران و بە شــوێن سـەلماندنی بێ تاوان بوونی کاک ئەنوەردا، لە دەرگای هەموو کەسێک

درابوو بۆ ئەوەی کاکم ڕزگار بکرێ، ئەرسەلانی پوورزاگم سزای لە سێدارەدانەکەی شکا، ئەوە هەواڵێکی دڵخۆشکەر بوو و هیوای زیاتری پێداین کە دەتوانین بەو هەوڵانەمان بتوانین حوکمی کاکیشم بشکێنین، لە دەرەوەی وڵات ئەمجەد بەر پرسی کەمپەینەکە بوو، شەو و ڕۆژی بۆ نەبوو و خۆی بە دار و دیواردا دەدا، لە نێو خۆش ئەشرەف ڕۆیشت لەگەڵ کاک سالّەحی نیکبەخت قسەی کردبوو، ئەویش وەکالەتی ئەنوەری قبووڵ کردبوو، لەو ماوەیەدا هەموو گوشارەکان لە سەر ئەشرەف بوو، چەندین جار لە لایەن ئیتلاعاتەوە بانگرابوو و هەڕەشەی جددی لێکرابوو کە ئەگەر بەردەوام بێ لە هەوڵەکانی بۆ ڕزگاری ئەنوەر دەتکوژین.

هەموومان ئامادە بووین بمرین لە پێناوی ئەوەی کاکم زیندوو بمێنێ، کاک ئەنوەرم جگە لەوەی برای گەورەمان بوو، باوک و هاورێی گیانیمان بوو، ئەو دانە دانەمانی پەروەردە کردبوو و ئاگای لێمان بوو، حورمەتێکی گەورەی لای هەموو ئەندامانی بنەماڵەمان هەبوو، هەر کەسە و بە جۆرێک دەمانویست گیانفیدایی بۆ بکەین، ڕۆژێک هەواڵێک لە زیندانەوە بڵاوکرایەوە کە گوایا ڕژیم چەندین لات و چەقۆکشی سەر بە خۆی فێر کردووە، بۆ ئەوەی ئازاری بەندکراوانی سیاسی بدەن و لە نێو بەندکراوە سیاسیەکاندا بە دیاری کراوی کاکم ئازار بدەن، ئەوە زۆر نیگەرانی کردین، هەستمان دەکرد کە ڕژیم دەتوانێت بە پیلانێک کاکم لە ناو ببات، ئەو هەواڵە هەموومانی نیگەران کردبوو، سیروانی خۆشکەزاگم کە ئێستا لە وڵاتی بریتانیایە، بە نهێنی هات بۆ لامان و سەردانی کردین لە عێراق، دەرسی دەخوێند و تازە خەریک بوو لە زانکۆ وەری بگرن، وتی خاڵو من دەچمەوە و

کارێک دەکەم بۆ ئەوەی دەسـتگیر بکرێم و بمبەنە زیندان لای خاڵو ئەنوەر بۆ ئەوەی هەم ئاگام لێبێت، هەمیش کارو باری نێو زیندانی بۆ بکەم، من قەبووڵم نەکرد، ئەویش گەڕایەوە بۆ نێو خۆی وڵات، پاش چەند ڕۆژێک هەواڵمان پێ گەیشـت کە سـیروان لە لایەن هێزەکانی ئیتلاعاتەوە دەسـتبەسـەر کراوە، زوو زانیم خۆی ویسـتوویە ئەو کارە بکات، زۆرم پێناخۆش بوو لە بەر ئەوەی زانکۆ و خوێندنی بوون بە هیچ، سـیروان زۆر ئەشـکەنجە درابوو، چەندین تاتۆی سـەر باڵی و نێو شـانی بە ئوتوی هەڵمی سـووتێنرا، زەجر و ئەشـکەنجەیەکی زۆری بە سەرداهات، بەڵام سەرئەنجام حوکم درا و درایە نێو زیندان و پلانەکەی سـەری گرت و ئیتر ئێمەش خەیاڵمان ئاسـوودەتر بوو، سـیروان دەیگێڕایەوە کە هەموو شـەوێک خاڵو ئەنوەرم دەخەوت تاکوو بەیانی نەدەخەوتم و ئاگام لێیبوو نەکا لە نێو خەودا بێنە سەری و بیکوژن..

ئەو ڕۆژانە تژی بوون لە تاڵی و سـات و چرکەکانی دەسـت و پەنجە نەرم کردن بوو لەگەڵ چاوەڕوانی، مەرگ بەر دەرگای پێگرتبووین، هیچ ئـاسـۆیەکی خۆش بەدی نەدەکرا، چەنـد ڕۆژێـک خەریکی بەڕێ کردنەوەی تیمێکی پێشـمەرگە بووین، بەڵام سـنوورەکان گیرابوون و هەموو ڕێگا قاچاخەکان کەمین بوو، نێردرام بۆ ئەوەی سنوورەکان تاقی بکەمەوە و لە هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگـا بم بۆ بەڕێکردنی ئەو تیمە پێشـمەرگەیە، خۆشـم بە دڵ حەزم دەکرد لە ژێر گوشـاری ئەو هەواڵە ناخۆشـانەی ماڵەوەمان بۆ ماوەێک لە تەلەفزیۆن و تەلەفوونەکەم دوور بکەومەوە، تەلەفوونەکەم کوژاندبویەوە، چەند شـەوێک لە چەم شـلێر ماینەوە، ئەو چەند شەو و ڕۆژە وێڕای ئەوەیکە دوور بووم لەو بارودۆخە بەڵام دڵەڕاوکێ و پەرۆشـی تینی بۆ هێنـابووم، هەسـتم دەکرد

کـارەســـــاتێـک بەرێوەیە و دەبێ خۆمی بۆ ئـامـادە بکەم، بیرم لەوە دەکردەوە چلۆن بتوانم تەحەمولی لە سێدارەدانی کاکە ئەنوەرم بکەم، منداڵەکانی دەبێ چی بکەن و دەیان و ســەدان پرســیار و خەیاڵی لەو شێوەیە یەخەی پێگرتبووم، بە شەوانە دەچووینە سنوورەکان دەگەڕاین و ڕێگاکـانمان تاقی دەکردەوە، بە ڕۆژیش دەهاتینەوە چەم شــلێر بۆ حەســانەوە، بۆ پێداویســتی خۆراک و کەل و پەلێک کە پێویســتمان پێبوو، بو کەسێکمان سپاردبوو کە لە پێنجوێن بۆمان بکرێ و بیهێنێت، بەڵام ئەو ڕۆژە هەرچی چاوەڕێی بووین کـابرا نەهـات، دواتر ئـاگـادار بووینەوە کە لە لایەن ئاسایشی پێنجوێنەوە گیراوە بە تۆمەتی هاوکاری کردنی کۆمەڵە براوە بۆ ئاســایشــی ســلێمانی، بۆیە بە ناچاری دەبوایە خۆمان بچووینایە بۆ نێو دێهاتەکانی ئەو ناوچە بۆ کڕینی کەل و پەل و پێداویستیەکانمان، دەمەو ئێوارە بوو گەیشتینە پۆلێک کاروانچی کە خەڵکی چەم شاری سنە و باوەڕێز بوون، ڕۆیشتین بۆ لایان، پاش سڵاو و چاک و چۆنی خۆمان پێناســاندن، نان و پێداویســتی خۆمانمان لێوەرگرتن، چەند کەســێکیان هاتن بۆ لام، کاتێک بە کۆمەڵ بوون و ئێمە گەیشتینە لایان خۆم بە نێو ناساند و پێم وتن کە خەڵکی کوێم و ناو و فامیلیم چیە، بۆیە ئەو چەند کەســەیان هاتن بۆ لام، یەکێکیان باوەشــی پێدا کردم و وتی خۆتان ســڵامەت بن، خەمی ئاخرتان بێ و سەرەخۆشی لێکردم، ئەژنۆکانم شل بوونەوە، زانیم ئەو کارەساتەی کە نزیک بە ســاڵێکە چاوەڕوانی دەکەن و تێدەکۆشــین ڕوونەدا، ڕوویدا، فەوری لێیـان جودا بووینەوە و یەکســەر گەڕاینەوە بۆ ســلێمـانی و لەوێیەوە بۆ ئوردوگـا، کە گەیشـــتمەوە ئوردوگـا، مـاڵەکەی ئەمجەد کۆمەڵێکی خەڵکی زۆر لە هاوڕێیانی پێشمەرگە کۆبوونەوە، خۆم کرد بە

ژووردا، وتم کەی لە سـێدارە درا، ئەمجەد وتی کاک ئەنوەر لە سـێدارە نەدراوە، بە داخەوە ئەشرەفیان تیرۆر کرد..

ئەشرەف هەڕەشەکانی ڕژیمی بە جددی وەر نەگرتبوو، شەو و ڕۆژی خستبووە سەر یەک بۆ ئەوەی کارێک بکات بۆ ئەنوەر، دەستی کردبوو بە کۆکردنەوەی واژۆ لە ناوچەکەدا، پتر لە پێنج هەزار واژۆی کۆکردبوەوە کە تێیـدا خەڵکی نـاوچەکە داوای ئـازاد کردنی ئەنوەریـان کردبوو، ڕێکەوتی ٧.٧.١٣٨٧ ی هەتاوی لە کاتێکدا خەریک بوو ئەو واژۆنامەیە بباتە شاری سنە و بیدات بە دەستی وەکیلی ئەنوەر، دەمەو بەیانیکی زوو جەسـتەی بێگیـانی ئەشـرەف لە نزیـک ئـاوایی قروچیـاوە دەدۆزرێتەوە...

پاش ماوەێکی کورت سـەزای کاک ئەنوەر لە سـێدارەوە شـکا بۆ شازدە ساڵ، سەر ئەنجام پاش حەوت و ساڵ و نیو بەندکران ئازاد کرا و لە کوردسـتان دوور خرایەوە، شـەهید بوونی ئەشـرەف کارەساتێکی یەکجار گەورە بوو بۆ هەموو ئەندامانی بنەماڵەمان، بەڵام باری قورسـی ئەو کارەساتە کەوتە سەر شانی باوکم، ئەشرەف خۆی کردە قوربانی بۆ ئەوەی کاکم زیندوو بمێنێ، ئەو ڕۆژانە هێندە تاڵ بوو وەسـف ناکرێت، کاکە ئەشـرەفم دەزگیراندار بوو، دڵپڕ لە هیوا و کارا بوو، وێڕای ئەوەی کە هەر سـەرەتای لاوێتی تووشـی کارەسات هاتبوو و هەتاکوو شـەهید بوونیشـی ئازاری پێیەوە بینی، بەڵام ئەو قارەمانی هاونەسـڵەکانی ئێمە بوو، ڕێنیشـاندەر و مامۆسـتای کاری سـیاسـی و ڕێگای خەبات و تێکۆشـانی من و دەیان هاوڕێ و لاوی ئەو ناوچە بوو، گیانبەختکردنی

کاک ئەشـــرەف کەلێنێکی لە ناخی هەمووماندا ســـاز کرد کە تاکوو ئێستاش بۆمان سارێژ نەبووە و نابێ...

شەهید بوونی کاک ئەشرەف زۆرترین کاریگەری لە سەر باوکم دانا، بە جۆرێک کە نزیک بە یەک سـاڵ تووشـی فەرامۆشـی ببوو، لە ڕێگای تەلەفوونەوە قســـەم لەگەڵ دەکرد گوێی گران بوو، دایکم هەمیشـــە دەیگوت باوکت لەگەڵ شـەهید بوونی ئەشـرەف ئەویش مرد، ئەوەی ماوە جەسـتەیە، ڕاسـتی دەکرد من خۆم ئەوەم بە چاوی خۆم بینیوە و بە جەستە هەستم پێکردووە.

منداڵ بووم لەگەڵ باوکم کاتێک لە زەوی و زای خۆمان لە دێ کۆن بووین، دەمگوت باوکە ئەگەر گەورە ببم دەبمە پێشمەرگە و دێمەوە بۆ لات لەم دەشتە، باوکم زۆر وریا و ئازا بوو، ناسراو بوو بۆ خەڵک، شەو و ڕۆژ لەو دەشت و مەزرادا بوو، ئاگای لە دار و بەردی ئەو ناوە بوو، ئەگەر بەیانییەک بڕۆیشتبایە بۆ دەشتەکەمان دەیزانی گوڵێک ژاکاوە، دەیزانی لەقە دارێک شـــکاوە، دەیزانی ڕێبوارێک شـــوێن پێڵاوەکانی کەوتووە، هەموو شـتێکی دەزانی، دەنگی چۆلەکەی سـەر درەختەکان و خوڕەی ئاوی جووگەلەکەی و لوورەی گورگە خۆ حەشاردراوەکەی نێو دارەکان و دەنگی کوڕ و کچەکـانی و دەنگی پێکەنینە شـــەرمێونەکەی دایکم و دەنگی هۆرەی خۆی و کاک هاشم و کاک تەوفیقی هاوڕێی دەناسییەوە، بەڵام ئەو جارە کە بینیمەوە زانیم دایکم ڕاســـت دەکا پاش شـــەهید بوونی ئەشرەف باوکم مردبوو...

مانگی جۆزەردان بوو، بۆ ئەرکێکی تەشکیلاتی نێردراینەوە بۆ ناوچە، جەولەیەکی پـان و بەرینی نـاوچەی لەیلاخمـان کرد، ئەوە چەنـدمین

جارم بوو بە پێشمەرگایەتی بچمەوە بۆ ئەو ناوچەیەی خۆمان، بە هەلم زانی ئەو بەڵێنەم کە بە باوکم دابوو بیبەمە سەر و سەردانێکی بکەم لە دەشتی خۆمان، لە قەراخ شاری دێولان بووین، دەشتی لەیلاخ پان و تەخت و شەو و ڕۆژ ئاوەدانە، وەرزی دوورینەوەی گەنم و خەلە و خەرمان بوو، ئەو ڕۆژانە سەرمەست و پر لە هەست و شەوقی چالاکی و دیدار و چاو پێکەوتن بووین، کۆڕ و کۆبوونەوەمان بۆ خەڵک دەکرد و ئاوات و ئارەزووەکانی خۆمان لەگەڵ ئەوان ئاوێتە دەکرد، وەک منداڵ بیانووم بە هاوڕێیان دەگرت کە بمبەن بۆ ئەوی کە چاوێکم بە باوکم بکەوێ، بیستبووم ناساغە و دەترسام ئەو هەلەم لە دەست دەرچێ و ئیتر نەیبینمەوە، پاش بگرە و بەردەیەکی زۆر وتیان زۆر چاکە دەتبەین، کەوتینە ڕێگا بۆ نیوە شەو گەیشتینە دێ کۆن، زۆر شت گۆڕدرابوو، ویشکە ساڵی ڕووی تێکردبوو، هەموو چۆمەکان ویشک و هەموو درەختەکان بڕابوون، بە ئەستەم پۆلەدا و دارستانت دەبینیوە کە تێیدا خۆت حەشار بدەی، ئەو شوێنانەی دەشتی خۆمان کە منداڵی چاوشارێکیمان لێدەکرد و خۆمان حەشار دەدا هیچی لە جێخۆیدا نەمابوو، بۆ دڵنەوای خۆم دەمگوت ئەو کات منداڵ بووم و ئەو دار و درەخت و زەل و گژ و گیانە هەمووی لە لام بەرز و گەورە بوون، ئێستا گەورە بووم و باڵام لەوان بەرزتر بووە بۆیە ئەوان نەگوڕاون، ئەوە منم گەورە بووم، وتم ئێوە لێرە بخەون و من نیگابانی دەدەم، خەیاڵتان ڕاحەت بێ ئێرە وەک لەپی دەستم دەناسم و هیچ کێشەمان بۆ ساز نابێ، ئەوان خەوتن و من دەستم کرد بە گەڕان، بە نێو ئەو دەشتەدا دەگەڕام بە شوێن جێ پێ منداڵیمدا، خەیاڵ بردبوومی، لەگەڵ هاوڕێیانی منداڵیمدا کایەم دەکرد، خۆم لە نێو گیاکاندا حەشار دەدا و

کەس نەیدەدۆزیمەوە، دڵۆپ دڵۆپ فرمێســـکەکانم بەر دەبوونەوە، بە هۆی تاریکی شـــەو و تەنیا خۆم خەوەر بووم کەس نەیدەبینی، بۆیە بە کوڵ گریام..

بەرەبانی زوو کوڕەکانم بانگ کرد، وتم هەسـتن ئێسـتا باوکم دێ بۆ ئەم دەشـــتە، هێشـــتا هەوا بە تەواوی ڕووناک نەبوو، دەنگی باوکمم بیســـت، وەک کوڕە لاوێک کە لە جێژواندا چاوەڕێ یار دەکا، هاتووچۆم دەکرد، باوکم بەرەو لای ئێمە هات، ئێمەی نەبینی، خاک ئەندازەکەی هەڵگرت و بەرەو ژوور ڕۆیشـت، دیار بوو هێزی لێبڕابوو، سـەر و ڕیشـی وەک بەفر ســپی ببوو، هەر دەهات و دەرۆیشـــت، لە بەر خۆیەوە ورتە ورتی دەکرد، کوڕەکـان چـاویـان بڕیبووە من، بێ دەنگی دەمەو بەیـانی باڵی بە سـەر ئەو دەڤەرەدا کێشـابوو، سـەرم لە بن دوو دارە سـێوەکە بردە دەر و بانگم کرد باوکە، باوکە، باوکە گیان...

جـارو بـارە ئـاورێکی دەدایە، جـارێکیتر بەرزتر بـانگم کرد، ســـەیری کردم، بەڵام هیچ وڵامێکی نەدایەوە، بە ڕاکردن ڕۆیشتم و باوشم پێیدا کرد، پەشـــۆکابوو و لە پرمەی گریانیدا و ئەو جار وەها باوەشـــی پێیدا کردم حەزی دەکرد بەرم نەدا نەکا بفڕم و بڕۆم، دەستم گرت و هێنامە لای کوڕەکـان، هەموویـانی مـاچ کرد، پرســـیم بـاوکە گیـان لە بیرتە دەمگوت بەڵێن بێ بە پێشـــمەرگایەتی بێمەوە ئەم دەشـــتە و بێمە پەنات و پێنەزانی، ئەو کات دەتگوت قەد شتی وانابێ و دڵنیا بە لەگەڵ بای نەرمیش بێنە پەنام هەر پێدەزانم، وتی ڕۆڵە ئەو کات جەوان بووم، لەوەنـا ئێوە ڕۆیشـــتوون من لەم دەشـــتەدا لەگەڵتـان دەژیم، ڕۆژانە

قســـەتان لەگەڵ دەکەم، هەموو ڕۆژێک دێنە تەنیشـــتم و دەتانبینم، بۆیە ئەو جارەش بە خەیاڵم زانی..

ئەو ڕۆژە تاکوو ئێوارە داهات لە لای ماینەوە ئاگرمان کردەوە و چای و نانی بەیانیمان خوارد، تا نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە ماینەوە، باوکم نیگابانی دەدا و جارو بارە دەهاتەوە لامان، شەو نەخەوتبووم، وتم کوڕەکان ئێوە بە خەبەربن بامن کاتژمێرێک بخەوم پاشــان هەڵدەســتین و ئەم ناوە جێدەهێڵین، ســەرم لە ســەر کۆڵەپشــتییەکەم دانا و خەوم لێکەوت، یەک ساعەت ببوو بە دوو ساعەت و نیو، کە هەستام سەرم لە سەر ڕانی باوکم بوو، ماچێکی ســەری کردم و فرمێســکەکانی وەراندە بەسەرمدا. هەستام ماڵاوایم لێکرد، جلیسقەکەی خۆم و دەستماڵی دەور ملمی هەڵگرت بۆ خۆی و ڕەشــتیەکەی دەوور ملی خۆی داپێم، وتی ڕۆڵە خودا پشـــت و پەناتان بێ ئێوە پاکترین مرۆڤی کوردن، شانازیتان پێیەوە دەکەم، هەناسەیەکی هەڵکێشا، وتی من سەیرت ناکەم بڕۆ با دوا دیدارمان نەبینم، وەک ئەوەی خەیاڵم کردبێ کە هاتوونەوە...

ئەو چەند ســـاڵە ماڵی ئێمە تا ڕادەیەک ئارامی بە خۆیەوە گرتبوو، ئەگەرچی هێشـــتا داغی ئەشـــرەف هەر لە دڵماندا بوو، بەڵام کاکم ئەنوەر گەڕابوویەوە نێو مـاڵ و منـداڵی، بەڵام وەک دەرکەوت ئەم ئارامییە کاتی بوو، ئەفشـــین و ڕامین گەورە ببوون، تا ڕادەیەکیش ســـەربزێو، هەموو جـارێـک تەلەفوونم بۆ دایکم دەکرد، دیگوت نەســـیحەتێکی ئەفشـــین و ڕامین بکە ئاگایان لە خۆیان نییە، لاون و دەمیان ناوێســـێ و بە ئاشـــکرا دژایەتی دەوڵەت دەکەن و کۆڕ و

کۆبوونەوە ســـــاز دەکەن، کەوتوونە بەر چــاو، ئیتلاعــات لە ڕێگــای کەسانێکی سیخۆڕەوە بە شوێنیانەوە بوو، لەو سەروبەندەدابوو شەوێک هێزەکانی ئیتلاعات هەڵدەکوتنە سەر ماڵمان و ئەفشین دەگرن، ئەوە بۆ دووهەمین جـار بوو ئەفشـــین بکەوێتە زینـدان، دواتر دەرکەوت کەسـانێکی سـیخۆڕ دەووریان گرتبوو، ئەویش باسـی پێشـمەرگایەتی و سیاسـی بۆ کردبوون، ئەوانیش ڕاپورتیان لێدابوو و گیرا و شـەش مانگ حوکم درا، هێرشـــی داعیش بۆ ســـەر کوردســـتان دەســـتی پێکردبوو، ڕامین بەشـــــداری گردبوونەوەکـانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی دەکرد لە دژی داعیش، پێوەندی تەشـکیلاتیشــی لەگەڵ هاوڕێیان سـاز کردبوو، هەر جارە و لە شـــار و کۆڕ و کۆبوونەوەیێکدا دەبینرا، چەندین ســـەفەری کردبوو بۆ مەهاباد، لەگەڵ کۆمەڵێک لاوی مەهابادی ببوو بە هاوڕێ کە ئەوان ســـەر بە ڕێکخســـتنەکـانی پژاک بوون، داوایـان لێکردبوو کە بەشـــداری شـــەڕ لە دژی داعیش بکات لە ڕۆژئاوا، ئەو جم و جۆڵانەی ڕامین دایکمی نیگەران کردبوو، هەر جارە و تەلەفوونم بۆ دایکم دەکرد ئەوانەی بۆ دەگێڕامەوە، پێی وتم قسەیەکی لەگەڵ بکە، چەند هاوڕێی خۆمم لە سنەوە نارد بۆلای بۆ ئەوەی نەسیحەتی بکەن و پێیبڵێن وریا بێ و لەو جم و جۆڵانە ئاگای لەخۆی بێت، بەڵام بە قســـەی کەســـی نەدەکرد، پڕ لە غروور و پەلەی ئەو پەیـامەی بوو کە دەبوایە بە لاوی بیگەهێنێ، پۆلێکیان ســـاز کردبوو، ڕۆژێکیان لەگەڵیان قســـەم کرد، ســـەباح و ڕامین و چەند هـاوڕێ و هـاوتەمەنی خۆیان پێکەوە بوون، ســـەباح شــارەزای کۆمپیوتێر بوو، تازە پێگەیشـــتوو و تێگەیشـــتوو بوو، سـەری پڕ بوو لە پرسـیار و نەیدەهێشـت وڵامی بدەمەوە دەیگوت خاڵۆ پرســـیارێکی ترم هەییە، هەســـتم کرد گەورە ببوون و تازە ناکرێ وەک

ئەو منداڵەی کە پۆلی یەک بوون و دەســـتیانم دەگرت ودەیانمبرد بۆ قوتابخانە، وەها لەگەڵیان بدوێم، بەڵام پێم وابوو دەبێ دەرس بخوێنن و بتوانن بمێننەوە لە نێو خۆی وڵات، بە تایبەتی ڕامین دەمزانی دایکم بێ ئەو هەڵناکا، گوشاریان هێنابوو کە دێنە دەرەوە بۆ پێشمەرگایەتی و بۆ شـەڕ لە دژی داعیش، هەڕەشـەیان دەکرد لەوەی ئەگەر ئیجازەمان نەدەی ئێمە دەچین بۆ ڕۆژئاوا، بەڵێنم پێدان کە دەیانهێنم بەڵام وتم پەلە مەکەن و ئاگادارتان دەکەمەوە، چەند ڕۆژێک نەگوزەرا ڕۆژێک لە فێرگەوە پێوەنـدیـان پێیەوە گرتم کە ڕامین و ســـەبـاح هـاتوون بۆ پێشـــمەرگایەتی، ئەوان خۆیان بڕیاریان دابوو و پێوەندیان بە فێرگەوە گرتبوو و هێنـابوویـانن، چەنـد ڕۆژێـک لە مـاڵەکەی خۆم ڕام گرتن، زۆر پاڕامەوە ڕامین گیان دایکم شـــێت دەبێ بۆیە دەبێ بگەڕێتەوە، بەڵام گەورەتر و عـاقڵتر لەوە بوون کە وەک منداڵێ لەگەڵیان قســـە بکەم، دەیانگوت ناگەڕێنەوە و دەبینە پێشـــمەرگە، ســـەباحم نارد بۆ فێرگە و ڕامینم ڕاگرت بۆ مـاوەی یەک مـانـگ لە مـاڵەکەی خۆمـدا بۆ ئەوەی بەڵکوو پەشـــیمان ببێتەوە و بڕواتەوە ئاگای لە دایک و باوکم بێت، بە تایبەتی لەو ماوەیەدا کە ئەفشـــین گیرابوو و لە بەندیخانە بوو کەس نەبوو ئـاگـای لە دایـک و بـاوکم بێـت، بەڵام بە قســـەی نەکردم، من ڕۆیشـــتمەوە بۆ ناوچە، لەو ماوەیە تا گەڕامەوە ڕامینیش ڕۆیشـــتبوو بۆ فێرگەی پێشـــمەرگـایەتی، کـاتێـک لە نـاوچە گەڕامەوە هەر دووکیـان سـەباح و ڕامین بوون بە پێشـمەرگە، کە سـەیرم دەکردن گەش گەش باڵام دەکرد..

**کزە لە جەرگی شار هەڵسا !**

بەرەبەیانی ڕۆژی هەینی دووی پووشـــپەڕی ١٣٩٦ی هەتاویی، ئەو ڕۆژە تاڵ و لە بیرنەکراوەی ژیانی بنەماڵەی ئێمە و خەڵکی کوردســـتان بە گشتی و بە تایبەتی خەڵکی شاری سنەیە، تازە لە خەو هەستابووم، تەلەفوونەکەم زەنگی خوارد، وڵامم دایەوە یەکێک لە هاوڕێیانی نێو خۆ بوو لە شاری سنە، بە دەنگی بەرز هاواری کرد ماڵوێران بووین کوڕەکان شـەهید بوون، هەواڵی ئاوا دڵتەزێنم قەد نەبیسـتبوو، هەواڵی شـەهید بوونی هـاوڕێیـانم لە پێشـــمەرگایەتی، هەواڵی شـــەهید بوونی کـاکم ئەشـــرەف، هەواڵی حوکمی ســـێدارەی کاکم ئەنوەر، چەندین جاریش هەواڵی شـــەهید بوونی ئەمجەدم پێ گەیشـــتبوو، بۆ چەند چرکەیەک بڕوام نەکرد و هیوادارم بووم درۆ بێ، دایکم تلفوونی کرد زریکـانـدی، ئێســـتاشـــی لەگەڵ بێ ئەو دەنگەی دایکم لە نێو مێشـــکمدا هاتووچۆ دەکا، زرینگانەوەی ئەو قیژەیەی دایکم گەیشتە گوێ هەموو شار و دێ ئەو ناوچەیە..

بەڵێ ڕاســـت بوو، ئەوە هەرەس بوو، زریان بوو، زەوین لەرزە بوو، هەواڵ نەبوو، کارەساتێک بوو لە قوڵای کوردستانەوە، سەباح و حامید و بهێزاد گیانی ئازیزیان بەختکرد و ڕامین بە برینداری کەوتە دەســـت ڕژیم، وێنەکانی لە میدیاکانی ڕژیمەوە بڵاو بوونەوە، ناســـیانمەوە، ســـەباحم زوو ناســـیەوە بە ترپەی دڵم ناســـیمەوە، ســـەباح لەتێک لە گیانی زیندووی من بوو، تیژ و تێگەیشتوو، بە بیر و بڕوا پۆڵاین، دیگوت خاڵۆ گەر کوردســـتان ڕزگار بێت هەر دەبمە لاینگەری هەژار و فەقیر، قەد خۆشـــم لە دەســـەڵات نایە، لە بەر کۆمەڵە نەبێ خۆشـــم لە دەســـەڵاتی نێو کۆمەڵەش نایە، ســـەباح دەردی هەژاری چەشـــتبوو، کوێرەوەری منداڵی لە ناخیدا پنگی خواردبوو، هیچ دەســـەڵاتێک نەیدەتوانی لە دڵی دەربکا، عاقڵ و زانا بوو، باڵای بەرز و چاوی ڕەش و شـــەرمێکی پاک لە ژێر چاویلکەکەیدا خۆی حەشـــار دابوو، جارو بارە چاویلکەکەی لا دەبرد من دەمدی، لە نێو چاویدا دەمخوێندەوە چ هیوایەک خەوتووە، دەستی ڕاستی ئەو ساڵانەم بوو، لێ فێر دەبووم، هێندە ژیر بوو قەد دڵم نەدەهات نەســـێحەتی بکەم، جارو بارە هەڵدەچوو و توڕە دەبوو، باوەشم پێیدا دەکرد و ئارامم دەکردەوە، وەک خۆی دەیگوت خۆشەویسترین کەسی ئەو ژیانەی منی، ئەو دەیزانی بۆ منیش ســـەباح خۆشـــەویســـترین کەســـی ئەو دەورانەم بوو، ئێوارانێک گەیشـــتم پێ وتی ددانم ئێش دەکا، ئازارێکی زۆری هەبوو، وتم خاڵو گیان دەردەکەت بێ بۆ من، زانی بە ڕاســـتمە وتی قەد چتی وا مەئێژە خاڵو گیان، بە دڵ حەزم دەکرد ئازارەکانی بێت بۆ من، ســـەباح کەســـم نەبوو ئەو لەتێک لە وجوودی من بوو، وەک منداڵی ســـەردەمی خۆم

ژیابوو بۆیە ئازارەکانیم هەست پێدەکرد. کە شەهید بوو کزە لە جەرگم هەڵسا..

وێنەکەی حامێدم بینی، کۆڵەکەی ئەو ســاڵانەی ماڵی ئێمە، باوکم دەیگوت حامید گۆچانی دەستی منە، کوڕی ڕۆژانی تەنگانە بوو، نەترس و گیانفیدا، سەری بۆ کەس نەوی نەدەکرد، ئەوانەی لە زیندان لەگەڵی بوون دەگێڕنەوە چ قارەمانێک بوو، ناســراو بوو بە حامید کۆمەڵە، دەســتێکی گوڵە ســووره بوو و دەیبرد بۆ نەورۆزی تەنگیســەر، ئەو دەســتەکەی چەکێک بۆ ســزای خەیانەتکاران، ڕۆژێک لە مەیدانی ئیقباڵی ســنە هاواری دەکرد کوبانی تەنیا نییە، ســنە پشــتیوانیە، بۆ شەوەکەی لە چەم شاری سنە بە کەواو پاتۆڵە خاکی پۆشەکانیەوە نانی بۆ ئێمەی پێشمەرگە دەهێنا، دەستێکی لە نێو دەستی پەریا و پەرینا بوو دەســتێکی لە ژێر باڵی دایک و باوکمدا بوو بۆ بەر زیندانەکان دەیبردن، عاشــقی کوردســتان و پێشــمەرگایەتی بوو، حەزی دەکرد کچەکانی ببنە پێشمەرگە، تا سەر ئێسقان ڕەقی لە هێزەکانی ڕژیم بوو، جارێک کە گیرابوو بە بازجۆەکەی وتبوو نفرەتم لێیتان هەییە، گەر سەر نەکەوین و کوردســتانمان ڕزگار نەبێ، خۆ دەتوانین هەموو ڕۆژێک تفێک لە نێو چاوی ئێوە بکەین، ئەو پێکەنینەیم لە کاتی ئەشکەنجەدانمدا بە دەستی ئێوە گەورەترین سەرکەوتنە، حامید وابوو ئەو کەســە بوو کە بە گڕ قوللەی قافا دەچوو، بیســت ســاڵ خۆڕاگری کرد، سوێندی بە گۆڕی کاک شۆکێ دەخوارد، هەمیشە دەیگوت ناکرێ کورد بیت و پێشمەرگە بی و بە مەرگی ئاسایی بمری، ناکرێ کورد بی و شــەهید نەبی، ســەیری وێنکەیەم کرد لێوەکانی ویشــک ببون حامید

ئاخرین تفی لە نێو چاوی داگیرکەر کرد و پێشـمەرگە ئاسـا گیانی خۆی بەخت کرد..

بێهزاد پێشـــمەرگەی شـــاخ و شـــار بوو، ئەو بەر لە من ببوو بە پێشـــمەرگە، بەڵام بە هۆی نەخۆشـــینی دایکەوە لە ســـەر داوای تەشـــکیلات گەڕابوویەوە نێو خۆ، هێشـــتا کارتی پێشـــمەرگایەتی لە باخەڵیدا بوو، شـــارەزای کوون و کەلە بەری ســـنە و ئاواییەکانی دەوروبەری بوو، وەک خۆی دەیگێڕایەوە بۆ ئەوەی تەواوی ئەو ناوچانە بناســـێ و بیزانێ، لەگەڵ هاوڕێیەکی کە پارچە فرۆش بوو دێ بە دێ گەڕابوو، ژێر و مەند و لە ســـەر خۆ، دەنگێکی ســـەحراوی و دڵگیری هەبوو، لە پشـــت ئاوایی ســـەراو قامێش ئێوارانێک چاوەڕێی بووین حامید کە گەڕابوویەوە نێو شـار بۆ ئەوەی نان و پێخۆەرمان بۆ بهێنێت، گورانێکی خوێند کە پاش شـــەهید بوونی دڵم نەهاتووە گوێی لێبگرم، گۆرانی کەماڵ موحەمەد بوو، بڕیاری چی بەم چۆن خاک جێ بێڵم، بۆ یەکەم جارم بوو ئەو گورانییە ببیستم، ئەو ئێوارەیە دەمانڕوانیە سەدی پەنای شـاری سـنە و بە دەنگی بەرز ئەو گۆرانییەی بۆ خوێندم، هەموو جـارێـک دەچووینەوە بۆ نـاوچە و لە کـاتی گەڕانەوەمـان بۆ بـاشـــوور دەکەوتمە بیری ئەو گۆرانییەی کەماڵ موحەمەد کە بێهزاد بۆی وتبووم، کوڕەکان دەیانپرســـی بۆ حەزت لەو گۆرانییەیە، دەمگوت ئەوە یادگاری یەکێک لە هاوڕێیانمە لە سنە، جارێک سەردانی کردم لە باشوور، وتی دەبێ بمبەی بۆ لای کەماڵ موحەمەد، پرســـیار پرســـیار لە ســـلێمانی چـاومـان بە هۆنەرمەنـد کەمـاڵ موحەمەد کەوت، وتمـان ئێمە لە ڕۆژهەڵاتەوە هـاتووین، حەزمـان لە دەنگی تۆیە و ئەو ئـاوازەتمـان پێخۆشـە، ویسـتوومانە بین سـەردانێکت بکەین، زۆری پێخۆش بوو و

دەعوەتی کردین بۆ شـــوێنێـک و ئێوارەیەک میوانی بووین، من خۆم پێناسـاند، وتم من پێشـمەرگەم و ئەو هاوڕێیەشـم چالاکی نێو شـارە، ئەوەشـم بۆ باس کرد کە بە پێشـمەرگایەتی لە پەنای شـاری سـنە ئەم هاوڕێیەم بۆ یەکەم جار ئەو گۆرانییەی بۆ خوێندم، بهێزاد ســـەمیمی و پـاک، قـایم و خۆڕاگر بوو، نهێنی پـارێز و ئەمـانەتـدار بوو، دیگووت نیگەران مەبن هەتاکوو ئێمە مابین لە ژیاندا ناهێڵین دایک و باوکت دڵتەنگ بن، بێهزاد و حامید زیاتر لە من و ئەمجەد خزمەتی دایک و باوکمیان دەکرد، ئەوان بۆشـــایی نەبوونی ئێمەیان بۆ ماڵی ئێمە پڕ کردبووەوە، بە دەیان جار خۆی خسـتبووە مەترسـیەوە و کاری گەورەی ئەنجام دابوو، دۆسـتایەتی لەگەڵ هەموو کەسـێکی سـیاسـی و هەموو تەیفێکی سـیاسـی خۆش بوو، وەک خۆی دەیگووت من کۆمەڵەم بەڵام هەر تێکۆشـــەرێک لە هەر حیزبێکدا بێ و پێویســتی پێم بێت درێغی ناکەم، هەر ئەوەش وای کردبوو لە نێو خەباتکارانی حیزبی دێموکرات و پژاک و لایەنەکانی دیکەیشدا خۆشەویست بێت، دوای شەهید بوونی زۆر خەباتکاری دێموکرات و پژاک پێوەندیان پێیەوە گرتم و پێیان وتم کە بێهزادمان دەناســی و وەک کەســی خۆمان ســەیرمان دەکرد، تازە منـداڵی ببوو، تەلەفوونی بۆ کردم وتی دەبێ تۆ نێوێک پەیدا بکەی بۆ کچەکەم، منیش نێوی کیژانم پێ پێشـــنیارکرد و ئەو تاقانە نازدارە بە جێماوەی وەک یادگار بۆ ئێمە و کوردسـتان بە جێهێشـت و گیانی خۆی لە پێناو ئازادی بۆ کیژان و کوردستان بەخت کرد..

بەڵام لە نێو وێنەکاندا کە ڕاگەیاندنەکانی کۆماری ئیســـلامی بڵاوی کردنەوە ڕامینم نەبینی، لەگەڵ بڵاو بوونەوەی هەواڵکەدا، دەورم پڕ بوو لە هاوڕێیان، بە بیسـتنی هەواڵەکە چۆکم شـکا، زمانم نەدەگەرا، بەڵام

زوو خۆم گرتەوە، نەمدەویســـت دوژمن پێ شـــاد بێت، ئاخر دەمزانی گیرانی ڕامین چ مـاڵوێرانێکی بە دواوەیە، ڕژیم بـارمتەیێکی بـاشـــی دەسـتخسـتبوو بۆ بە چۆکدا هێنانی ئێمە و بنەماڵەمان، سـاڵیانێک بوو بە هەر شـــێوازێـک بۆمـان کرابێ بووینە بەڵای گیـانی داگیرکە لە ناوچەکەدا و شار و گوندمان لێ هان دابوو، بۆیە ڕژیم بە هەڵی دەزانی. ڕامین دوو فیشـــەکی بەر کەوتبوو، دواتر کە لە زینـدانی ڕەجایشـــار قسەمان کرد بە وردی بۆی گێڕامەوە.

وتەکانی ڕامین لەگەڵ من لە بەندیخانەوە:

وتی چاوم کردەوە لە سـەر تەختی نەخۆشـخانەی تەوحیدی شـاری سـنەم، دەووروبەرم پڕ بووە لە پاسـدار و جاشـە کورد، کەسێک هات و وێنەیەکی لێگرتم و بە موبـایلەکەیـدا بەڕێ کرد بۆ کەســێـک، گوێم پێیەوە بوو بە دنگی بەرز هاواری کرد بەڵێ خۆیەتی بە وریایەوە ئاگاتان لێی بێ، بە هەلیکۆپتێرێـک گوازرامەوە بۆ شـــاری تـاران، یەکێـک لە بەرپرســـانی هێزە داگیرکەرەکـان زوو زوو دەیقیڕانـد بە ســـەر دوو پزیشـکەکەدا و دەیگوت نابێ بمرێ، ئێمە بە زیندوویی پێویسـتمانە و نەهێڵن بمرێ، باروودۆخم زۆر خراپ بوو، یەکێک لە فیشـــەکەکان بەر لاقم کەوتبوو کە برینەکەم قورس نەبوو، بەڵام فیشەکێک زگی گرتبووم بە گورچیلەم کەوتبوو، وێرای ئەوەی بە دەرزی سـڕ کرابووم بەڵام چاوم سـەقفی کۆپترەکەی دەدی و گوێم لە نەڕە نەڕی ئەو پاسـدارەش بوو، لە دڵی خۆمدا خەرێک بووم خۆم ئامادە بکەم، دەمزانی بۆیان گرینگم و هەموو هەوڵی خۆیان دەدەن بۆ ئەوەی بە زیندوو بمێنم تاکوو دواتر بنەماڵەم و براکـانم لە ڕێگەی منەوە بە چۆکیـانـدا بهێنن، حەزم دەکرد

بمرم و دەگەڕام بۆ ڕێگـایەک خۆم بکوژم، بەڵام هەر دووک دەســـتم بەسـترابوو، تاکە هیوا و هومیدم ئەوە بوو بەڵکوو زوو نەگەینە بەرەوە و لە ڕێگـادا بە هۆی بەربوونی خوێنەوە گیـانم دەربچێ، لە بەر ئەوەی دەمزانی بە زیندوویی ئەسـتەمە لە دەسـتیان دەربچم، هەرچەند بیرم لە بنەماڵەم و خۆڕاگری دەیان ساڵەیانم دەکردەوە دەروونم و جەستەم ئامادەی خۆڕاگری ببوو، بەڵام دەترســـام لە ڕێگای دەرزی و بابەتی لەو شـــێوەیە بتوانن بە چۆکمدا بێنن و قســـەیێک بە دڵی ئەوان بکەم، بە دووری ڕێگـاکە و بە بیســـیمی پاســـدارەکەدا کە لەگەڵ یەکتری لە پەیوەندیدا بوون زانیم دەمبەن بۆ تاران.

هەوا تاریک بوو، لە سـەر تەختێک ڕایانکێشـابووم و دەسـت و لاقم بەسـترابوو و چاویشـم داپۆشـرابوو، بردمیانە ژوورێکەوە و دوکتوورێک هات بۆ لام، دوکتوورەکە وا تێگەیشـتبوو کە من پاسـدارم و لە سـووریە بریندار بووم، خەریک بوو ئامادەم بکەن بۆ ئەوەی عەمەڵم بکەن، کابرا پرسـیاری کرد تورکی، من تەنیا چاو و دڵم کاری دەکرد، هیچ قسـەیێکم بۆ نەدەکرا، حـاڵم زۆر خراپ بوو، هیچ وڵامێکم پێنەدرایەوە، وتی نیگەران مەبە ئێرە نەخۆشـخانەی سـپایە و باشـترین دوکتوورەکانی لێیە، ناهێڵین بمری، ئیتر بێهۆش بووم..

شــاری ســنە شـڵەژابوو، تەلەفوونەکەم لەو کاتەدا بە سـەدان جار زەنگی دەخوارد، هەر کەســـە و جۆرێک ڕەوایەتی دەگێڕایەوە، هەموو هاوڕێیانی پێشمەرگە شڵەژاو چاو بە فرمێسک بوون، پۆل پۆل دەهاتن و خۆیان دەڕنی، هەسـتام و داوام کرد کە ئەو هاوڕێیانە کۆ بکەنەوە بۆ ئەوەی قســـەیێکیـان بۆ بکەم، بەڵام چ قســـەیێک نـازانم، ســـەیری

دەمووچـاوی هەمووبـانـم دەكـرد غەم و نـارەحەتـیـكـی بـێ وێـنەی لێنیشتبوو، لە دڵی خۆمدا وتم نابێ بشكێین، ئێمە درووست كراوین بۆ بەرگری و خۆڕاگری، دەستم بە قسە كرد، وەک ئاوێک پژاندنم بە سەر ئاگری دەروونی هەموو هاوڕێیاندا، بەڵام خۆم لە دەروونەوە دەكوڵام، چـاوەڕێی ئەمجەد بووم لە دەرەوە بگەڕێتەوە بۆ كوردســتـان، زۆری نەخایاند وتیان ئەمجەد گەڕایەوە، باوەشـمان بە یەكدا كرد، تەنیا هەر دووكمان دەمانزانی چ قەوماوە، هەر زوو ئەمجەد وتی دەبێ چارەێک بدۆزینەوە، من و ئەمجەد و ڕێبوار لە ماڵەكەی مندا كۆبووینەوە، تەنیا خۆمان بووین و زۆرمان قســە كرد، ئەمجەد وتی ئێمە ئەزموونی ڕزگار كردنی كاک ئەنوەرمان هەییە، دەبێ دەســت بەكار بین و جیهانی لێ ئـاگـادار بكەینەوە، ئەمجەد گەڕایەوە بۆ ئـاڵمـان و دەســتی كرد بە دروســت كردنی كەمپەینێک و چالاكییەكانی دەســت پێكرد، هەر لە ســەرەتای ســازكردنی ئەو كەمپەینەوە بە دەیان كەســایەتی و هاوڕێی ئـازیزمان ئـامادە بوون بۆ هـاوكـاری و كردیشــیان و جێی خۆیەتی لە دەرفەتێكی تردا بە وردی ئەو كەمپەینە گەورە و بەرفراوانە جیهـانییە كە تا ئەو كاتە بێ وێنە بوو بنووسرێتەوە بۆ ئەوەی فەرامۆش نەكرێت.

ئەو ڕۆژانە ســەرەتـای ڕۆژانی تـاڵ و لە بیر نەكراوی ژیـان بوو، نەمـدەزانی چۆن ڕووبەرووی دایكم ببمەوە، تەلەفوونەكەم هەڵگرت و زەنگم بۆ دایكم لێدا، سـڵاوم كرد و وتم ســەرەخۆشـیت لێدەكەم بۆ كوڕەكان، بەڵام هەموو هەوڵی خۆمان دەدەین بۆ نەجاتی ڕامین، وتی ڕۆڵە ئێوەم بە زەجرەوە گەورە كرد، هەمووتان ڕۆیشــتن و تەنیا ڕامینم بۆ مابۆوە، ئەویشــم چوو، بەڵام بۆ ئەوەی دڵی من خۆش بكا، نەگریا، وتی دەزانم دەوڵەت بۆ تۆڵە لە ئێوە واز لە ڕامین ناهێنێ، ئێوە ئاگاتان

لە خۆتـان بێ، شـــەش مـانـگ تێپەری، هـاواری کەمپەین و خەڵکی کوردســـتان و هەوڵەکانی دایک و باوکم بە هیچ کوێ نەگەیشـــتبوو، کەس ئـاگـای لە ڕامین نەمـابوو، یەکێـک دەیگوت مـاوە و یەکێـک دەیگوت کوشـــتوویـانە، تـاکوو ڕۆژێـک دایکم ڕۆیشـــتبۆ بەر زینـدانی ناوەندی شـــاری ســـنە و نەوتی بە ســـەر خۆیدا کردبوو، لەوکاتەدا ویســـتبووی خۆی بســـووتێنێ بۆ ئەوەی ڕامینی پێنیشـــان بدەن، ڕژیم ترســـابوو، دەنگی خەڵک بەرز بوویەوە، بە ناچار بڕیاریان دابوو دایکم چاوی بە ڕامین بکەوێ، بەڵام وتبوویان تەنیا بۆ چەند چرکە دەهێڵین ببینی و هەتـاکوو دادگـایی نەکرێ ئیزنی چاوپێکەوتنی پێ نـادرێت، لە ڕێگای یەکێک لە هاوڕێیانەوە وتم بڕۆن با پێش چاوپێکەوتن کە بڕیار بوو لەو ڕۆژانەدا جوابی پێ بدەنەوە قســـەیێک بکەم، وتم دایکە ئەوە هەلێکی باشـــە بۆ ڕامین کە بزانێت کە خەڵک لە ســـەری وەجواب هاتووە، لە بەر ئەوەی ڕامین لە دونیای دەرەوەی زیندان بێ ئاگایە و نازانین بەرپرســـانی ئیتلاعات چیان پێ وتووە، بۆیە ئەو چەند چرکەیە هەلێکی باشە بۆ ئەوەی ئەو قسانەی دەرەوەی پێ ڕابگەیەندرێ..

بۆ ڕۆژی دواتر تلفوونیـان بۆ دایکم کردبوو، پێیـان وتبوو کە بە مەرجێک دەهێڵین چاوت بە ڕامین بکەوێ، کە پێ بڵێی هاوکاریمان بکات و چیمان دەوێ بە قســـەمان بکات، ئێمەش ناهێڵین زۆر لە زیندان بمێنێتەوە، دایکم وتبووی باشە پێی دەڵێم، دایکم کە چاوی بە ڕامین کەوتبوو کەسێکی ناسراوی شاری سنەشیان لەگەڵ بوو، دەچنە ژوورێکەوە، دایکم و ئەو کەسـایەتییەی شـاری سـنە چاوەڕێی دیداری ڕامین دەبن، کە ڕامین دێتە ژوورەوە دایکم لە ســـەر خۆی دەچێت، ئیتر ئەو چاوپێکەوتنە ئاوا کۆتایی هات و ماشـــێنی فریاکەوتنی زیندان

دەچن و دایکم دەگوازنەوە بۆ زیندان، پاش چەند ڕۆژێک کە زەنگم دا بۆ دایکم، وتم بۆ وات لێهات، وتی ڕامینم بینی بۆ یەک چرکە چاوم پێی کەوت، ڕامین گەورە ببوو، ئەو کوڕە بچووکە نـازارەم نەبوو، قـامەتی ڕاسـت و هەیکەلی پاڵەوانانە، چاوم لە چاوی کرد لە هۆش خۆم چووم، دەگریا و دیگێڕایەوە، بەڵام دڵخۆش بوو کە ڕامینی بە زیندوویی بینیوە، ئەوە هەواڵێکی دڵخۆشکەر بوو بۆ ئێمە و خەڵکیش کە زیاتر لە شەش مانگە چاوەڕێ بوون هەواڵی زیندوو بوونی ڕامین ببیستن.

ئەمشـــەو کاتژمێر ١٠ی شـــەوە بە کاتی کوردســـتان ڕێکەوتی ١٠ی ڕێبەندانی ١٤٠٠ی هەتاوییە، بە دەم نووســـینەوەوە بووم تەلەفوونەکەم زەنگی لێدا، وڵامم دایەوە ئەفشـــینی برام بوو، لە بەر نەخۆشـــخانەی بێعســـەتی شـــاری ســـنەدایە، هەواڵی هاتنە ژیانی کوڕە نازدارەکەیانی پێدام، لە کاتی نووســـینی ئەم بەســـەرهاتانەدا بۆ من زۆر ســـەخت و دژوارە و بە خەیاڵ دەڕۆمەوە بۆ ئەو سـەردەمە، وەک ئەوەی برینەکانی خۆم بکولێنمەوە، ئازارەکانم تازە دەبنەوە، ئێستا دڵخۆشم ئەفشین بوو بە باوک، ئەفشـــین نیوەی ڕێکی تەمەنی لە زینداندا بە ســـەر بردووە، دەمێک ســـاڵە چاوەڕێی هاتنە ژیانەوەی منداڵێکن، دوو جار منداڵیان لە بار چووە و مردووە، ئەمجارەیان بە ســـڵامەتی هاتنە ژیانەوە، ئەو کوڕە جوانەیان دڵنیام دڵخۆشـــی کردوون، ئەفشـــین و ڕامین هاورێی منداڵی بوون، پێکەوە گەورە بوون، پێکەوە لە زینداندا بوون، یەکتریان گەلێک خۆشـدەویسـت، بە خۆشـەویسـتی ڕامینەوە نێوی منداڵەکەیان ناوە ڕامین، هیوادارم وەک ڕامین ببێتە جێگای شـانازی بۆ نەتەوەکەی، هیواداریشـــم بەو ئازارانەی ڕێگای ئێمەدا تێنەپەڕێ و ژیانی تەژی بێت

لە خۆشـــی و لە ئـامێزی دایـک وبـاوکیـدا بە ئـارامی بژی، پیرۆزبـاییم لێکردن و گەڕامەوە سەر نووسین و هەڵدانەوەی برینەکان.

شـــەش مـانـگ دوای چـاوەڕوانی هەواڵی زینـدووبوونی ڕامین بڵاوکرایەوە، دایکیشم تەنیا توانیبووی سەیری بکا و تەحەموڵی ئەوەی نەکردبوو کە لە ئامێزی بگرێ و پەیامەکەی ئێمەشـــی پێبگەیەنێت، لەگەڵ دایکم قسـەم کردەوە و داوام لێکرد بەڵکوو داوای چاوپێکەوتن بکـاتەوە، زۆریـان هەوڵـدا بەڵام بێ ئـاکـام بوو، هەواڵی زینـدوو بوونی ڕامین دڵی تا ڕادەیەک خۆش کردبوو و هیوایەکی بۆ گەڕابووینەوە، لەو ڕۆژانەدا کە دایـک و بـاوکم خەریکی بوون بەڵکوو جـارێکتر چـاویـان بە ڕامین بکەوێتەوە، هەواڵی گرتنی ئەفشـــین ئەوەنـدەیتر نیگەرانی کردین، ئەفشین بۆ جاری سێهەم بوو بەبێ هیچ هۆکارێک گیرا و چەند مانگێک بێ ســـەرو شـــوێن بوو، دواتر بۆمان دەرکەوت جم و جۆڵی ئەفشین بۆ بەدواداچوونی ڕامین هێزەکانی ئیتلاعاتی حەساس کردبوو، بۆیە گرتوویانە، چەند ڕۆژ بە دوای گرتنی ئەفشین، ئەحمەدی زاواشمان گیرا، ئەفشـین و ئەحمەد هەر دووکیان پێکەوە بە دوای گرتنی وەکیل و کارو بارەکەی ڕامیندا ڕۆیشـتبوون کە سـەرئەنجام ئەوانیش گیران، گرتنی ئەوان هەم دایک و باوکمی دەسـت تەنیا هێشـتەوە، هەمیش لەو کاتەدا ئازارەکانی بنەماڵەمانی زیاد کرد، کاکە ئەنوەر هێشـــتا لە تاران بوو و ماوەی دوور خرانەوەکەی تەواوو نەبوو، هێزەکانی ئیتلاعات هەڕەشـــەیان لێکردبوو کە ئەگەر لە ماڵەکەت بجوڵێی دەتگرین، هەر چەنـد شـــەو و ڕۆژ خـۆی بە دار و دیـواردا دەدا، لە کـۆکـردنەوەی کەسایەتیسـەکانی کوردی ڕۆژهەڵات بە مەبەستی ئەوەی تێبکۆشـن بۆ ڕزگـاری ڕامین بێوچـان خەریـک بوو، لە ڕێگـای تەلەفوونەوە بەردەوام

لەگەڵ خەڵکی کوردســتان لە پێوەندیدا بوو، بەڵام ئێمە زۆردەترســاین کە بەڵایەکی بە سەردا بێنن و نەماندەهێشت زۆر بجوڵێت و هاتووچۆی کوردســـتـان بکـات، هەر هەوڵەکـانی کـاکم بوو کە توانی کۆمەڵێـک کەسایەتی کوردی دانیشتووی تاران نامەیێک ئاراستەی کاربە دەستانی ڕژیم بکەن بۆ ئەوەی ئیزن بدەن دایکم بۆ جارێکی تر چاوی بە ڕامین بکەوێتەوە، کاربەدەســتانی ڕژیم لە ســنە ناچار بوون لە ژێر گۆشــاردا بهێڵن دایکم ڕامین ببینێتەوە..

قسەکانی دایکم و گێڕانەوەی ئەو چاوپێکەوتنەی لەگەڵ ڕامین :

وتی لە دڵی خۆمدا ســاغ بوومەوە کە ئەمجارە خۆم تێک نەدەم، تاکوو مەجالم هەبێ لەگەڵ ڕامین قســە بکەم، لە ژوورێک دایان نام و چاورێی ڕامین بووم، پێیان وتبووم کە تەنیا دە خولەک ئیجازەت هەیە لەگەڵی قســە بکەی، ئاگادار بە دووربینمان داناوە، بۆیە هیچ قســە و پەیـامێـک نەگەهێنی دەنـا بۆ ڕامین خراپ دەبێ، تەنیـا حەقت هەیە بیبینی و ئەگەر داوای لێبکەی هاوکاریمان بکات ئەوە بە قازانجی ئێوە و ڕامینە، دەرگاکە کرایەوە وەک بەفر ســپی و وەک خۆر نوورێک هاتە ژوورەوە، خۆم ڕاگرت بۆ ئەوەی وەکوو ئەو جارە کاتەکەم لە دەســت نەدەم، دەســت و پێ زەنجیر کرابوو، زڕەی زەنجیرەکەی پێی ئێســتاکەش لە زینمدا دەزرینگێتەوە، قورس و قـایم لە بەرامبەرمدا ڕاوەســتابوو، پاســتارێکیش لە پەنا دەســتمان وەســتابوو، لە ئامێزم گرتەوە، دەمێـک بوو نەمـدیبوو، وتی دایکە تکـایە خۆڕاگر بە، کـابرای پاســتار وتی دەبێت بە فارســی قســە بکەن، ڕامین وتی دایکم فارســی نازانێت، کابرا هیچی نەوت، دەســتم گرت و لە نووکی پێیەوە هەتاکوو

بان سەریم ماچ کرد، حەزم دەکرد بیخۆم و بیخەمەوە نێو زگم و لەگەڵ خۆم بیبەمە دەرەوە، فرمێسـکەکانی سـڕیم، وتم ڕامە گیان نازانم چی ئەکەی هەر چی ئەکەی بگەڕێوە باوەشـم، با نەتکوژن، ماچێکی کردم، وتی دایکە گیان هەموو هەوڵی خۆم دەدەم بگەڕێمەوە باوەشـی تۆ و نیشتمانەکەم، بەڵام یەک پرسیارم لێت هەییە ئایا ڕامینی سەر شۆڕت دەوێ ؟

هیچم نەوت، حەزم نەدەکرد وڵامی بدەمەوە، من ڕامینم دەویست، گەر سـەر شـۆڕیش بووایە هەردەمویسـت، بێ دەنگی من وڵامێک بوو کە ڕامینم لێی حاڵی بوو، وتم دونیا پشـتیوانتە، نیگەران مەبە ڕزگارت دەکەین، ئەو قسـەیەم کرد پاسدارەکە خۆی دەستی ڕامینی گرت و بە توندی لە ژوورەکەی بردیە دەرەوە، منیشـیان بانگ کردە دەرەوە، گوێم لێ بوو بە فارسی بە کابرایکی وت خەریکە زانیاری پێدەدا، ئەو دیدارەم ئارامی کردمەوە، ئەگەرچی لەو ڕۆژە بەو لاوە هیوام بۆ گەڕابوویەوە کە ڕامینم دەگەڕێتەوە و ڕزگاری دەبێت..

پاش ئەو چاوپێکەوتنە، تا ڕادەیـک دڵنیـایی گەڕابووە بۆمـان کە دەتوانین کـارێکی بۆ بکەین، وەکیلی بۆ گیرابوو، ئەگەرچی ئەو ڕۆژانە ماڵی ئێمە لە بێکەسـیدا بوون لە ژێر خەروارێک ئاوارەوە، بێجگەلە دایک و باوکم نەبێ ئەفشـین و زاواکەمان گیرابوون، کاکیشـم لە ژێر دژوارترین گوشـارەکاندا بوو، هیچ کەسـێک نەیدەوێرا شـتێک بکات، ئەوەی دەکرا لە دەرەوەی کوردسـتان بوو، کەمپەینی ڕزگاری ڕامین ڕێکخرابوو بەڵام هێشتا بەو جۆرە نەناسرابوو، کەس بڕوای نەدەکرد کە ڕامین حوکمی قورس بدرێ، هەموو کەسـێک چاوەڕوانی ئەوە بوو کە

سـەرئەنجام زیندانی بۆ دەبڕنەوە، هیچ وەکیلێک بە هۆی هەڕەشـەی ئیتلاعاتەوە نەیدەتوانی پەروەندەکەی ڕامین بگرێتە ئەسـتۆ، لەو ڕۆژانە هەر کەسـێک بیویسـتبایە و کارێکی لە دەسـت بهاتبایە، بێ دوو دڵی قبوڵمان دەکرد وەکیلی ڕامین بوو بە کاک حوسـەین ئەحمەدی نیاز، هەر چەند بە ئێستاشیەوە بێ کە بۆ خۆیشی ئاگادارە زۆر کەس پێیان وتین کە وەکیلی گەورە بگرن، ئێمە ئەوەمـان ڕاگەیـانـدووە هیچ خراپەیەکمان لە کاک حوسـەین نەبینی، تا ماوین سـپاسـی هەوڵ و ماندوو بوونی دەکەین، بەڵام لە پەروەندەی ڕامیندا دیار بوو کە وەکیل ناتوانێت هیچ کارێک بکا، چۆنکە بابەتی بنەماڵەی ئێمە بوو و سـپای پاسداران دەیویست زەبرێکی کاریمان لێ بوەشێنێت..

لە شـوێنی کارەکەم دانیشـتبووم، هاوڕێیان خۆیان کرد بە ژووردا و ئەو هەواڵە چاوەڕوان نەکراوەیان پێدام، ڕامین حوکم دراوە و سێدارەی بۆ بڕاوەتەوە، ناکرێ وەسـفی حاڵی خۆم بکەم، چ بگات بە حاڵی دایک و بـاوکم و خۆشـک و براکـانم، ئیتر لەو ڕۆژە بەولاوە ئەو تۆزقـاڵە هیوایەمان بڕا، بڕینەوەی حوکمی سـێدارە بۆ ڕامین وەک بۆمبێک بە هەموو کوردسـتاندا تەقیەوە، تەنانەت سـنوورەکانی کوردسـتانی بڕی و سـەرتاسـەری ئێران و جیهانی گرتەوە، کەمپەینی بەرینی جیهانی وەگەڕ خرا، ڕامین بوو بە هێما و شـکۆی نەتەوەیێک، خەڵکم دەدی لە ئێمە پەرۆشـتر بوون، بە سـەدان و بگرە هەزاران کوردی تێکۆشـەری سەرتاسەری جیهان کەوتنە خۆ، هەموو حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردسـتان بوون بە پشـتیوانی ڕامین، لە نێو خۆی وڵات لە شـار و شـارۆچکەکانەوە هەر لە کرماشـان و ئیلامەوە هەتاکوو سـۆما و برادۆسـتی ژوورەوەی کوردسـتان بوون بە دەنگی ڕامین، ئیتر ئێمەش

وەک خەڵک بگرە خەڵک لە ئێمە زیاتر پەرۆشـــی ڕامین بوون، ڕۆژانە سـەدان پەیامی جۆراوجۆرمان بۆ دەهات، پۆل پۆل چالاکانی مەدەنی و سـیاسـی، کەسـایەتی ئایینی و بازاڕیان و خەڵکی سـڤیلی کوردسـتانی ڕۆژهەڵات سـەردانی مـاڵی ئێمەیـان دەکرد، ئەو مـاڵە بچووکە قوڕینەیەمان بوو بە قەڵای خۆڕاگری بۆ هەموو تێکۆشـەر و دڵسـۆز و نیشـتمانپەروەرێکی کوردسـتان، لاوان وێنەی خۆیان دەنارد و داوای ئازادی بۆ ڕامینیان دەکرد، پیرە پیاوانی سـەر شـەقامەکان دەگەیشتنە یەک و ئەحواڵی ڕامینیان دەپرسـی، دایکە سـنەیی دەچوونە خانەقای خەلیفە سدیق و دەست بە دوعا دەبوون بۆ ڕزگاری ڕامین، شاخ و شار بوون بە دەنگی نـا بۆ لە سـێدارەدانی ڕامین، لە هەر چوار بەشـی کوردستان هەڵوێست گیرا، هەر کوردێک لە هەر شوێنێکی ئەم گوێی زەوینە بوو، بە جۆرێک بەشـدار و چالاکی دەکرد، نەک هەر لە کوردسـتان ڕامین بوو بەخۆشـەویسـتی هەموو ئازادیخوازێکی ئێرانی، دەیان کچ و کوڕی غەیرە کورد ڕۆژانە لە سـەر شـەقامەکانی تاران و شـیراز و ئەسـفەهان ویدیۆی خۆیان تۆمار دەکرد و دەنارد کە داوای ئازادیان بۆ ڕامین دەکرد، دەنگ و وێنەی ڕامین گەیشتە بەلووچستان، میوە فرۆش و خەڵکی ئاسـایی سـەرشـەقامەکانیش پۆسـتێری ڕامینان بەرز دەکردەوە و نا بۆ سـێدارەیان دەگوت، وێنە دەم بە پێکەنینەکەی بوو بە هەموو جیهاندا دەست بە دەست گێڕدرا، تەنانەت ئەوانەش کە سـەر بە دام و دەزگاکانی ڕژیم بوون ویژدانیان جوڵابوو و داوایان لە کاربەدەسـتانی ڕژیم دەکرد کە ڕامین لە سێدارە مەدەن، کەمپەینێک لە نێو خۆی وڵات لە لایەن چالاکانی مەدەنی شـاری سـنەوە سـاز کرا، دەسـت کرا بە کۆکردنەوەی واژۆ بۆ هەڵوەشـاندنەوەی سـزای لە

سێدارەکانی ڕامین، کە لە ماوەی چەند ڕۆژدا بە هەزاران کەس واژۆیان کرد، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پڕ بوون لە وێنەی ڕامین، بەردەم دەرگای سەفارەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە هەموو وڵاتان پڕ بوون لە مرۆڤی تێکۆشەر و ئازادیخۆاز، هەموو ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بەیانیەیان دەرکرد، ڕێکخراوە جیهانییەکان، کەسایەتییە جیهانییەکان، هۆنەرمەندان، فیلم سازان، هەر کەسێک وێژانی مرۆڤایەتی تێیدا بوو دەیزانی ئەم سزا ناڕەوایە و کۆماری ئیسلامی بۆ تۆڵە و چاو ترساندن لە بنەماڵەی ئێمە و خەڵکی کوردستان دەیکات، ڕامین بوو بە خۆشەویستی هەموو خەڵک، بوو بە خۆشەویستی نەوەی نوێی کوردستان، ڕامین لە زینداندا عاشق بوو، خۆشەویستی ئەو بۆ نیشتمان و و ڕامین بوو خۆشەویستی سەدان کچی کوردستان..

من بەڕێوەبەری یەکێک لەو پەیجانەی کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ساز کرابوو بۆ پشتیوانی لە ڕامین بووم، کچێک ڕۆژانە پەیامی دەنارد، پەیامەکانم خوێندەوە نووسرابوو، تکایە دەمهەوێ لەگەڵ براکانی کاکە ڕامین قسە بکەم، بابەتێکی گرینگ هەییە دەبێ پێیان بێژم، من وڵامم دایەوە کە من برای ڕامینم و فەرموو پەیامەکەتم پێ بێژە، بڕوای نەدەکرد و پاش دڵنیا بوون لەوەی کە من برای ڕامینم، وتی من عاشقی ڕامینم..

وتم سپاس دادەی من، ڕامین هەمووومان خۆشمان دەوێ و عاشقی ئەوین، وتی نەخێر بە ڕاستی من عاشقی بووم و ئەویندارانە خۆشم دەوێ، وتی بیستوومە دایکت دەچێ بۆ چاوپێکەوتن تکایە ئەوەی منی پێ ڕابگەهێنن کە کچێک بە نێوی... عاشقت بووە و خۆشتی دەوێ،

زۆر ســـوێندی دام کە ئەو پەیامە بگەێنم، وتم بەڵێن بێت وادەکەم بە دایکم دەڵێم، بە دایکمم وت کە ئەو پەیـامە بگەێنە بە ڕامین، پـاش چەند ڕۆژی تر بە بڵاو بوونەوەی هەواڵی چاوپێکەوتنی ڕامین و دایکمی زانیبوو، پەیـامی بۆ نـاردم کە ئـاخۆ دایکم ڕامینی ئـاگـادار کردوەتەوە، منیش وتم پێم وتووە و پەیـامەکەتیش گەیشـــتووە، وتی کـاک ڕەفێق ئەرکی هەموومانە نەهێڵین ڕامین بشـــکێ، شـــکانی ڕامین شـــکانی نەوەی نوێ کورســـتانە، ڕامین دەبێ هیوای هەبێ بۆ ژیان تاکوو بتوانێ خۆڕاگری بکات بۆیە تاکە ڕێگای شـکم دەبرد ئەوە بوو بەڵکوو عەشـقی من بتوانێ خزمەت بە ورەی بکات....

بۆ یەکەم جار بوو لە ماوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێراندا کە وێنەی کوڕە لاوێکی پێشمەرگە دەستاو دەست لە نێو ماڵاندا بگەڕێ و بە پلاکـارتی گەورە لە شـــارەکـانی کرمـاشـــان و ئیلامەوە بڕواتەوە باوەشیدایکم، خەڵک ئەویندارانە خۆشیان دەویست و بێوچان هەموو کەسـێک شـەو و ڕۆژیان خسـتبووە سـەر یەک بۆ ئەوەی ڕامین ڕزگار بکرێ، لە هەموو بۆنەکـانی ئەو ســـاڵانەدا دروشـــمەکـان دەگۆڕان و دەبوون بە ئازادی بۆ ڕامین، لە شـاری سـەقز کچێک و کوڕێک یەکیان خۆش دەویســـت، چەند ســـاڵێک بوو باوکی کچەکە موخالیف بوو و نەیدەهێشت ئەو دوو عاشقە بگەن بە یەک، ڕۆژێکیان کوڕەکە لە سەر شـەقامی نێو شـاردا تووشـی باوکی کچە خۆشـەویستەکەی دەبێ، دەڵێ ســـوێندت دەدەم بە ڕامین کچەکەتم پێبدە، باوکی وتبووی هیچت بۆ نەهێشـــتمەوە، ئەوان گەیشـــتن بە یەک و ئێســـتا منداڵێکیان بووە و نێویان ناوە ڕامین.

ڕزگاری ڕامین وەک ئەرکێکی نەتەوەیی لێهاتبوو، هەر کەسێک بەشداری ئەو هەڵمەتەی نەکردبایە، دەکەوتە بەرتانە و تەشەر و گومانەوە، ئەو ڕۆژانە شادی و شیوەنی خەڵک باس باسی ڕامین و چارەنووسی بوو، مامۆستایەکی خەڵکی شاری مەریوان، کە تاقە یەک کوڕی هەبوو، وتی ئێوارێ خێزانم تەلەفوونی بۆ کردم کە ئەگەر هاتیتەوە لەگەڵ خۆت کەیکێک بکڕە ئەمشەو جێژنی لەدایک بوونی کوڕەکەمانە، لە بیرم چووبوو کە کوڕەکەمان دەبێتە چەند ساڵی، پاش بیر کردنەوە و گەڕان بە دوای وێنەی شناسنامەکەیدا زانیم دەبێتە ٢٤ ساڵ، لە نێو تەکسیدا بووم بۆ ئەوەی بڕۆم شیرینی بکڕم، لە کاناڵێکی تلگرامیدا بەشدار بووم، سەیرم کرد وێنەیەکی ڕامینم بینی لێی نووسرابوو ڕامینی تەمەن ٢٤ ساڵ، بە دەستی خاڵی گەڕامەوە بووماڵ، خێزانم بانگ کرد وتم شیرینیم نەکڕی، دڵم نەدەهات، ناکرێ کوڕە کوردێکی ئەم شارە چاوەڕێی سێدارە بکات کە هاوتەمەنی کوڕەکەی ئێمەیە، ئێمەش لەم ڕۆژەدا جێژن بۆ کوڕەکەی خۆمان بگرین، خێزانم وتی دەی کەوایە با جەژنی لە دایک بوونی هەر دووکیان بگرین، ڕۆیشتین کەیکێکمان کڕی و لە سەرمان نووسی جێژنی لە دایک بوونتان پیرۆزە ڕامین و سالار...

ڕامین ڕۆیشتبووە ناخی کۆمەڵگاوە، وەک ئەوینێک لە ماڵی هەموو تاکێکی کوردستاندا هاتووچۆی دەکرد، ئەوینێک کە نەتەوەیەک گرتبوویە باوەش و نەیدەهێشت بمرێ، هەر کەسە و بە جۆرێک دیهەویست کارێک بکات، لەگەڵ هەواڵەکاندا ڕامین وەک ترپەی دڵ لە دەروونی هەموو کچ و کوڕێکدا لێدەدا و داوای ژیانی دەکرد، بەڵام هیچ کەسێک وەک کچێکی ماڵی خۆمان ڕامینی خۆش

نەدەویست، عەشقی ئەو کچەی ماڵی ئێمە نەتەوەیی نەبوو، عەشقێکی ئینسانی نەبوو، شتێک بوو جیا لە هەموو خۆشەویستییەک، شتێک بوو لە سەرەوەی هەموو ئەویندارێک، ئەوەش عەشقی نیشتمان بوو بۆ ڕامین.

نەورۆز بوو تەلەفوونم بۆ ماڵەوە کرد، لەگەڵ دایک و باوکم قسەم کرد، هەر دووکیان کوول دەگریان، وتیان هیچ جێژنێک نەبووە لە جێژنێکدا هەموو منداڵەکانمان پێکەوە کۆببینەوە، وەک مەلێک کە بێچۆکانیان خورابێ و چەند دانەیەکیان مابێتەوە، دوو دەستی پێیانەوە نووسابوون و لە ژێر باڵی شکاوی خۆیاندا کۆیانیان کردبووە، وتیان هەمووومان ئەمڕۆ کۆبووینەوە، بەڵام نەک بۆ جەژن وخۆشی نەورۆز، بۆ ئەوەی یەک ببینینەوە، لە ڕاستیدا بنەماڵەمان یەکیان فەرامۆش کردبوو، هەر کەسە و لە شۆنێک بوو، تەنیا خوشکەکانم و منداڵەکانیان مابوون، خوشکەکانم قارەمانی ماڵی ئێمەن، ئەوان کوێرەوەری زۆریان دیوە وەک سەربازی ون، یان وەک ژنانی دیکەی نیشتمانی ئێمە بێ ناو نیشانن، باری قورسی ژیان و مەینەتی ئەو ڕۆژانە لە سەر شانی ئەوان بوو، لەگەڵ دادم کە دەبێتە کچە گەورەی ماڵی ئێمە قسەم کرد، ڕاوەستاو وەک هەمیشە، دەم بە پێکەنین، وتی خەم مەخوە، ئەم ڕۆژانەش تەواوو دەبێ، ڕامین و ئەفشین و مێردەکەی نیشتمانیش ئازاد دەبن و کوردستانیش ڕزگار دەبێ و هەمووومان جێژن دەگرین، بەڵام بە دەنگیدا دیار بوو کە کارەساتێک بەڕێوەیە، هەمووومان بیرمان لەوە دەکردەوە کە کارەساتێک ئەگەر ڕوو بدات ئەوەیە کە ڕامین لە سێدارە بدرێت، دادم زۆر بە ورە بوو، وتی خاڵو ڕەفێق نیشتمان دەیهەوێ قسەت لەگەڵ بکات، من نیشتمانم دەمێک ساڵ بوو

نەدیبوو، کە هاتمە دەرەوە بۆ پێشـمەرگایەتی ئەو تازە هاتبووە ژیانەوە، یەک جاری تر بەپێشمەرگایەتی دیبووم بەڵام منداڵێک بوو خەرێک بوو لە مەدرەســـە لە پۆلی چوارەم دەرســـی دەخوێند، لەگەڵ نیشـــتمان قســەم کرد، وەک مانگ جوان، ســیمایەکی شــیرین، لە کچە کوردێک دەچوو، وتم نیشـــتمان گیان نیگەران مەبە، مێردەکەت ئازاد دەبێ و دەگەڕێتەوەلات، وتی خەمی خاڵو ڕامینم هەیە، شەوانە خەونی پێیەوە دەبینم، دەســـتی بە گریان کرد، بە دەم گریانەوە وتی خاڵو ڕامینم لە سێدارە بدەن دڵم لەگەڵی دەوەستێت، زۆرم هەوڵدا ئارامی بکەمەوە، بەڵام دەکوڵا، گەر شــەرمی نەکردبایە هاواری دەکرد بۆ ئەوەی نێو دڵی خاڵی بکاتەوە، ئەوە دوا قســـەی من و نیشـــتمان بوو، ماڵاوایم لێکرد هەســتم کرد ماڵی ئێمە هەموویان شــڵەژاون، ئەو شــەڕە دەروونیەی ڕژیم دەســتی پێکردبوو لەگەڵمان تا ســەر ئێســقان گەیشــتووە، زۆری نەخایاند هەواڵێک بڵاو کرایەوە کە گوایا ئەمشـــەو بڕیارە کاتژمێر ٤ی بەرەبەیـانی ڕامین لە ســـێـدارە بـدرێـت، بە وەکیلەکەی ڕامینیـان ڕاگەیـانـدبوو کە مـاڵی ئێمە ئـاگـادار بکـاتەوە، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەواڵەکەدا نیشـــتمان گیانی خۆی فیدای ڕامین کرد، لە کۆتا قســـەی لەگەڵ خۆشـــکەکەی تریـدا وتبووی بەڵکوو مەرگی من ببێتە هۆی ڕزگاری ڕامین...

لەگەڵ هەڵهـاتنی خۆری بەیـانی تەرمی پیرۆزی نیشـــتمـان لە نێو ئاپۆرای خەڵکدا بەرەو زێدی خۆی بەرێکرا، نیشـــتمان بە مەرگی خۆی ئەو شــەوە ڕامینی ڕزگار کرد، بەڵام داخێکی گرانی خســتە دڵمانەوە کە هەتا ماوین بۆمان سارێژ ناکرێ.

باری دەروونی بنەماڵەمان بە تەواوەتی شـــپرزە ببوو، باوکم ناســـاق بوو، چەنـدین جـار بە هۆی ئەو گوشـــــارانەوە برایە نەخۆشـــخـانە، دوکتوورەکـان پێیـان وتبوو کە تووشـــی فەرامۆشـــی بووە، کە لەگەڵیا قســـەم دەکرد هەســـتم دەکرد بێتاقەتە، ئەگەرچی پێشـــتر باســـم کرد باوکم بە دوای شـــەهید بوونی کاکم ئەشـــرەفدا ئیتر نەیتوانی خۆی بگرێتەوە، وەک خۆی دەیگوت پشـتم شـکا، گوشـارەکان بۆ سـەر کاک ئەنوەرم زۆرتر ببوو، پەروانەی خۆشـــکم دوای مەرگی نیشـــتمان ڕەنگی قژی سـپی هەڵگەڕا و بەفری خەم نیشـتە سـەر سـەری، لەو کاتەدا بوو دایکم زوو زوو تووشی سەر ئێشەیەکی توند دەبوو، دایکم هەمیشە بە دەســـت ســـەر ئێشـــەوە دەینالاند، بە قورس و دەوا و دەرمان خۆی ڕادەگرت، چەند هاوڕێی دڵســۆز لە ســنەوە بردبوویان بۆ کرماشـــان بۆ لای دوکتوور، پاش پشـــکنین بۆیـان دەرکەوتبوو کە تۆمـارێـک لە نێو ســـەریدایە و ئەگەر عەمەڵ نەکرێ ئەســـتەمە زینـدوو بمێنێ، بەڵام کۆمەڵێک کەسی دڵسۆزی نیشتمان پەروەر وەک کۆڵەکە شانیان دایە ژێر ئەو خەم و نەهـامەتییەی ئەو ڕۆژانەمـانـدا، ئێســـتـا کە ئەمـانە دەنووســـمەوە بە داخم ناتوانم نێویان ببەم، بەڵام ئەگەر زیندوو ماین لە کوردســـتانی ئازاد کراودا دەســـتیان ماچ دەکەم و ڕێزی و وەفاداری ئەو ڕۆژگارەیان لە بیر ناکەین، لە دەرەوەی وڵاتیش زۆرێک هەبوون کە لێرەدا ئەگەر نێویان ببەم دەترســـم کەســـێکم لە بیر بچێ، بەڵام تـا ماوین ســپاســگوزاریانین، بە گشـتی ئەو دەورانە سـەخت و دژوار بوو، بەڵام بەو حـاڵەوە لە هەوڵ بۆ ڕزگـاری ڕامین بەردەوام بووین، نـامە و پەیامەکانی ڕامینم پێدەگەیشـــت لە زیندانەوە، هەمووی ورە و باوەڕ بوو، زانیم نارۆخێت و ســـەری خۆی و نەتەوەکەی بەرز ڕادەگرێت، لەو

ڕۆژانە بوو لە هەوڵدا بووین بتوانین پێوەندی لەگەڵ بگرین، کوڕەکانی ســـنە وە خۆکەوتن، وتیـان دوو برا هەن لە زینـدانـدا کە دەتوانن یارمەتیمان بدەن تاکوو بتوانین لە ڕێگای تەلەفوونەوە قســـەی لەگەڵ بکەین.

بەرەو شاری سلێمانی دەڕۆیشتین، لە ڕێگادا تەلەفوونەکەم زەنگی لێـدرا، وڵامم دایەوە، دەنگی ڕامین بوو، پڕ بە دڵ بیریم کردبوو، ئـاخر ڕامین جگە لەوەی برام بوو، وەکوو منـداڵی خۆم بوو، زۆر بە پەلە بوو، دەمەویســـت هەموو شـــتێکی تێبگەیەنم، وتم کاکە باوان خەم مەخۆ هەموو کوردێکی ئـازادیخواز لە پشـــتی تۆیە نـاوی تۆ ئەمڕۆ بووە بە سروودی لاوان، شانازی دەکەین برای تۆین، من و ئەمجەد پێشمەرگە بووین بە هۆی ئەوی دەیان ساڵ پێشمەرگایەتیمان کردبوو، زۆرێک لە ناوچەکانی کوردســـتان گەڕابووین، بە تایبەتی لە ســـنە و مەریوان و لەیلاخ و دیواندەرە و کامێران دەیان ناســـین، میوانی چەند هاوڕێی پێشـــمەرگە هـاتبوون، ڕامین تەلەفوونی کرد وتی کـاکە ڕەفێق وەرە سـەردانی ئەو بنەماڵەیە بکە، ڕۆیشـتم بۆ سـەردانیان کە گەیشـتمە نێو ماڵەکە ســـڵاوم کرد، یەکســـەر وتیان ئەوە برای کاکە ڕامینە، من لەو گەورەتر بووم، بە شـــۆخیەوە وتم نەخێر ڕامین برای ئێمەیە، ڕامین کە هەمیشـــە پێکەنین بە لێویەوە بوو، وتی شـــەرت بێ کـارێـک بکەم هەمووتان بە منەوە بناســـنەوە، ئەو ڕۆژە لە کاتی تەلەفوونەکەدا کە لە زینـدانەوە بۆی کردم، ئەوەم بۆ گێڕایەوە وتم هەمووومـان برای تۆین، ئێســـتا ئێمە دەڵێن برای کاکە ڕامینین، دای لە قاقای پێکەنین، وتی هەر چی فێر بووم لە مەکتەبی ئێوە و بنەمـاڵەمـدا گەورە بووم، قەد خۆم لە ئێوە بە گەورەتر نازانم، وتم ڕامە گیان من هیچ ناڵێم تۆ کوڕی

ماڵی ئێمه نیت، دەزانم شەڕ بۆ ژیان ڕەوایه و هەموو خەبات و قوربانی دانی ئێمەش بۆ ژیانێکی باشتری خەڵکی کوردستانه، بۆیه ناتوانم هیچ نەسیحەتێکت بکەم، له مەبەستەکەم تێگەیشت وتی هیچ نیگەرانی من مەبن، گیانم فیدای کوردستانه، ئەو ڕێگایه خۆم هەڵمبژاردووه و پاش گەز نابمەوه....

گوشارەکان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیادی دەکرد، ڕامین مانشێتی هەموو هەواڵەکانی ڕۆژهەڵات بوو، سەدان کۆڕ و کۆبوونەوی ناڕەزایەتی له سەرتاسەری جیهان وەڕێ خرا، له نێو خۆ، کۆمەڵگای مەدەنی و خەڵکی کوردستان بێوچان خەریک بوون، ڕژیم نەیدەتوانی له کوردستان و به تایبەتی له شاری سنه ڕامین له سێداره بدات، بۆیه ناچار بوون بیگوازنەوه بۆ زیندانی ڕەجای شاری تاران، دوورکەوتنەوەی ڕامین له کوردستان، هەموومانی نیگەرانتر کرد، دەمانزانی به مەبەست ئەو کارەیان کرد، هاتووچۆی دایکم و باوکم بۆ تاران زۆر ناخۆش بوو، دەستمان له ڕامین بڕابوو، هەموو شەوێک چاوەڕێ بووین ئەو هەواڵه ناخۆشه ببیستین، ڕامین لەگەڵ خۆی دەنگی به نێو چالاکانی مەدەنی و ئازادیخۆازانی ئێرانیشدا بڵاو کرایەوه، زۆرێک له کەسانی غەیره کورد شەو و ڕۆژ دەچوونه بەر دەمی زیندان و داوای ئازاد کردنی ڕامینیان دەکرد، به وەکیلەکەیان وتبوو که کەیسی ڕامین براوەته شاری قۆم بۆ ئەوەی لێژنەیێک بڕیاری له سەر بدەن، پاش چەند ڕۆژ دەرکەوت که ئەوانیش به تێکڕا وتبوویان دەبێ له سێدارەی بدەن، ئیتر ئەوه هەموو هیوایێکی لێ بڕین، ئەمجەد کۆڵنەدەرانه وڵات به وڵات شەو و ڕۆژی خستبووه سەر یەک بۆ ئەوەی کارێک بکات، بەڵام کاکم ئەنوەر دەیزانی که تازه هیچ ناکرێ، لەگەڵ من و ئەمجەد قسەی کرد، بۆی

گێڕاینەوە کە هێنانی ڕامین بۆ تاران بۆ لە سـێدارەدانیەتی، بەڵام نا ئومێـد نەبین و چی لە توانـامـانـدا هەیە بیکەین، تەلەفوونمـان بۆ کەسـایەتیە ناسـراوەکانی کورد کرد، پیشـنیاریان کرد کە بتوانین لە ڕێگای هەرێمی کوردسـتانەوە بەڵکوو کارێک بکەین، کاک عەبدوڵڵای موهتەدی، کاک عومەری ئێلخانیزادە، کاک سەید ئیبراهیمی عەلیزادە، کاک مەلا عەبدوڵڵای حەسەن زادە، ئەو چوار سەرکردەیەی حیزبەکان کەوتنە پێوەندی گرتن لەگەڵ ڕێبەرانی حکوومەتی باشـوور، سـەردانی کاک ناسـری ڕەزازیم کرد، ئەویش هەوڵی خۆیدا و تەلەفوونی بۆ چەند بەر پرسـێکی هەرێم کرد، زۆرێکی تر لە کەسـایەتی نیشـتمانپەروەر و دڵسۆز ئەو هەوڵەیاندا کە بتوانن سەرۆکایەتی هەرێم و کاربەدەستانی حکوومەتی هەرێم داوا لە کۆماری ئیسـلامی ئێران بکەن تاکوو ڕامین لە سێدارە نەدرێت.

لە ڕێگای دۆسـتێکی کوردی باشـوورەوە سـەردانی کاک ئەدهەم بارزانیم کرد کە ئەو کات بەرپرسی مەکتەبی سیاسی پارتی دێموکراتی کوردسـتان بوو لە شـاری سلێمانی، وتم ئێمە داوامان لە سەرۆکایەتی هەرێم ئەوەیە کە هەوڵێک بدات بۆ پێشـگرتن بە لە سـێدارەدانی ڕامین، وێڕای پێشوازیکی گەرم، ئامادەگی خۆی وەک شەخس و پارتی دیموکراتی کوردسـتان وەک حیزب دەربڕی، وتی چیتان دەوێ بۆتانی دەکەین و هەموو هەوڵی خومـان دەدەین، بەڵام ئەوە بیزانن تـازە ڕێفراندۆم کراوە و نێوانی پارتی و ئێران خۆش نییە، دڵنیانین لەوەی کە جەنابی سـەرۆک بارزانی ئەو داوایە لە ئێران بکات قەبوڵی بکەن، لە وڵامـدا وتم ئێمە بنەمـاڵەیێکی تێکۆشـەرین، هەموو هەوڵی خۆمـان دەدەین تـاکوو کوڕەکەمـان ڕزگـار بکەین، بەڵام نـامـانەوێ لە سـەر

کوڕەکەی ئێمە قسەی هیچ سەرکردەیەکی کورد بشکێ، پاشگەز بوومەوە لە داواکەم، زۆر سپاسی کردین، هەر لەو کاتەدا پێوەندی بە نوێنەرەی حکوومەتی هەرێم لە دەرەوەی وڵات گرت، بە تلفوون پێوتن هەرچی لە تواناتاندا درێغی مەکەن، ئەوەش وەک ئەمرێکی حیزبی بیبین، زۆریشیان هەوڵدا.

لە ڕێگای تەلەفوونەوە پەیوەندیم لەگەڵ کاک مەلا بەختیار گرت، وتم دەمهەوێ چاوم بەجەنابت وەک نوێنەری مەکتەبی سیاسی یەکیەتی نیشتمانی بکەوێ بۆ ئەو بابەتە، زۆر بە گەرمی پێشوازی لێکردم، وتی ئەگەر تەلەفوونیشت نەکردبایە، بە دڵنیایەوە بە ئەرکێکی نەتەوەیی خۆمانمان دەزانی و کەسانی دیکەش پێوەندیان پێیەوە گرتووین، من بۆ بەیانی لەگەڵ مەکتەبی سیاسی کۆدەبمەوە و ئەو باسەشیان لەگەڵ دێنمە گۆڕێ، جگە لە کاک مەلا بەختیار کە بۆ خۆی نامەی سەرئاوەڵای نووسی، چەند کەسێکی مەکتەبی سیاسی یەکیەتی، بەردەوام لە پێوەندیدا بوون لەگەڵمان، دام و دەزگاکانی ئاسایشی سلێمانی و میداکانی یەکێتی هاتنە سەر خەت، خاتوو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد بە تەلەفوون لەگەڵ دایکم قسەی کردبوو و پێی وتبوو ڕامین کوڕی ئێمەشە و چی لەدەستمان بێ درێغی ناکەین، خاتوو شاناز ئیبراهیم ئەحمەد بە نوێنەرایەی ماڵی بەرێز مام جەلالەوە هەموو هەوڵێکی دڵسۆزانەی دا، ڕۆیشتبۆ کونسوولی ئێران لە سلیمانی و بە ئێرانیەکانی وتبوو کەوا بزانن کوڕی ماڵی ئێمەیە، چی لە توانایاندا هەبوو درێغیان نەکرد.

حیزبی شـوێعی کوردسـتان، هەمیشـە ماڵیان و مەقەڕیان و خۆیان ئامادەی هاوکاریمان بوون، لە هیچ شـتێک درێغیان نەکرد، بە تایبەتی لە گردبوونەوە و ئاکسـیۆنگەلێک کە شـارەکانی هەرێمی کوردسـتان گیران، بۆ خۆیان لە پێشـمانەوە بوون و لە تەنیشـمانەوەبوون هەتا کۆتایی.

حیزبەکـانی ڕۆژهەڵات کە دیـارە ئەوان خۆیـان بە خـاوەنی ڕامین دەزانی، هەم وەک ناوەندی هاوکاری، هەمیش وەک تاکە حیزب و چ وەکوو کەسایەتی و ئەندامانیان ڕامینیان بە پێشمەرگەی خۆیان دەزانی و بوون بە بەشێک لەو کەمپەینە بەر فراوانە جیهانیە.

ڕامین بوو بە هێمای گەلی کورد، لە کۆبانی و سـلێمانی و هەولێر و سنە و کرماشان و مەهاباد، لە سەرتاسەری شار و گوندەکانی هەر چوار پارچەی کوردسـتان هەوڵ بۆ ڕزگاری ڕامین درا، لە دەرەوی حیزبەکان، زۆرێک لە هۆنەرمەندانی ناوداری کورد وەک کاک ناسـری ڕەزازی، کاک نەجمەی غوڵامی، شڤان پەروەر و دەیان هۆنەرمەندی دیکە بە پەیام و گورانی پشتیوانی خۆیان بۆ ڕزگاری ڕامین دەربڕی،

دەیان شـاعێر و نووسـەر و ڕۆژنامەوان و میداکار و شـانۆکار و فیلم سـاز پشـتی کەمپەینی نە بۆ لە سـێدارەدانی ڕامینیان گرت، ئەو هەڵمەتە نەتەوەییە تا ئەو کات نەکراوبوو ڕامین سنوورە دەستکردەکانی بڕی، بە تەمەنێکی کەمەوە پەیامی گەورەی نەتەوەیی بڵاو دەکردەوە، هەموو تێکۆشـەرێکی کورد، هەموو پێشـمەرگەیەکی دێرین، هەموو پێشمەرگەیێکی نوێ بەشێک لە کار و خەباتی ئەو ڕۆژانەیان پاڵپشتی لە ڕامین بوو، هەموو هاوڕێیان و هاوسـەنگەرانی ڕامین تێدەکۆشـان بۆ

ئەوەی هاوڕێ پێشــــمەرگەکەیان نەجات بدەن، دەیان پێشــــمەرگە و هـاوڕێی خۆم و هـاوڕێی ڕامین ئەو ڕۆژانە ئـامـادە بوون گیـانی خۆیـان بخەنە مەترسیەوە بۆ ئەوەی کارێک بکەن بۆ ڕامین..

هەوڵ و تەقـالا بۆ ڕزگـاری ڕامین ببوو بە کـارێکی هەمە ڕۆژەی زۆربەی هەرە زۆری چالاکانی سـیاســی و مەدەنی و دڵســۆزانی گەل ونیشـتمان، وەک بەربەرەکانێی نێوان نەتەوەیێکی بێدەسـەڵات لەگەڵ دەوڵەتێکی پۆشـتە و پڕ چەک و دەسـەڵاتداری لێهاتبوو، کاربەدەسـتانی ڕژیم نەیان دەشـــاردەوە کە هەڵەیان کرد لەوەی کە هاتبوونە نێو ئەو شــەڕەوە، بە تەواوەتی شــکابووە بە ســەریـانـدا، تـا ئەو کـاتە قەد ڕووبەڕرووی بابەتی ئاوا نەبوونەوە، تەنانەت بەشـێک لە کاربەدەسـتانی ڕژیم دەنگیان دەر هاتبوو، ئەو زوڵمە جگە لەوەی دژی بنەماڵەی ئیمە بوو، بە ئـاشـــکرا دژی هەموو ئەو دەنگـانە بوو کە چەنـد مـانـگ بوو هـاواریـان دەکرد ڕامین لە ســێدارە مەدەن، هەموو هەوڵی خۆیـان خستەگەڕ بۆ ئەوەی بنەماڵەی ئێمە بشـکنن، زۆریان هەوڵدا کە ڕامین بەچۆکدا بێنن و دژی ئەو دەنگە ناڕازیە بوەستێتەوە، لە زیندانی ڕەجای شـــاری تاران زۆرمان هەوڵدا پێوەندی پێەوە بگرین، ڕامین لە بەندی سەلەفیەکان بوو، ڕژیم ویسـتبووی لەوێ بە دەسـتی کەسێک بیکوژن، زانیار و لوقمانی مورادی دە ساڵ لە زیندانی ڕەجای شاری تاراندا بوون، ئەوان دۆست و ناسیاویان زۆر بوو، لە ڕێگای ئینتێرنێتەوە پێوەندیان بە دەرەوەی زینـدان هەبوو، پێوەنـدی بە ئەمجەدەوە گرتبوو، وتبووی هەموو هەوڵی خۆم دەدەم بیهێنمە نێو بەنـدی خۆمـان و هەوڵیش دەدەم پێوەندیتان پێیەوە بگرێ، کەســێکی پەیدا کردبوو کە بە پارە تلفوونی بە زینـدانییەکـان دەدا کە پێوەنـدی لەگەڵ دەرەوەی زینـدان

بگرن، ئێمە پێمان وت هەرچی پارەی ویسـت دەیدەین بەڵکو بتوانین قسـەی لەگەڵ بکەین، پێوەندی سـاز کرا، کابرای خاوەن تەلەفوون زۆر ترسـابوو، وتبووی تۆ لە ژێر چـاودێریـدای و نـابێ زۆر قسـە بکەی، سـەرئەنجام سـەرکەوتوو بووین و لەگەڵ ڕامین بۆ جارێکی تر قسـەمان کردەوە، هەسـتم کرد لە زیندان گەورە بووە و پوخت و خاراوە، خۆی ئـامادە کردبوو کە لە سـێدارەی بدەن، وتی دوو ڕێگام لە بەرە، یان ئەوەی کە تەسلیمی خواستەکانیان ببم، یان ئەوەی بە شانازیەوە ژیان بە جێبێڵم...

زمـانم لاڵ بوو، مەودا کەم بوو، حەزم دەکرد لەگەڵی زۆرتر قسـە بکەم، بەڵام بە پێچەوانەی ڕابردوو حەزم دەکرد ئەو قسـە بکات و من گوێ بگرم، چەند دەقیقەیەک قسەی کرد، وتی نامەی کۆتایم دەنووسم و دەینێرم بۆتـان، دوو داوام هەیە، دەسـتی دایـک و بـاوکم بگرن مەهێڵن لەگەڵ من بمرن، دووهەمیشـیـان ئەوەیە هەر ڕۆژێـک بێ تەرمەکەم ببەنەوە بۆ کوردستان، لەم تارانە هەست بە غەریبی دەکەم، نەمهێشت قسـە بکات، وتم بەسیەتی باوانەکەم، ژیان پڕە لە دەرفەت نـابێ بێ هیوا بین، دڵنیـا بە خۆمـان بە ئـاو و ئـاگردا دەدەین، بەڵام هەسـتم کرد ئەو ڕێگـای خۆی هەڵبژاردووە، ئەو دوو ڕێیـانەی ئەو دەیبینی هەر دووکیان مەرگ بوو، مەرگێک بە سەرشۆڕی و مەرگێک بە شـانازی، ڕامین شـارەزای ڕێگای مەرگی شـانازی بوو، وەک خۆی دەیوت ناکرێ میللەتێک هیوای لە سـەر هەڵچنیوی و تۆیش سـەربەرزیان نەکەی، وەک دواتر لە پەیامێکی کورتی ویدیۆیدا کە لە ڕێگای زانیارەوە بۆی ناردین دەڵێ خۆم بە کوڕێ ئەو کوردسـانە دەزانم، وەک شـاملو دەڵێ ڕامین شارەزای سەنعەتی جوان مردن بوو...

ئەو ڕۆژانە خەو لە چاوی هەموومان زڕابوو، وەک کەڕوێشـــکێک ڕاوچی لە دوایەوە بێ تەنیا فریای کەروێشـــکە خەو دەکەوتین، بیرم لەوە دەکردەوە ئـاخۆ دایـک و بـاوکم چلۆن بتوانن بەرگە بگرن، تەلەفوونەکەم لەدەســـتم داناخســـت، پەیتا پەیتا زەنگم بۆ دایکم لێدەدا، دەنگی گیرابوو، هێندە ئاخی هەڵکێشـابوو، هەناسـەی لێبڕابوو، باوکم هێندە فرمێســـکی هەڵوەراندبوو بینایی چاوەکانی لە دەســـت دابوو، دەمپرسی دایکە باوکم لە ماڵە، دیگوت نەخێر باوکت ڕۆیشتووە بۆ دێ کۆن، دەمزانی بۆ ڕۆیشـــتووە، باوکم لەو دەشـــتە بێ حاســـڵەدا دەگەڕا بە شـوێن ئێمەدا، دیگوت هەر لە بەر خۆیەوە قسـە دەکا، من دەمناسـی، خۆی وتبووی لەگەڵ خۆی قسـەی نەدەکرد، بەڵکوو لەگەڵ ئێمە قســـەی دەکرد، باوکم هەمیشـــە خۆی بە خەتابار دەزانی، وای دەزانی خەتای ئەوە کە نەیتوانیوە ژیانێک فەراهەم بکات بۆمان، باوکم پێی وابوو ئەگەر ماشـــێنی چاک و خانووی چاک و پارەی چاکمان بوایا، ئیتر ئەوە چارەنووســـمان نەبوو، بۆیە ڕۆیشـــتبوو لەو دەشـــتەی خۆیدا دەگەڕا و ئێمەی دەدوان، ڕەنجی دەیان ســـاڵەی بە خەســـار دەدی، قســـەی بۆ دەکردین، هەموومانی کۆکردبوەوە، داوای لێبووردنی دەکرد، دیگوت من هەموو شتێکم بۆ کردن، دوو دەستە قلێشاوەکانی پیشان دەدان، دیگوت ســـەیری دەســـتم بکەن بزانن من درێغیم نەکردوە، تەنیا تـاوانی من ئەوە بوو کە فێری شـــتی خراپم نەکردن، تـاوانی من ئەوە بوو کە پێم وتبوون کە تەماح لە ماڵی خەڵک مەکەن، بخوێنن و ڕێگـای دروســـــت بگرنە بەر، تـاوانی من ئەوە بوو فێرم کردبوون کە شـــانازییەکانی ژیان پارە و ماشـــین و ماڵ نیە، فرمێســـکەکانی دەهاتە خوار و دەیگوت هەر ئەوەندەم لێ زانیوە، بە نێو دەشـــتەکەدا دەگەڕا و

یەکە یەکە بانگی دەکردین و دەستێکی بە سەردا دەهێناین، بەڵام لە نێو قسەکانیدا شەرمەزاری پێیەوە دیار نەبوو، شانازی پێیوە دەکردین، خۆشمانی دەویست، هەرچی بێت ئەو باوکە و قسەی باوکانەی لەگەڵ دەکردین، بۆیە بە دایکمم وت لێگەڕێ با بڕوا، با لەو فەزایە دوور بکەوێتەوە، ئەگەر تۆیش بۆتکرا لەگەڵ باوکم بڕۆ بۆ دەشتی خۆمان لەوێ لەگەڵ گوڵ و گیا و دارەکانی دێ کۆن قسە بکەن، بۆ باری دەروونیتان باشە، بەڵام دایکم حەزی لە نێو دەستە خۆشەکانی گەڕەکی خۆمان دکرد، حەزی دەکرد ئەوان بدوێنێ، باسی شانازیەکانی منداڵەکانی بکات، دایکم حەزی دەکرد لە ماڵ نەڕواتە دەر، ئەو چاوەڕێ بوو لە دەرگا بدەن و یەکێک لە کوڕەکانی خۆی لێی وەژوو کەون، دەرگای ماڵی ئێمە قەد داناخرا، هەمیشە کراوە بوو، دایکم لە سەر سەکۆی نێو حەوشەکەدا ئێواران سەماوەرەکەی هەڵدەکرد و چای و چێشتی ساز دەکرد، لەو ساڵانەی دوایدا کە کوڕەکانی هەر کامەو پەریوەی وڵاتان ببوون، ئەو هەر بەشی هەموومان چێشتی ساز دەکرد، دەرگاکەی دانەدەخست و چاوێکی لە دەرگاکەوەیە کە ئێمە بگەڕینەوە..

هاوین بوو، پاش ئەوەی لە دێ کۆن، دەشتی خۆماندا چاوم بە باوکم کەوت، پرسیم دایکم چۆنە، وتی لە ماڵ نایەتە دەر، هەمیشە چاوی لە دەرگایە و دەڵێ هاکا کوڕەکان هاتنەوە، بۆ شەوەکەی بە کوڕەکانم وت دەچم چاوم بە دایکم دەکەوێ، وەک منداڵ بیانووم دەگرت، وتیان باروودۆخی نێو ئاوایی زۆر خراپە، تووشی گرفت دەبن، نەدەکرا نەچم و دایکم نەبینم، ساغ بوونەوە کە من ببەن، جل و بەرگە وەرزشیەکانی مەسعودم لە بەر کرد، ئاخ یادی بەخێر مەسعود ئەندامی ڕێکخستنی نهێنی بوو، تا بڵێ زیرەک و ئازا بوو، چەندین جار گیرابوو،

جارێکیان کە گرتبوویان سێ ڕۆژ هەڵیان واسیبوو، تەنانەت نێوی خۆشی بە درۆ دابوو، وتبووی بە بازجۆەکە لەگەڵ من کەل کەل مەکە، چەندە تۆ بۆ کۆماری ئیسلامی بە بیر و باوەڕی منیش بۆ نەتەوەکەم و کۆمەڵە ئاوام، زۆرم خۆشدەویست، هاوڕێی منداڵیم بو، بە داخەوە بە هۆی ڕووداوێکی نەخۆازراوەوە گیانی لە دەستدا، ئەو شەوە جل و بەرگەکانی مەسعوودم لە بەر کرد، تازە فێری ماتۆر سەواری ببووم، کڵاوی تایبەت بە ماتوور سەواریم لە سەر کرد، وتیان ئێمە بە چەندین ماتوورەوە لە دوورەوە ئاگامان لێت دەبێ، تەنیا دەمانچەکەم پێ بوو، چەک و ڕەختەکەم لە شوێنێک دانا، بە هۆی کاری وەرزێرییەوە ئەو ناوچەیە پڕە لە ماتوور سەوار، کەس شکی نەدەکرد، بە نێوەڕاستی ئاواییدا گەیشتمە بەرماڵی خۆمان، دەرگای حەوشەکەمان کراوە بوو، یەکسەر خۆم کرد بە حەوشەدا، دایکم هاواری کرد ڕۆڵە ئەو ماتوورە لە دەرەوە دابنێن، تورە بوو، هیچم نەگوت، سەماورەکەی داگیرساندبوو، گڵۆپی نێو حەوشەکەی کز دەگەڕا، لە سەر سەکۆکەدا پاڵی بە دیوارەکەوە دابوو، دەستی هەڵپێکابوو، کڵاوەکەم لە سەر دانەکەند، وتی وەرە ڕۆڵە نازانم کێیت، بەڵام بەخێر بێی، چایی ئامادەیە، کڵاوەکەت لاببە و دەستت بشۆە، وەرە دانیشە، لە بەرامبەریدا دانیشتم و کڵاوەکەم لابرد، ویستی هاوار بکا، وتم دایکە بێدەنگ بە، خۆم خستە باوەشی، نە ئەو قسەی کرد و نە من، بێدەنگ ببووم، لەو جۆرە بێدەنگیانەی کە لە ناوچەدا دەتزانی لە پێشت کەمین دانراوە، هەناسە لە سینگمدا وەستا، تێر تێر دەست و چاویم ماچ کرد، نەیتوانی هەستێتە سەر پێ، حەپەسابوو، وەک خەو دەچوو، لەو خەونانەی کە لە پێشمەرگایەتیدا دایکم دەهاتە خەونم، بۆ چەند

چرکەیەک مامەوە لە لای و بێ ماڵاوایی بەجێم هێشت، نازانم باشم کرد یان نە، بەڵام بێ ماڵاوایی ڕۆیشتن دایکمی لە چاوەڕوانیدا هێشتوەتەوە، بۆیە ئێستاشی لەگەڵ بێ دەرگای ماڵەکەی دانەخستووە و چاوەڕێی گەڕانەوەمانە، دڵنیام ڕۆژێک دەگەڕینەوە بەڵام نازانم دایکم لە پشت دەرگاکەوەیە یان نا...

سەرەڕای هەموو هەوڵێکی بێ وچانی هەموو خەڵکی کوردستان، وێڕای هەموو ئەو داواکارییەی ڕێکخراوە جیهانیەکان و حیزب و کەسایەتیەکانی باشوور، وێڕای داواکاری هەموو کۆمەڵگای مەدەنی کە چەندین جارنامەیان نووسی بۆ کۆماری ئیسلامی، ئەو کەمپەینە بەرین و بەر فراوانە دەیان هەزار کەسییەی کە لە سەرتاسەری وڵاتانی جیهان ڕێکخرابوو، بەڵام ڕژیم نەک پاشگەز نەدەبوو، بەڵکوو سوورتر بوو لە سەر ئەوەی ڕامین لە سێدارە بدەن، ڕامین لە زیندان مانی لە خواردن گرتبوو، ڕۆژ ژمێری مانگرتنەکەی سەر دێڕی هەموو ڕۆژنامە و ماڵپەڕ و میدیاکان بوو، مانگرتنەکەی دەنگی دایەوە، گوشارێکی خستبووە سەر ڕژیم، ئەوەی هەستی مرۆڤایەتی هەبوایە دەیزانی ڕامین بێتاوانە و هیچ کارێکی نەکردووە، بۆیە دەنگی دەر هاتبوو، کاربەدەستانی زیندان پێوەندی بە کاکە ئەنوەرم دەگرن، دەڵێن بۆ بەیانی لەگەڵ دایکت دەتوانن چاوتان بە ڕامین بکەوێ، بەو مەرجەی پێ بڵێن واز لە مانگرتن بهێنێت، ئەوانیش لە بەرامبەریدا ئیجازەی چاوپێکەوتنی حەوتووانەی پێدەدەین، ئەو ڕۆژە تاکوو ئێوارێ چاوەڕێ بووین کاکم و دایکم بگەڕێنەوە و هەواڵی ڕامین بهێنن کە گەڕانەوە ماڵ، ئێمە تەلەفوونمان بۆ کردن، دایکم ڕووخابوو، پاڵی بە پشتیەکەوە دابوو و براژنم ئاوی بە دەم و چاویدا دەکرد، کاک ئەنوەرم بینی لە پشت تەلەفوونەکەوە زانیم

هیوابڕابوون، وتی ڕامینمان بینی، لێوەکانی دووریبۆو، نەیدەتوانی قسـه بکات، زۆر پاڕاینەوە کە مانگرتنەکەی بشکێنێت، ڕامین وتی دایکم ببە دەرەوە، دەمهەوێ بە تەنیا بتبینم، زانیم قســـەیەکی پێیە، دایکم بە نیوە بێهۆشی دوا ماڵاوایی لە ڕامین کرد، ڕامین سەیری دایکمی دەکرد و دایکیشـــم لای دەکردەوە، هەر دووکیان دەیانزانی ئەوە کۆتا دیدارە، دایکم لێوەکانی ڕامینی ماچ کرد، وتی ڕامین گیان تۆ قارەمانی من و هەموو کوردستانی، ئێستا لە دڵی هەموو کەسێکدای، ئەو دوا قسەی دایکم بوو لەگەڵ ڕامین و بە نیوە بێهۆشـــی بردیانە دەرەوە، وتی کاک ئەنوەر ئەمە کۆتا دیدارمانە، تکایە مەگرین، تەنیا یەک داوام هەییە، ئاخرین پەیامم بگەێنن بە خەڵکی کوردستان، بڵێن ڕامین سـپاسـتان دەکات، شـــەرمەزارم هەر ئەوەندەم پێکرا، دڵنیا بن بە بژی خەڵکی کوردستانەوە وتنی سردوی شۆرشگێرانە بەرەو سێدارە دەرۆم.

بەرەبەیانی ڕۆژی شـــەممە، ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٦ی هەتاوی، هەواڵی لە سـێدارەدانی ڕامین بڵاوکرایەوە، چەند چرکە دواتر هەواڵی لە سـێدارەدانی زانیار و لوقمانی مورادی، هەر وەها موشـــەک باران کردنی بنکە و بارەگاکانی حیزبەکان، کە پولێک تێکۆشـــەری حیزبی دێموکراتی کوردستانیش شەهید بوون.

ئەوە وڵامی داواکاری دەیان مانگەی خەڵکی کوردستان بوو، کۆماری ئیسلامی بە لە سێدارەدانی ڕامین و زانیار و لوقمان، بە موشکە باران کردنی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، بۆ جارێکیتر فەرمانی جیهادی دژی گەلی کورد دەرکرد، نەک دژی کورد بەڵکوو دژی هەموو ئازادیخۆازانی ئێران و سـەرجەم مرۆڤایەتی، لە سـێدارەدانی ڕامین بۆ بنەماڵەمای ئێمە و بە

تـایبەتی بۆ دایـک و بـاوکم وەک کۆتـایی ژیـان وابوو، ژیـانێـک تەژی لە ئازار، ژیانێک پڕ لە تاڵی و تەکان و شـــەکان، ژیانێک کە مانای نەما، بەڵام چار نەبوو، بەو حاڵەشـــەوە نەدەبوو بشـــکێن، نەدەبوو بگرین و قووڕ بپێوین، من ئەوەم لە نێو چاوانی دایکمدا دەدی، کە تەلەفوونم بۆکرد، هێشتا لە تاران بوو، وتی ئێوە و کوردستان سڵامەت بن، ئێمە تا ئێرەمان هێنا، زانیم کە ئێمە ســـەر بەم وڵاتە نین، ئێمە نەتەوەیکی جیان، دایکم قایم بوو، وا دیار بوو لە دوادیدارەی لەگەڵ ڕامین قسەی دڵی خۆیـان کردبوو، دڵی نەهـاتبوو بە ڕامین بڵێ بەڵام پێ وتبوو کە ڕامینی سەرشۆڕم ناوێ...

دایکم هێشـــتا لە تاران بوو، تلفوونیان بۆ کردبوون کە بە بێدەنگ دەتوانن ڕامین ببینن، خۆشـــکم و کاکم و دایکم ڕۆیشـــتبوون، دەچنە گۆڕســـتانی بەهەشـــتی زەهرا، لەوێ ڕامین دەبیننەوە، خۆشـــکم خۆی هەموو دەم و چاوی ڕنی، پڕ بە غەریبی و بێ کەســـیان لەو تـارانەدا قیژانـدبووی و جنێوی دابوو، دایکم بۆ جـارێکی تر لێوە دووراوەکـانی ڕامین ماچ دەکات، ڕامین هەڵدەگرن و لەگەڵ خۆیان دەیبەن، نازانم بۆ کوێ و لە کوێ تەرمی پیرۆزیان ناشـــت، ئەوە وەک حەســـرەتێک بە سەر دڵی بنەماڵەمانەوە هەتا هەتایە دەمێنێـــتەوە، دایکم ماڵاوایی لە جەســتەی بێ گیانی ڕامین دەکات و تفێک تەژی لە نفرەت دەکاتە نێو چاوانی دەســـەڵاتدارانی تاران و هەموو باڵەخانە و تەلارە بەرزەکانی ئەو شـارە و دەگەڕێتەوە بۆ ماڵە قوڕینەکەمان، ئێستاشی لەگەڵ بێ دایکم دەڵێ قەد حەز نـاکەم بڕۆم بوو تـاران، مەگەر لە بەر ڕامین نەبێ، دەگەڕێم بە کوردسـتان و سـەرێک بە هەموو ماڵێکدا دەکەم و پەیامی

ڕامینیـان بۆ دەبەم، تەنـافی دارەکـان گڕ تێبەر دەدەم و دژی هەموو زوڵم و حوکم و یاسا و دام و دەزگایەکیان دەوەستێمەوە..

بۆ چەند ڕۆژ دواتر ســـەرتاســـەری کوردســـتان کەوتە مانگرتنەوە، دەرکەوت کە ئەم ڕژیمە نە بنەماڵەی ئێمە و نە خەڵکی کوردســـتانیان بۆ نـاچەمێتەوە، لەو ڕۆژانەدا بە دەیـان منـداڵ لە کەرکوک و هەولێر و سەقز و سنە و کوبانی و مەهاباد و کرماشـان و سلێمانی هاتنە ژیانەوە کە نێویان لێنرا ڕامین و بوون بە کوڕی دایە شەریفە..

بـاوکم قەد ڕامینی نەبینیەوە، نەیـان هێشـــت بیبنێ، ئەوە بوو بە زووخـاوێـک و لە دڵیـدا بوو بە گرێ، بە زۆر خۆی پێ ڕاگیرا، هەتـاکو لە ساڵوەگەڕی لە سێدارەدانی ڕامیندا نەمامێکی چاند و گوڵێکی سووری لە پەنـای دارەکە دانـا و کەوت بە زەوینـدا گەیـانـدرایە نەخۆشـــخانە، دوکتوورەکـان پێیـان وتین هەر دووک گورچیلەکەی داڕزاوە و هیچ هیوایەک بە مانەوەی نەماوە، پاش چەند ڕۆژ مانەوە لە نەخۆشـــخانە، وەک هەیکەلی ئازار بە سەر تەختی نەخۆشخانەکەدا ڕاکشابوو، دایکم پاش پەنجا ســـاڵ پێکەوە ژیان، ماچی نێو چاوانی کرد و بۆ هەمیشـــە ژیانی بە جێهیشـــت، باوکم پتر لە بیســـت ســاڵ زەجر و نەهامەتی کە ئەو ڕژیمە تووشی کردبووین زەجر کوژیان کرد، تەنانەت نەیان هێشت تەرمەکەی بە ئـارامی بچێتە ژێر خـاکەوە، لەو کـاتەشـــدا دوا ژەهری خۆیان بە تەرمی باوکم و بنەماڵەی ئێمەدا ڕشت...

ئیتر دایکم بە تاقی تەنیا ڕۆژانە دەچێتە ســەر گڵکۆی ئەشــرەف و نیشـــتمـان و بـاوکم و دەگەڕێتەوە نێو مـاڵە قوڕینەکەمـان، لە ســـەر ســـەکۆکە ســـەماورەکەی هەڵکردووە، پاڵی بە دیوارەکەی بەرامبەر

دەرگاکەوە داوە و چاوەڕێی گەڕانەوەی ڕامین و کوڕ و کوڕەزاگەکانی و کچە زاگەکانییەتی بەڵکوو لە دەرگاکەوە دانەیەکمان خۆمان بکەین بە ژووردا...

ئێمەش وێڕای خەڵکی کوردســـتان بەردەوامین لە ژیان و خەبات، بە هیواین ئاواتی دایکم و هەموو دایکانی جەرگ ســووتانی کوردســتان بێتە دی.

# بەشی شیعر و پەخشان

## تێبینییەک

ڕامین ئەوینی نیشتمان، وەك دێکۆمێنتاریك لە سەر ژیانی بنەماڵەی حوسێن پەناهی و بە تایبەتی زیندوو یاد رامین حوسێن پەناهییە، ئامادەکردن و کۆکردنەوەی ئارشیڤ کاری چەند ئەندامێکی بنەماڵەی ڕامین و بەڕێوەبەرانی کەمپەینی رامینە. ئەم دێکۆمێنتاریە گەر بکەوێتە بەر دیدەی خوێنەر بێ شك بێ هەڵە و کەم و کوڕی نابێ ، زۆر هەوڵ دراوە و ئەو ئازیزانەش لەو ماوەی چەند مانگەدا زۆر پێیەوە ماندوو بوون تاکوو بتوانن هەموو ئەو نووسراوە ، شێعر ، پەخشان و هتد.... کۆبکنەوە ، مەخابن بەشێکیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا نەمابوون ، بەشێك لەو شێعر و پەخشان و نووسراوانە کراون بە کلیپ و ویدیۆ، بۆیە داڕشتنەوەی ئەستەم بوو .ئەوەی لەم کتێبەدا دەبینرێ بەشێکی کەمی ئەو هەموو لوتف و سۆز و مێهرەبانی و پشتیوانیانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە گشتی و نووسەران و شاعێران و دڵسۆزانی گەلەکەمانە بە تایبەتی ، هەر بۆیە لێرەدا پێش خوێندنەوە پێویستە داوای لێبووردن بکەین لەو ئازیزانەی کە نووسین ، یان بابەتەکەیان نەهاتووە ، بە گەورەیی خۆتان بمانبەخشن، لە داهاتوودا لە ڕێگای سی دییەوە بە نیازین هەمووی کۆبکەنەوە و هاوپێچی چاپی دووهەمی بکەین.

ئەگەرچی لێرەدا نێوی کەس یان کەسانێك نەهاتووە، هۆکارەکەشی ئەوەیە دەترساین کەس لە قەڵەم بکەوێ و گەلەیمان بێتەوە سەر ، ئەگەرچی دەزانین ئەو بەرێز و خۆشەویستانەی کە لە سەرەتایی کارەساتە یەك لە دوای یەکەکانی ئەو ساڵانەی ژیانی بنەماڵەماندا خەم خۆر و پشتیوانمان بوون ، ئەوانەی لە نێو خۆی وڵاتەوە سەرەڕای هەموو گیر و گرفتە ئەمنییەکان بەڵام کۆڵەکەی ماڵی ئێمە بوون وهەن. ئەو ئازیزانەی لە شوێنە جیاجیاکانی جیهانەوە خۆبەخشانە ئامادە بوون و خۆیان ماندوو کرد بە کەمپەینی نە بۆ لە سێدارەدانی رامین.

ئەو نووسەر و شاعێر و هۆنەرمەند ، پەیکەرتاش ، کەسایەتییە سیاسی و مەدەنیەکان کە بە هەموو شێوەیەك هەستی خۆیان ئەگەرچی بە نووسراوەیەکی کورتیش بووبێ دەربڕی، سپاس و پێزانینی بنەماڵەمان پێشکەش بە ئێوە و هەموو خەڵکی کوردستان دەکەین ، ئەگەرچی هەوڵ و تەقالاکانمان لە بابەت رزگار کردنی گیانی رامین بێ ئاکام بوو، بەڵام دەورانێکی پڕ ئەزموون و پڕ وانە بوو بۆ مێژووی گەلەکەمان ، کە پێویستە بۆ داهاتوو کەڵکی لێ وەر بگرین ، ئەگەرچی هیوادارین چیتر شاهێدی هیچ کارەساتێك نەبینەوە، سەری هیچ لاوێکی کورد لە سەر داری سێدارە نەبینینەوە، بەڵام مەخابن تا رزگاری گەلێك قۆناغ ماوە ڕەنگە رێگاکانی داهاتوو نەهامەتی و سەخڵەت بێتە رێگای هەموو تێکۆشەرێکی کورد و هەموو ماڵە تێکۆشەرێك ، بۆیە ئەم دێکۆمێنتاریە دەتوانێ پڕ وانە بێ و لە بڕینی ڕێگای خەباتماندا هیوادارین بە کەڵك بێ .

## کوردستان  تازیەبارە بەڵام

تێشکاو نییە،  خەمبارە بەڵام داماو نییە.
ئەمڕۆ هەواڵی ئیعدامی رامین حوسێنپەناهی بڵاو بووەوە، ئەمڕۆ دڵی رامین لە لێدان کەوت، بەڵام هەزاران هەزار دڵ بۆی کەوتنە لێدان .
بەڵام لەراستیدا ئەو ساڵێک بوو دەست و پەنجەی لەگەڵ  مەرگ نەرم دەکرد، ساڵێک بوو ڕاستەوخۆ دەیڕوانیە سیمای تۆقێنەری مەرگ و شەو و ڕۆژ، لە خەو و بێداریدا، خۆی ڕادەهێنا کە لەکاتی ململانێی کۆتایی لەگەڵ ئەو دێوەزمەیەدا بتوانێ بەدڵنیایی و سەربەرزییەوە بەسەریدا سەرکەوێت. سەرەنجامیش رامین بوو کە مەرگی بەزاند، چونکە ترس لە مەرگی بەزاند. سیحری دێوەزمەی مەرگ، ترساندن و تۆقاندن و چۆک پێدادانی حەریفانیەتی. رامین ئەو سیحرەی بەتاڵ کردەوە و ئەو چەکەی لەدەست مەرگ داخست. رامین نەک هەر بۆخۆی بەڵکوو  بۆ هەزاران لاوی شۆڕشگێڕ، سامی مەرگی شکاند  .
کورد سەری زۆر لە شۆڕەسوارانی خۆی بە پەتی سێدارەوە دیوە،  خۆشبەختانە ئەمجارەش دوژمن سەرمانی بە شۆڕی نەبینی .
پرسە و سەرەخۆشی دڵی پڕ لە کوڵم پێشکەش بە دایە شەریفە و خاڵۆ میرزا و هەموو خوشک و براکانی و هەموو بنەماڵەی بەڕێز و تێکۆشەری حوسێن پناهی دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمیان  دەزانم. هەروەها سەرەخۆشی لە دایک و بنەماڵەی بەڕێزی زانیار و لوقمانی مرادیش دەکەم کە ئەوانێش بە سێدارەی دوژمن گیانیان لەدەست دا.
لە کۆتاییشدا داوا لە چالاکانی مەدەنی ناوخۆ و هەموو دۆستان و دڵسۆزان دەکەم بەهەر شێوەیەک کە بەگونجاوی دەزانن و هەرچندی لە توانایان دایە لە گرتنی رێ و رەسمی ڕێزگرتنی بەجەماوەر و هێمنانە لە رامین و هەر وەها لە زانیار و لوقمانی مرادی درێغی نەکەن.

عبدالله مهتدی

## خاڵۆ میرزایان نە بۆ شکا و نە توانیان تەرمی بدزن

خاڵۆ میرزا حسێن پەناهی مرۆڤێکی سادە، دەستکورت، بێ ئیدیعا، کز و پیر و جەرگ هەڵقرچاوی دوو ڕۆڵە و دوو نەوەی بوو. نە سامانی بوو و نە لەشکر و جبەخانە. ئەو کەسێکی ڕاست و دروستی کۆمەڵگای ئێمە بوو کە بەرهەمەکانی ژیانی خۆشدەویست. تا ژیا لەگەڵ ئەو دەسەڵاتەی گوڵەکانی هیوای ئەویان پەڕپەڕ کرد، سەرەڕای زەبروزەنگی دەزگا و دەوڵەت سەری بۆ جەلادی ڕۆڵەکانی دانەنواند. دەسەڵات و هێزی نەبوو ڕقی خۆیان پێ برێژێ، بەڵام بوو بە لاگری ڕێبازی جگەرگۆشەکانی.

هەر ئەوەندە بەس بوو تا دەسەڵاتی پڕ تانگ وتۆپ و هەژدیهای حەوت سەری دەوڵەت هەراسان بێ بە دەستییەوە و لەو پیرەپیاوە بە جەستە سوک و بە ورە سەنگینە بترسێ و باشاری نەکات. تا ڕادەیەک کە پێرێ ئێوارەی چوارشەممە ویستیان تەرمەکەی بدزن. بەمجۆرە خۆیان سوک و چروک بوون و بوون و جەلال و جەبەڕوتیان ڕوخا لە بەرانبەر ئەوەندە ورەیەی خاڵۆ میرزای نەخۆش و کز و لاواز و جەرگ شەقارشەقار دژ بەوان نواندبوی .

بەڵێ ورەی خاڵۆ میرزا بەشێکی زۆر بچوک لە دەریای هەست و نەستی گەڵێکی مەزڵوم و زۆر لێکراوی دەنواندەوە. دەریای ڕقی خەڵکی سنە و شارەدێی قوڕیچیا و لەیلاخ هەڵچوو و بە کورتەساتێک تەرمی خاڵۆ میرزای گرتە ناو شەپۆلەکانی و بەرزی کردەوە و جەردە و دزە جەلادەکانیشی گرتە ژێر خۆی و دایانیە بەر لرفەی ڕق و سەری لێشێواندن و ڕاوی نان.

جارێکی دیکە دەرکەوت «نامرن ئەوانەی لە دڵی میللەتا دەژین». ڕاوەستاوی و مەزڵومی و پاکی خاڵۆ میرزا شەپولی هەژێنەری دژ بە داگیرکەران خستە گەڕ و ڕەوایی دا بە خەبات و تێکۆشان و وەفای گەلی بە ڕوونی دەرخست. بەڕێز بێ یادی ئەو مرۆڤە پاک و بێ ئازارە، سەرشۆڕ بن دز و داگیرکەران.

هەموو بنەماڵەی حسێن پەناهی سڵامەت بن و بەردەوام لە خۆڕاگری

عومەر ئیلخانیزادە

## نامەیەک بۆ یەکێک لەکوڕەکانم

ڕامین کوڕە ئازیزەکەم سڵاو

دەزانم ئێستا لەودیو شیشەکانی زیندان لەکونجێکی تاریکدا چرکە و سەعات و ڕۆژدەژمێری ، دەزانم بیردەکەیتەوە کەی بێت دەمە و ئێوارەیەکی بەهار لە 'ئاویەر'ەوە جارێکیتر چاوبگێڕی بەکوچە و کۆڵانی ڕەنگینی 'سنە'دا ، دەزانم چرکە بە چرکەی قەدەرێکی شووم بەیادی گوزەر بە 'ناو قەڵا' و 'ئاغزەمان' و 'ویلاشار' و 'شاڵمان' بەڕێدەکەی!!..

ڕامین کوڕی شیرینم

وامەزانە کەگوێم لەترپەی دڵت نیە ، دەزانم کەچەند بیری بۆنی کاگڵی بەرنمەی باران و نانی ساج و ڕیحانە ڕەشەی بەرئاوایی 'قروچای' و مێخەکی بەرۆکی 'دایکە شەریفە، دەکەی ، دەزانم خەون بە دەنگی شمشاڵی شوانەکەی پشت ئاوایی دەبینی و خەیاڵت هەر لای 'ڕەز'ەکە و 'مەستە گەنم'ەکە و جواتیارە ماندووەکەی ژێر داربەڕووەکەی سەر ڕێی ئاواییە!..

کوڕەکەم ڕامین

نزاکردن و پاڕانەوە لە یەزدانی مەزن بەهەموو کەسێک دەکرێ ، بەڵام پاڕانەوە لە 'عبد' بەکەسێک ناکرێ کە 'فێرنەبوبێت' ، من لەپێناوپاراستنی ژیانی تۆدا پێم لەجەرگی خۆم نا و بۆت پاڕامەوە تا ژیانت لێ نەستێنن ، تکا و ڕجام کرد وەک 'دایکێک' وەک 'ژنێک' وەک 'مرۆڤێک' وەک 'کوردێک' گوێ لەئازارم بگرن و تۆم لێ نەستێنن!..

ڕاستە منیش لەوەتەی هاتوومەتە ئەم دنیایە شاهێدی بەناحەق لەدەستدان و لێستاندنی سەدان ئازیز و خۆشەویستم بووم ، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانم ڕابێم لەگەڵ ناحەقی و بەناحەق لێستاندنی!!..

کوڕەکەم ڕامین

جارێک و دەیانجاری تریش بۆ 'تۆ' و 'زەینەب' و 'زانیار' لەوکەسانە دەپاڕێمەوە کە بەسێدارە مەحکومیان کردوون کە جەرگی 'من' و 'دایکە شەریفە' و هیچ دایکێك نەسوتێنن و بەبڕیارەکەیاندا بچنەوە.. ...

ڕامین خۆزگە خۆزگە دەکرا دایک لەشوێنی ڕۆڵەکەی سزابدرێ ! دڵنیابە لەمێژبوو سزای سێدارەم لەشوێنی کوڕ و کچەکانم قبوڵ دەکرد..

ڕامینەکەم هیوادارم بێ هیوا نەبیت دایک هیچ کاتێک پشت لەڕۆڵەکەی ناکات منیش بۆ تۆ و بۆ شکاندنی بەربەستە پۆڵاینەکانی 'ڕەجای' دەرگا بە دەرگا لێدەدەم و هەرشتێکم لەدەست بێت ئەنجامی دەدەم و دەستەوەستان دانانیشم..

شاناز ئیبراهیم ئەحمەد

٢٠١٨-٨-٢٢

## نامەیەک لە ڕامین حوسێن پەناهی

بەندکراوی سیاسیی مەحکووم بە ئیعدام لە بەندیخانەی سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
بۆ ئەو کەسانەی وا خۆشم دەوێن
نازانم لە کوێوە دەست پێ بکەم، لە کوژرانی ئەشرەف یا لە حوکمی ئێعدامی برا گەورەکەمان ئەنوەر حوسەین پەناهی. لە فرمێسکەکانی دایکم یان لە تێکشکانی هەرڕۆژەیی باوکم. لە خوشکە جەرگسووتاوەکانم یا لە ترس و دڵەڕاوکێیەک کە چرکە و خوولەک بەری نەداوین. دەستی قەزا منی هێناوەتە شوێنێک و بارودۆخێک کە پێشتر برا گەورەکەم ئەنوەر حوسەین پەناهی تێدا بوو.
ڕەنگە لەمەودا قسەکانم ساناتر بۆ بێن، چونکە لەگەڵ برا گەورەکەم ئەفشین لە یەک بەندیخانەین. ئەفشین بە هەشت ساڵ و نیو حوکم دراوە و چاوەڕێ کۆتاییهاتنی وادەی حوکمەکەی و گەڕانەوەیە بۆ ماڵەوە و منیش بە ئێعدام حوکم دراوم و کەسیش ناتوانێت سەردانم بکات و نازانم داهاتوو چی لێدێت. زیاتر لە هەر شتێک بیر لە دایکم و جەرگسووتان و خەمەکانی دەکەمەوە، بیر لەوە دەکەمەوە کە تا ئێستا چۆن ئەم ڕۆژانەی تەحەمول کردووە.
جاران بیرم لەوە دەکردەوە کە ئەم هەموو ڕەنج و دڵەڕاوکێیەی لە کوێوە دێت و هۆکاری ڕاستەقینەی چەوسانەوەی ماڵباتەکەم چییە؟
ئەمڕۆ بە باشی وڵامەکەیم دەست کەوتووە:
ئێمە بەردەوام پێمان خۆش بووە لەگەڵ ئەو کەسانەی وا دەیانناسین، لەگەڵ دراوسێکان، لەگەڵ خەڵکانی کومەڵگا و ئەو کەسانەی کە بە هەر شیوازێک پەیوەندیمان لەگەڵیان هەیە، دۆستانە هەڵسوکەوت بکەین و لە خوشی و ناخوشیدا لەگەڵ یەک بین. ئەمڕۆ بە باشی تێگەیشتووم کە ئەم وانەیەم لە دایکمەوە فێر بووم کە بۆ دەبێت کرێکاران بەم شیوازە ژیان بە سەر بەرن؟ بۆ دەبێت منداڵان کار بکەن؟ بۆ دەبێت ژنان و دایکانمان ئەم هەموو ڕەنج و نابەرابەرییە قبوڵ بکەن؟ بۆ دەبێت ئەو شوێنە وا لێیدەژین، پیس بکەین؟ و بۆ نابێت هەمووماننن ئازاد بین و لەگەڵ یەک بە ئازادی بژین؟
کەم نین ئەو کەسانەی ئەم پرسیارانەیان بە دەنگی بڵێند خوێندووتەوە و بە تاوانی "دژی شوڕش (ی ئێران)، دژایەتی لەگەڵ خودا، پەیوەندی لەگەڵ گرووپە تیرۆریستی و تۆڕە سیخوڕییەکان یان بە ئەندامبوون لە گرووپە دژبەرەکان (ی کوماری ئیسلامی)" تۆمەتبار کراون. منیش یەک لەو کەسانە بووم کە لە ڕێگەی پشتیوانی چالاکی مەدەنی سیاسی،

مافی مرۆڤ، ژینگەیی و پشتیوانی لە مافی منداڵان و ژنان و کرێکاران بە دوای وڵامی ئەو پرسیارانە بووم.

ئەمڕۆ زۆرتر لە جاران بە دۆستایەتی و خوشەویستی و عەشق بۆ خەڵکی خۆشحاڵم، لەوەی کە لەگەڵیانم هەست بە شکۆ دەکەم. کاتێک بیر لە چرکەساتەکانی ئەو هەشت ساڵ و نیوە دەکەمەوە کە ئەفشین لە بەندیخانە بە سەری دەبات دڵم پڕ دەبێت، ئەگەرچی چاوەڕێکردنی ئێعدام خۆی زۆر ئەستەمە، بەڵام بەها و شکۆمەندی ژیان لەگەڵ ئەو خەڵکەی خوشم ویستوون و ئەو سروشتە و کرێکارانەی لەگەڵیان ژیاوم لە ئازارەکانم کەم دەکاتەوە و شانازی دەبەخشێتە من و ئەفشین و ماڵباتەکەم.

ڕامین حوسێن پەناهی

بەندیخانەی ناوەندی سنە

سێ شەممە، ١٤ خاکەلێوەی ١٣٩٧ی هەتاوی

رامین گیان سڵاو

**نازانم ئەم نامەیەت بۆچی بۆ دەنووسم؟!**

دەزانم خۆ تۆ ئەم نامە نابینی. کەسیش ئەم نامەیەت بۆ ناخوێنێتەوە. بەڵام نازانم بۆچی و چ هەستێک وام لێدەکات ئەم نامەیەت بۆ بنووسم. ئەم نامەیە بۆ خۆت و روو بە خۆت دەنووسم. بەردەنگی من تۆی، تۆیەک کە ئەم نامەیە نابینی و نایخوێنیتەوە.
دوو رۆژە تۆ رۆیشتووی، دوو رۆژە ئیتر هیچ هیوایەک نەماوە بەوەی جارێکیتر بتبینینەوەو وەک هەمیشە بزەت لە سەر لێو بێت. لەم دوو رۆژەدا زۆربەی زۆری رۆژنامەو ماڵپەڕەکان ناوی تۆ و زانیار و لوقمانی لە سەرە. سێ گەنجی کورد، سێ لاوی سیاسی کورد، سێ لاوی کورد کە خەونیان بە دونیایەکیترەوە دەبینی، لە بەر ئەوەی خەونیان دەبینی، لە بەر ئەوەی ئاواتێکیان هەبوو، سەریان چووە سەر دار و بوون بە سەردار. ئەوان سەردار بوونیان هەڵبژارد، نەک سەر دانەواندن .
دوو رۆژە تۆ رۆیشتووی و لەم دوو رۆژەدا زۆرم هەوڵدا شتێک بنووسم بۆ رێزگرتن لە قارەمانییەکانت، بەڵام قەڵەمم لە گۆ چووە. توانای نووسینم نەماوە، وەک ئەوەی زمانە پتەم گرتبێت، دەست دەخەمە سەر کیبۆردەکە و شتێک دەنووسم و دەیسڕمەوە. لە بەر ئەوەی دەڵێم ئەم نووسینە لە کوێ و ئەم خەمە قورسە لە کوێ!؟
رامین گیان؟!
لەم دوو رۆژەدا تەنانەت نەمتوانیوە سەرەخۆشی بە ئەمجەد و رەفێق بڵێم. نازانم چی و چۆن بێڵێم؟ !
رەنگە بڵێم شەرم دەکەم، شەرم دەکەم لەوەی هەوڵەکانمان نەیتوانی گیانی تۆ رزگار بکات. تۆ بڵێی کەم و کووڕیەک لە ئێمەدا بووبێت؟! تۆ بڵێی ئەوەی شایستە بووبێت نەکراوە؟!
نازانم!!
باوەڕ بکە نازانم!!
ناشزانم ئەمە بۆچی و بۆ روو بە تۆ دەینووسم. رەنگە بمهەوێت تۆزێک لە قورسایی ئەم خەمە سووک کەمەوە. یان نە، رەنگە جۆرێک دەربڕینی ئەو شەرمەیە کە لە تۆ و لە خۆم و لە دایە شەریفەی دەکەم.
خۆزگا وەها نەبا!
خۆزگا تۆ نەڕۆشتبای!
خۆزگا ئەم نامەیەش نەنووسرابا
هاوڕێت: مستەفا زاهیدی

## چیتان دەوێ لەو ماڵە قوڕینەیەی ئێمە!

ڕەفێق حوسەین پەناهی
هەر چی لە دەستان هات کردتان و چیتان لە دەست دێت بیکەن ، دەتانەوێ بیرۆخێنن فەرموو هەر چی لە تواناتاندایە بیکەن ، ئێوە بە گژ ئیرادەی ماڵێکی قوڕاویدا هاتوون کە باڵای لە هەر چی کاخ و بینای بەرزی تارانتانە بەرزترە، دوێنی ئەشرەف و سەباح و حامێد و بهزاد ، ئەمڕۆیش نیشتمانەکەمانتان لێ ساندین ، دوو بەیانیش رامین

بەڵام بیزانن زاڵمان ئێوە کایە بە ئاگرێك دەکەن کە لە سەرەتاوە ئێمەی سووتاند بەڵام لە کۆتاییدا ئێوە دەسوتێنێ ، ئەو ماڵە قوڕینەی بنەماڵەمان ئەمڕۆ هێمایە بۆ هەموو هەژاران و چەوساوەکانی گەلەکەمان لە کوردستان.

زۆر بە داخەوە ئەمڕۆ دوو هەواڵی ناخوش وەکوو هەمیشە میوانی ماڵە پڕ لە خەم و پەژارەکەمان بوەوە، یەکیان هەواڵی مەرگی نیشتمانەکەمان بوو، ئەویتریان هەواڵی گواستنەوەی رامینە بۆ قەرەنتینە بە مەبەستی ئیعدام کردن ، ئەم خەمانە هەڵگرتنی بۆ ئێمە بە تەنیا قورسە ، نامەوێ لاوازی دەروونی خۆم نیشان بدەم ، بەڵام لە راستیدا هەڵگرتنی ئەم خەمانە بە تەنیا بۆ بنەماڵەی ئێمە هەڵناگیردرێت ، بۆیە تکایە پشت و پەنامان بن ، لە گەڵمان بن هەموو هەوڵی خومان بدەین بۆ ئەوەی نەهێڵین رامین ئیعدام بکرێ ، خەمی خوم نیە ئێمە ئینسانگەلێکی سیاسی و خەباتکارین و دەزانین ئەم رێگایە چ تاڵ و ناخوش و پڕ هەوراز و نێشوە بەڵام خەمی دایکم و خوشکم و باوکمە ئەوان لە رۆیی جەستەیەوە زۆر لاوازن پێم خوش نیە مەرگیان ببینم ، حەز دەکەم بمێنن و چاو لە سووتانی دوژمنانی گەلەکەمان بکەن چلۆن بەو ئاگرەی کە کردوویانەتەوە دەسووتێن ،

کاتی شکاندنی بێ دەنگیە ، بە تایبەتی گەلەکەمان لە ناو خۆی وڵات ، نابێ ئەم زۆڵمە لە خوتان و بنەماڵەی خوتان قبوڵ بکەن

## دەستەکانی تۆ

لە وڵاتی ئێمە کاتێك دەستەکان لەیەك هەڵدەپێکرێن و وەك گەردنبەند خۆیان لە دەوری ئەژنۆ دەئاڵێنن، هێمایە بۆ خەمێکی قووڵ، ئەم خەمە دەتوانێ خەمی رابردوو ئێستاو داهاتووش بێت، دەتوانێ خەمی دووری ئەو ئازیزانە بێت کە دایکێك وەك دایە شەریفە ئاواتی جارێکی دیکە لەباوەش گرتنەوەی رۆڵەکانی بێت، ئەم دایکە ئێستا لە هەمیشە زیاتر تاسەی دیدارێکە، تاسەی هەموو ئەو کاتانەیە کە رۆژێك لە رۆژان کچ و کوڕانی ئازادیی لەسەر سفرەی هەژارانە بەڵام پڕ لە خۆشەویستی، لەدەوری یەك ئاڵقەیان دەبەست، ئەم دایکە تاسەی لە ئامێزگرتنی ئەو رۆڵانەیەتی کە دێوەزمەی رەش سنوورێکی بەرز تا حەوتەوانەی ئاسمانی لە نێوانیاندا دروستکردووە، بەڵام کام سنوورو حەسارو پەرژین دەتوانێ رێگە لە هەڵفڕینی هەستی ئەم دایکە بگرێت کە رێگە نەدات باوەش بە خۆشەویستانیدا بکات،

دەستی تۆ دایە شەریفە ئەرێ تەنیا دوو دەستی یەك جەستەن بەڵام واتایەکی قووڵی هەیە، دەستەکانت بیری راژەندنی ئەو بێشکە دەکات کە رامینی لەناو خۆیدا گەورە کرد، ئەرێ ئەمڕۆ تۆ تامەزرۆترین دایکی ئەم نیشتمانەیت کە ئێستا چرکە لەسەر چرکە لە رامینی کۆرپەی ناو بێشکەوە تا ئەم رامینەی کە ئێستا سینەی بە سینەی دوژمنەوە ناوەو دەڵێ ئەوەی هەرگیز ناچەمێتەوەو ناشکێ ئیرادەی میللەتێکە ئازادیی دەوێت، تۆ بیری دەکەیت.

وێنەکەت ئەرێ دایە شەریفە وێنەکەت بە ئارامی دەدوێ بەڵام ئێمە پڕمەی گریانێکی پەنگخواردووی ناو دڵی کەیلت دەبیسین و ئەو رۆچنەیش تۆ چاوت لێی بڕیوە رێك ئەو جێگەیە کە ترووسکەی خۆری ئازادیی لێ هەڵدێت.

وە تۆ ئێستا دایکی نیشتمانێکی

پەرویز ڕەحیمزادە

## که منداڵ بووم...

که منداڵ بووم ، دایکم هەموو شەوێ ناوی هەموو مناڵەکانی ئەهێنا و فرمێسکی وردی دەڕشت و دەخەوت.!
من و دایکم چیرۆکی زۆرمان هەیە پێکەوە، لەگەڵ یەک و لە ماڵەوە و لە دەرەوە، لە سەفەر، لە کاتی دەمەقاڵەی کچ و دایک، کاتی گریان و کاتی پێکەنین.
کە باسی داهاتووم دەکرد بۆی، دەمگوت حەز ئەکەم ببم بە دایک و وەک تۆ بم! دایکم بزەیێکی دەهاتە سەر لێو و ئەیوت: ئەبی ئەبی!!! ئەوکات ئەزانی منداڵ چەن شیرینە! درکم بە مانای وشەکانی نەدەکرد هەتا خۆم بووم بە دایک.
کچێکم هەیە جوانتر لە هەموو بوونەوەرێک، بۆنخۆشتر لە هەموو گوڵێک، هاری ئەکا، تووڕە ئەبم لێی، کە خەوت بیری ئەکەم، بە قووڵایی دەریا و بە بەرزایی ئاسمان خۆشیم ئەوێ.
بەڵام دایە تۆ کەسێکی تری، تۆم لە هەموو کەسێک ، بگرە لە خۆشم خۆشتر ئەوێ، تۆ بووی ژیانت پێ بەخشیم، تۆ بووی وتت کە ترسای لە هەر شتێک؛زیاتر بڕوانە بۆی! تۆ منی، هەناسەمی، ژیانمی، هەرچەن دوورم لێت؛ هەرچەن زۆر بێڕەحمانە درەنگ تەلەفون هەڵئەگرم و قسەت لەگەڵا ئەکەم؛ ئەزانم چەندە بیرم ئەکەی، لەبەر ئەوەی کە منیش دایکم و ئێستا هەمووکات لە بیری منداڵەکەمم کە لە لاشمە!
بەڵام دایە گیان تۆ چارەنووسێکی باشت هەیە، تۆ چاوەڕوانیم ئەکەی کە ببینی، ئەزانی لە مەترسیدا نیم، لە ئارامیدام.
ئەزانی، دوێنێ شەو دایکێک هەتا بەیان لە پشت دەرکی زیندان چاوەڕێی جلی خوێناویی ڕۆڵەکەی بوو؟!
ئەزانی، سبەی دایکێک هەواڵی لەسێدارەدانی منداڵەکەی چیی لێ ئەکا؟!
دایکی ڕامین...
دایکی ڕامین هەموو چرکەیێک هەڵئەوەرێ، مردوویەکی زیندوە!
دایە، ناتوانم تۆ بم، ناتوانم نیشتمانم بسپێرم بە خاک، ناتوانم چاوەڕێی پەتی سێدارە بم بۆ ڕامین، تۆ نیشتمانی منی، تۆ ئازایەتی و ئازادیت، تۆ کوردستانێکی لەتلەتکراوی بە ناوی ئەفشین و ئەنوەر و ڕەفیق و ئەمجەد و ڕامین!

شەهلا کاکایی 22.06.2018

## نا... بۆ خنکاندنی رامین حسێن پەناهی

لا ...لخنق الناشط المدني و السياسى رامين حسين پەناهى - ايران
قوبادی جەلیزادە - کۆیە

یەکێک لەسزا هەرە قێزەونەکان ، کە بەداخەوە تا هەنووکەش ، لە هێندێ سیستەم و رژێمی وڵاتاندا . پەیرەو دەکرێ ؛ سزای لە سێدارەدانە.

رێکخراوە مەدەنیەکانی دنیا ، ریکخراوە مرۆڤ دۆستەکان ، بەردەوام لەهەوڵ کۆشانی ئەوەدان ، کە ئەم سزایە لە تەوای دنیا لەرەگ و ریشەو هەڵکەنن ، چونکە بەهیچ کلۆجێک لەگەڵ پرەنسیپە سەرەتاییەکانی مافی مرۆڤ ، مافی ژیان کردن و بەها ئینسانییەکان و ئینسانییەتدا ، تێک ناکاتەوە... ئەوان دەڵێن : ژیان خودا بەمرۆڤی دەبەخشێت و تەنیا خوداش خۆی بۆی هەیە ئەم ژیانەی لێ بستێنێتەوە ، ناکرێ مرۆڤ جێگەی خودا بگرێتەوە و ئەم دەسەلاتە بۆخۆی قۆرخ بکات.

بەداخەوە رژێمی کۆماری ئیسلامی ئیران ، لەریزی هەرە پێشەوەی ئەو سیستەمانە دێ ، کە دەگەڵ کازیوەی هەموو رۆژێکی تازەدا ، دەیان مرۆڤی ئازادی خوازو چالاکوانی مەدەنی ، بە بیانووی جۆروجۆرو تۆمەتی هەڵبەستراوەوە - وەک دژایەتی خوداو مادە هۆشبەرەکان وسیاسەت کردندا- ، دەخنکێنێت .

هەنووکە چالاکوانی مەدەنی و سیاسی کاکە ( رامین حسێن پەناهی) ، لەژووری تاکەکەسی دایەوپێشبینی ئەوە دەکرێ کە لەرێی تۆمەتی هەڵبەستراوەوە ، (دژایەتی خودا ) ، بەر ئەو سزایە توندو نامرۆڤانە بکەوێت ، بۆیە بەدەنگی بەرز وەک (دادوەرێک ) و وەک (شاعیرێک )یش بەتوندی ئەم سزادانەو جێبەجێ کردنی مەحکوم دەکەین و هەرچی زووشە ، داوای ئازاد کردنی دەکەین.

نا .. بۆ خنکاندنی رامین حسێن پەناهی
بەلێ .. بۆ ئازاد کرنیی.

قوباد جەلیزاد- شاعیر

## من تەنها نیم

من تەنها نیم..پەتەکەی ملیشم لەگەڵە
من دەڕۆم زبڵ وپیسی دنیا جێدەهێڵم
تەنها پەتەکەی ملم دەبێتە میرات
بۆ منداڵانی ئەمڕۆ لەدایک بوو
بۆ خونچەی تازە پشکوتوو
بۆ گیای سەر بەئاونگ..
من تەنها نیم
پەتەکەی ملم بۆنی خوێنی جەلادەکەمی لێدێت..
بۆنی هەناسەی دادوەرە سارد و خوێن تاڵەکەم
ئەوەی دایکی نزای بۆکردوە سارد و گەرمی ڕۆژگار نەچێژێ
پەتەکەی ملم
بۆنی ئاوی ڕیشی مەلایەکی لێدێت، تازە دەستنوێژی گرتوە
بۆنی بانگی بەیانیانی لێدێت
من ڕامینم
ئازادیم چاند، مرۆڤ دۆستیم بە کێڵگەکانەوەرکرد،خۆشەویستیم بەشیەوە
کەچی تەنها پەتەکەم بەریدا، کەچی تەنها پەتەکەی ملم بەرەکەتی تێکەوت
بەشی یەکەیەکەی دانیشتوانی وڵاتەکەم پەت لەناو قاسەکاندا هەیە.

جەبار جەماڵ غەریب
شاعیر

## له جێژوانی بەر دەروازەی ڕۆژ و شاردا

تازەلاوێک، ئەشقی فڕین لە باڵی ئەندێشەیدابوو
بێزووی هەڵۆ و ماچی لووتکە،
لە ناو ڕازخانەی دڵیا بوو
بەو تاوانە، دەیبەنە بەر تەنافی داد!
سەدان کامێرا و چاوی شار،
پەنجەی بێ هەست ئەدەن لە سازی بێدەنگی
کچۆڵەیەک، سیروانی ژان لە ناخیدا
بە دوو چەپکە خەمی پەنجەی
گوڵی گۆنای دەژاکێنێ و
بەر شەونمی شیوەن دەگرێ !
کوڕەش ئارام لە دەلاقەی تەنافەوە
بۆ کچەکە و بۆ هەموویان
دەڕوانێت و بزە دەگرێ

ڕەحیم لوقمانی

## بۆ باوکی رامین حوسین پەناهی

لەشی ماندووی خستۆتە سەر کۆشی  کلکی پێمەڕە
پیرەپیاوی رەنج و ئازار
مەزرای بە گوڵ خەملاندووە و
بۆ دوور دوور ئەڕوانێ
ئێوارەیە  و
زەردە بە دەم نیگایەوە پێدەکەنێ
ژان لە نێو جەستەیدا ورووژانە ئەکا
وەک ڕنۆ بەفری دەم کەلی بەردەم هەتاو
بێدەنگ بێدەنگ
چەن دڵوپێ بە نێو ردێنی سپیدا
دەڕژێنە سەر سینگی هەناسە سوار
هەناسەی وەک چۆلەکی سرکی ناو ڕکە
کەوتووەتە باڵەتەپە و نافڕێ
لەم هەرێمە پڕ لەژانەی جەستە
ئاخۆ دەبێ هەتاکەی داڵ
ئاو لە دڵ بخواتەوە؟
ئاخ ئەی سەردەمی تاڵ و نغرۆ
ئاخ ئەی ئاخی بە داخ چێنراو!

نیزام زەکریایی

## بۆ دایە شەریفە، دایکی ڕامین

منیش وەک تۆ دایکم، هەستی دایکانەت دەرک دەکەم،
فرمێسکانت دەناسمەوە

## دوو دڵ مەبە دایە!

گۆڵە سوورەکەت دانێ،
لەم وڵاتە داگیر کراوەدا،
لەم مەڵبەندە ئەسیرەدا،
هەموو دەشت و
هەموو شاخ و
هەموو کانی و
هەموو چۆم و زەریا و
باخ و
هەموو بن دار و بن بەردێك
شەهیدێکی تیا نووستوە!
گۆڵە کەت دانێ
دوو دڵ مەبە!
بە پانتایی گشت نیشتمان
ڕامین لەو خاکەدا نووستوو ون...
گۆڵەکەت دانێ
دوو دڵ مەبە
دایە.

لالۆ

## دەمەوێ سپاست بکەم

فەرەیدوون ئەرشەدی
بیر لە ئاڵقەی سووری دەوری گەردنم مەکەرەوە .
شەونم
هەناسەی ڕێگا تەنراوەکان دەکاتەوە.
لە بێدەنگیم مەترسە،
ئاگرێکی تر
کوانووی هەوارانی چۆڵ
ئاوەدان دەکاتەوە.

تەنیا قومریەکی بریندار دەزانێ،
کە لەم سپێدە تاریکەدا
سپاست دەکەم،
سپاسی ئەو دەمەی لەبەرزان
بۆ ئەستێرە دەگەڕام و
تۆ پووزەوانەت بۆ دەچنیم.
سپاسی ئەو تینوێتەیت
لەو نیوەڕۆژە گەرمانەی
سەروێنەکەت
لە بەردەرگای زیندان
تۆزی دڵتەنگی دەگرێت.

دەستت لەسەر زامی گەردنم دامەنێ،
بەهار کە هات
باران هەموو شتێک دەشواتەوە،
برینی من و
دەردی دڵە گەورەکەی تۆش

## بۆ رۆیشتی نیشتمان؟!

بۆ رۆیشتی نیشتمان؟!
گەر دووسبەی خاڵۆ نەیات،
خۆت دەمێنتەوە
بەتەنیا،
لە باوەشی دێوەزمەی تاوان و
ئەویش بۆ میوانداریت
سەمای مەرگ دەگێڕێت!

بۆ ڕۆیشتی نیشتمان؟!
تۆ شەقامت بە جێ هێشت
بە تەنیا
تاکوو لە نەبوونتا
زریکەی شین و هاوار
هێلانە بکا تێیدا؟!

بۆ رۆیشتی نیشتمان
تاکوو کوردستان
قژی بڕنێ
فرمێسك بڕژێنێت و
ئەژنۆی بلەرزێت؟!

نیشتمان،
بزانە!
وڵات ئەم رۆژانە
مەکۆی تێکۆشانە،
نە مەرگی تۆ،
نە هی خاڵۆ، و
نە هی ئەو گشتە کۆڵبەرانە

نایتۆقێنێ,
نایلەرزێنێ!

نیشتمان،
بزانە!
ئەم رۆژانە شەقامەکانی وڵات
دەبێتە رووبار
بۆ لافاوی دەنگەکان
خرۆش خرۆش
بەسەر قەڵای زۆرداریدا
هەڵڕژانە،
تێهەڵکوتانە!

نیشتمان،
گەر توانیت سەرێك بگەڕێوە
بۆ میوانی شەقامەکان
بەڵکو میوانیت
هەوێنی بکات،
گڕکانی تەقینەوەی کۆتایی
دوایین خەڵوزی ستەم و زۆر
ببات لەگەڵ خۆی
هەتا گۆیژەکۆڵەی بن بەغدایە!

مانی

## بۆ رامین حوسێن پەناهی و ئەو باڵەندانەی لە فڕین قەدەغە کراون

من بەندکراوی تاسەی باڵەندەکانم، تۆش شەپۆلی بی وچان !
باوان!
دڵم گڕووی گرتۆ
بە پێی پەتی
بە بێ باڵ
و بە بێ پاسپورت
بفڕێ  بۆ وڵاتێکی بێ شوناس - با ا ا ا-

تا بە باڵای باڵەندەکانی
لە سێدارەدراوی ئەم خاکە برینداره
چیرۆکی قەقنوس دووبارە کاتەوە - قەفەس س س-

باوان!
من لە جنسی دووکەڵ و شەراب
تۆ هەوریشمی رووحمی! - خاک ک ک-

تەواوی ئازارەکانتان
بتکێنن
 سەر بلۆقە پڕ چڵکی
گنخاوی دڵم - ئاگر ر ر-

باوان
لێدانی دڵ
واتای زیندوو بوونە!
بەرەو فڕینێکی ئەبەدی - باران ن ن-

دیاکۆ مورادی۲۰۱۸/۰٦/۱۸

## دەپسێنێ پەتی زوڵم و دەشکێنێ سامی حاکم و قەنارە

پێشکەش بە یادی هەمیشە زیندووی "ڕامین"ی قارەمان

ئارام بوداغی

هەواڵ کورت و دڵتەزێن بوو
قاڵاوەکانی تارانی تەم و دووکەڵ
پایتەختی داعشی شیعە و
خیلافەتی سێدارەی ئێران
ئەمڕۆ ڕامینیان لە کوردستان ئەستاند.
ڕامین لە سەر داری سێدارەوە لە شەقەی شاباڵیدا
دڕی بە چڵکە هەوری شەوی تاری تاراندا
شار و باژێر و شەقامان دەهەژێنێ
دەسەڵاتی ڕەشی تاران دەلەرزێنی
باڵ لێدەدا و لە سنەی سووری سەربەرز
لە گەڕەك و شەقامەکان دێت و دەچێ و
لەگەڵ "سەباح" و "حامید" و "بێهزاد" سروودی "کاك شوان" دەڵێتەوە
لە ئاویەرە، کەچی لە کامیاران و کرماشان بە دەستی سدیقەکان دەنووسرێتەوە
هاوکات لە مەریوان لە ئاوێنەی زرێباردا دەدرەوشێتەوە و
لەگەڵ "پەرویز" و فوئادەکان سروودی "فوئاد" دەڵێتەوە
لەگەڵ "شەریف" و "ئومێد"ەکان ئاگری دارستان دەکوژێنێتەوە و
داربەڕووەکان دەڕوێنێتەوە.
لە بانە لەگەڵ "چیا" بەرەنگاری داگیرکەر دەبێتەوە
لە سەقز لەگەڵ "هەڵۆ" و حەمەحسێنەکان سروودی "سوورە سوار" و "ڕێی خەباتمان" دەڵێنەوە
لە بۆکان لەگەڵ "ئەرسەلان" و "سەید ئەسعەد" شیعری "دەلالۆ" دەخوێننەوە
لە مهاباد وانەکانی "خانە" دەڵێتەوە و
لەگەڵ "جەماڵ" سروودی "هەڵگرن ئاڵای ئازادیی وڵات" دەڵێنەوە
ڕامین لەگەڵ کۆڵبەرانە
لەگەڵ تاوی باڵی خرۆشانە
لەگەڵ ڕاپەڕینی بێبەشانە

لەگەڵیدان گوندی و جوتیار
ژن و پیاو و کیژ و لاوی باژێر و شار.
ڕامین ناسرەوێ و لە گشت سووچی کوردستانە
هەر لەو کاتەدا هاواری ڕەنج و بێدادیی سیستان بلووچستانە
زایەڵەی ژنێکی ئازار دیتوو و پیاوێکی ڕیش چەرمگە
بۆ مناڵێکی ڕووت و قوت، جلوبەرگە
ڕامین لە ئەهوازە و لەگەڵ "فوئاد عەرەب"
دەبنە کانی بۆ گەرەکی تینووەکان
دەبنە دەنگی دلێری ڕاسانی جەماوەر و شۆڕشی چەوساوەکان.
ڕامین لە گشت ئێران دەنگی ("نا"یە بۆ سێدارە(
دەپسێنێ پەتی زوڵم و دەشکێنێ سامی حاکم و قەنارە.
ڕامین سنوورەکان دەبەزێنێ و
لە سلێمانی و هەولێر و کەرکوك سەرهەڵدێنێ
پرچی گەرمیان دەهۆنێتەوە و قژی شنگاڵ دادێنێ
قامیشلی و کۆبانی و دیاربەکر دەخرۆشێنێ
ڕامین ئازادییە، ژیانە، کۆڵنەدانە.
***
من دڵنیام ڕامین خۆی بە ئێراندا کردەوە تا گۆمی مەندی ستەم بشڵەژێنێ
خەو لە چاوی پاسدار و بەکرێگیراو و داگیرکەر و
زیندانەوان و جەللاد و مەلای تاران بزڕێنێ
رۆژهەڵاتم بخرۆشێنێ و
لەوێشەوە بانگی ئازادی کوردستان لە ماشەری پەیامگری مافی مرۆڤ بهاڵێنێ .
بەڵێ بەڵێ خۆی بە گەرووی داگیرکەردا کردەوە
تا تۆوی هەستان و خرۆشان بۆ ڕزگاری کوردستان بچێنێ.
ڕامین بە لەشی زامارەوە
بە لەرز و یاو و ئەشکەنجە و ئازارەوە
نەترس و نەبەز، ورەی بەرنەدا
هەرەسی بە مەرگ هێنا
چۆکی بە جەللاد دادا .
ڕامین وابوو، چون بە باوەڕی پۆڵایینی

"کاك ئەحمەدی شەعبانی" گۆچ کرابوو
زیندانی کردە مەیدان
مەیدانی قارەمانی و کۆڵنەدان
ون نەبوونی ئاسۆی ژیان
بوو بە ڕۆڵەی خۆشەویستی ماڵ بە ماڵی کوردستان.

***

دێوە پیر و تاریکبیر و
هەناو ڕەش و ڕەوش ڕەشەکەی تاران
خەیاڵی خاوە
سەری لە چیاکانی کوردستان دراوە
لە حاست گەلم دۆشداماوە،
ئەوەتانێ، تا دار بۆ "ڕامین"ێك هەڵدەدەن
سەدان "ڕامین" سەرهەڵدەدەن
تا "ڕامین"ێك دەبڕنەوە
ڕامینستان هەڵدەچنەوە و
بەرز و سەرکەش ڕادەبنەوە .
تا "ڕامین"ێك دەدروونەوە
کێو و کێڵگە و ئاخ و باخی کوردستانم
هەر "ڕامین"ە و دەڕوێنەوە و
ڕەپستەیە و دەشنێنەوە و
نابڕێنەوە و ناتوێنەوە .
ڕامین نامرێ و بەپێوەیە
لە سەنگەری شۆڕشدایە و پێشمەرگەیە
نامرێ چون ڕامین هەمووما‌نە و هەمووما‌ن ڕامینین
نامرێ چون پڕشنگی ئازادیی وڵاتە
ئاسۆی ڕوونی ڕۆژهەڵاتە
چونکە بزە و بیروباوەڕی نامرن
چون ئامانج و ئاواتەکانی نامرن
نامرێ چونکە ئازادی نامرێ

چونکە کوردستان نامرێ .
ئەوەی دەمرێ شەمشەمەکوێرەکانی تارانن
ئەوەی مردووە بیری تاریکی ئیمامەکەی ئێرانە
ئەوەی بۆ هەتا هەتایە ڕق و قینی جەماوەری پێ بڕاوە
ئەوەی ڕووڕەشی و شەرمەزاریی مێژووی مرۆڤایەتی بۆ ماوە
مەلاکانی قوم و تارانن.
ئەوەتانێ هەر دوێنێکە عەبای ڕەشی باوەڕیان
کەوتە بەر قینی جەماوەر و گڕیان دا .
ڕامین ڕەمزی ئازادی و ژیانە
هەوێن و ڕەوتی هەر مانە
ئەوەی بۆ هەمیشە دەمێنێ و
هەتا هەتایە زیندوویە
هەر ڕامینە و هەر ڕامینە.

٨ی سیپتەمبری ٢٠١٨

شاعری شۆڕشگێڕ کاک ئەحمەد بازگر بۆ رامین حسین پەناهی و دایە شەریفە

## ئەو دەستەی وا

بەبێ وەستان و بەردەوام
گیان و ژیانی
ئەم ڕامینە و
ڕامینەکانمان دەستێنێ،

هەر لەمێژە
دە بوو نەبێ
ژێر گڵ بووبا و
هەرئاسەواری نەمێنێ!
شیعری من
هەر بەتەنیا
بۆ ژانی نێو ژانستانی
لاوەکانی وەکوو ڕامین
فرمێسک هەڵناوەرێنێ،
بەلکوو تێکەڵ
هێز و تینی
ئەو جۆشە پڕ خرۆشەشە
پەتی سێدارە دەپسێنی و
بەڕێوەیە
دەرگای زیندانیش بشکێنێ!
بازگر بۆ رامین حسین پەناهی و دایکی

## بۆ دایکی حسەین پەناهییەکان

داواکاری
هەر چی لە دەستان هات بیکەن
مەهێڵن ماسی نەفەس با
مەهێلن دەریا شەپۆل با
مەهێڵن باران بباریٚ
مەهێڵن هەور زگی پڕ بیٚ
بەڵام تەنیا بۆ دووا جار
بهێڵن دایکم ببینم

هەر چی لە دەستان هات بیکەن
مەهێڵن ئاواز، بخوێنیٚ
مەهێڵێن ساز، خەو بوێنیٚ
مەهێڵێن شار شەوی خوەش بیٚ
مەهێڵێن شادی سەر خوەش بیٚ
بەڵام تەنیا بۆ دوو جار
بهێڵن دایکم ببینم

هەر چی لە دەستان هات بیکەن
لە هیچێکیش دەرێغ مەکەن
من دڵنیام سوور ئەزانم
کاتی لە سێدارە دانم
دایکم ئەگری و ئەقیژێنیٚ
وەک چۆن هەوریٚ زگی پڕ بیٚ
هەر چی لە دەستان هات بیکەن
بەڵام دایکم زگی پڕەەەەەەە

حەمید شەریفی

## بۆ کاکە ڕامین و هەڤاڵەکانی

خولانەوەت بەو پەتی سێ دارەیەوە
وەک سوڕانەوەی زەوی
بە ئاراستەی پێچەوانە
بەبەرچاوی جیهانەوە
بە بارتەقای سێ هەزار ساڵ
مێژووی پڕ لە تەم و مژی
مرۆڤی بەناو مۆدێرنی،
بەرەو دوواوە گەڕانەوە

وەک و دووایین موحازەرەی شارستانیەت
وەک دووبارە سەرهەڵدانەوەی
بەربەریەت
نمایشی " بەرەو مەرگ بە ئاشکرا"
بۆ خەڵاتی نۆبڵ و کان نیشان کرا

تۆ جوانترین وانەت دادا
لە لوتکەی سروشتییبووندا
ماسکت لەڕووی: شارستانیەت
مۆدێرنتی، مافی مرۆڤ
هەر بە نوکەشەقێک لادا

واتکرد هەمووومان بزانین
کە "ماکیاڤیلی" ڕاستی کرد؛
"مرۆڤ هەر لە ئەزەلەوە
شەڕانیە"
خولیای تۆڵە و وێرانکاری
دژی ژیان و جوانیە

نیشانتداین وەک "تۆماس هۆبز" دەڵێ
"زۆر باشترە تەنها بژین"
ئیلهام لە سروشت وەرگرین
نەک هاوژینی نامەردان بین
وەک "ڕامین و هاوڕێکانی"
ڕۆژی ڕووناک
سێ سێ بمرین

کاراکتەری مرۆڤ و پەت و دار
بێدەنگی و قوڵایی ئازار
ڕۆحی بەرزەفڕی سپی
فرمێسک و سوتان و کپیی
گریەی بە کوڵ
لارە لارە و
وردە هەنگاوی نابەدڵ
چرۆی سوتاو
خۆری سارد و
مانگی تاساو
گشت پێکەوە
بەدەم ئەم سیناریۆیەوە
مەراقی بێ کۆتایی تۆ
ئەخەینە توێی یەک پێکەوە.
دووای تۆ "ڕامین "
پێناسەکان گشت ئەگۆڕێن
چی جوان هەیە
هەمووی ئەبێت بە ناشرین
باخ ئەگۆڕێ بۆ دڕکەزی
گوڵ ژان ئەکات وەک و برین
خەندەو خۆشی ئازار ئەگرن
پێکەوە ئەبن بە گرین

دوای تۆ ، ئێمە هەموو ڕۆژێ
نەک هەر جارێ
سەد جار ئەمرین.

حیدر ناسح محمد
١١ سێپتەمبەری ٢٠١٨
لایپزیگ/ئەڵمانیا

## تینوت بوە کزەی جەرگم

تینوت بوە کزەی جەرگم
واتامەزرۆی قومێ ئاوی
وامەکە ئیتر لەمەودوا دڵۆپێ ئاو
نەخۆمەوە
وامەکە ئیتر لەمەودوا
پەت هەڵ نەخەم بۆ دیلانێ!!
چاوەکانت داخەو بنوو
بنو وەکو براکانت
بنو وەکو خوشکەکانت
چونکە هیچ یاسا و ئاینێک
لەزمانی تۆ نازانێ!!

رەنج سەنگاوی

## من سواڵکەر نیم

ئێوارەیە
نە مانگ دیارە نە خۆرەتاو
لە بناری شەقامێکدا
پیرێژنێکی قژهەڵقرچاو، ئەروانێت بۆ زیندانی شار
هەرکەس دێت و ڕادەبوێرێت،
پارەییێکی بۆ فێرێ دەدات،
پیرێژن لەناکاو ئەقێژینێت و هاوار ئەکات:
ئای خەڵکینە من سواڵکەر نیم!!
من دایکی ئەم نیشتمانەم
ئەزانن بۆچی دەڕوانم بۆ زیندانی شار؟
سبهینێ بەر لە شەفەق تاقە کوڕەکەم
دەدرێت لە دار....

جەلال مەلکشاه

## کوردستانەکەم

ڕەش پۆشە کوردستانم
هەڤاڵان
ڕامین میوانی بۆچووە ئەوشۆ...
بڵێ بە ڕامین خاڵۆ
ئێرە وڵاتی ڕامینەکانە...
خاڵۆ
ڕۆڵەی کوردستان دەبینە فانۆسی دەستەکانت
و
دەگەڕێین
بست بە بست
شەقام بەشەقامی وڵات
دەیدۆزینەوە گوڵە گەشاوەکەی بەهار
بلێ بە ڕامین
پڕ دەکەین لە نەمام، وڵاتمان....
پێی بڵێ
فێری فڕینن زارۆکەکان
دەفڕن بەرەو ئازادی
فێری ژینن
دەژین بۆ ئازادی
خاڵۆ بە ڕامین بڵێ
دایە شەریفە بۆن دەکات جلەکانی
و
ڕەش بەڵەك دەگێڕێ ، تاکوو سڵاوی هەتاو
زاوای نییە ڕەش بەڵەکی ئەمجارەمان....
بوکیش چاوەڕوانە
چاوەڕوانی گوڵە گەزیزە...

## بگەڕێنەوە

چاوەڕوانە وڵاتم، چاوەڕوان
چاوەڕوانە دایە شەریفە
پێڵاوەکان ، لە پێ بکە و
بگەڕێ
بست بە بستی ئەم خاکە
هەڵۆی کوردستان....
تۆ بەرزە فڕی
تۆ بەرزە فڕی کێوەکانی کوردستانی
بفڕە...
بگەڕێوە...

ن.س

## کزە لە جەرگی

تۆ بە تەنیایی و بە بێ "خاڵۆ میرزا"ش، پڕی لە ئیرادە ئەی ژنە خۆڕاگرەکەی دەشتی "لەیلاخ" بە تەنیا خۆیشت بە قەت هەموو ئەو شیوینیستە قژ زەردانە ستەمت لێکراوە کە دەیانەوێ خۆیان بکەنە هاوڕەنگ و هاودەردی تۆ!

ئەو لاوەی جامانەکەی پڕ بوو لە ئەستێرەی پەیام...
ڕامینی هەموان!
دەبوایا بفڕی
کزە لە جەرگی شار هەڵسا
بە دڵێکی جەوانەوە بۆ ژیان دەجەنگی
لە گەڵ ژێکانی دڵی ڕامین دا!
شارەزای سەنعەتی جوان مردن!
سەمای پێکەنینەکانی ڕامین
رزگارن ئەوانەی بە خەۆنی هەڵفڕینەوە ژیاون
وەک سنەوبەر لە ڕکەی زیندانا باڵای کرد.

موختار هوشمەند

## له خەویدا

پێش ئەوەی (پەناهی) بگرن
شاری سنه
خەوی دیبوو
پێش ئەوەی (پەناهی) بگرن
دایکی ڕامین
خەوی دیبوو

لەخەویدا
دەنگی دەفی (ئاغەی غەوسی)[1] و
مەقامێکی عەلی ئەسغەر
دێ لەو ناوە
لەخەویدا ڕامینی خۆی
لەگەڵ لاوێکی بێکاری (کانی کوزەڵە)ی ئەوشارا
ڕاوەستاوە

له خەویدا
پڕ گیرفانی نوقڵی شیرین بۆ مناڵانی(گلەخان)
پڕ سینییەک، خەم و خۆراکی ئازادیی
بۆ کچانی ( تەکیەو چەمەن )
لەسەر سەریدا داناوە

---

[1] خەلیفە میرزا ئاغەی غەوسی، دەفژەنی دیارو بەشۆرەتی پێشووی تەکیەی قادرییە.

هەر لەو خەوا
باڵدارێکی ئەبابیلەی ئەردەبیلیی[٢]
ڕاست و ڕەوا
دێت و لەسەر سینیی ئەوا
هەموو خەونی ڕەنگاو ڕەنگی
شاڵمان و عەباساوا
هەموو خۆراکی ئازادی
ویلا شار و فەییزاوا
هەموو دەخوا

بۆ بەیانی
تەفسیری ئەم خەوەی کورسان
لەسورەی یوسفی قورئان
ئاوا کرا!
پاش چەند ڕۆژێ
ئاژانسەکان ڕایانگەیاند
رامینی حسێن پەناهی
ئیعدام کرا

ماجێد خالێدی

[٢] ئەردەبیلی مەبەست لێی شێخ سەفیەدینی ئەردەبیلی خودانی ئەو تەریقەتە سۆفیگەرییەی باپیرانی ئیسماعیلی سەفەوییە کە بیری سیاسی شیعەی ئەمڕۆ و تیۆری ویلایەتی فەقیهی ئیمام خومەینی لەسەری ڕۆیشت و زیاتر پەرەی پێدا

## گوڵی خۆزگە

بەرهەمی کاک نەجمەدین غوڵامی

تۆ ئەی لاوی ژیر و ئازای ڕۆژهەڵاتم
تۆ ئەی خۆری گەش و ڕوونی ڕێ خەباتم

تۆی سمبولی چاونەترسی بەر سێدارە
ئاسۆی ژیان لەنێو چاوی تۆوە دیارە

زوڵم و زۆر و ڕق و کینەی نەیارانت
هێز و توانا و زەبروزەنگی دوژمنانت

چۆک بەهیوا و بەئومێدی ئێوە نادات
لەئامانج و بیروباوەڕتان کەم ناکات

تۆ ڕۆحی خۆت بەخشی بەخاک و نیشتیمان
ئێمەش ناو و ناونیشان و وێنەی تۆمان

لەنێو دڵ و ڕۆح و گیانا نەخشاندووە
تا نەڵێن (ڕامین) مردووە و هەر زیندووە!

بەئارامی چاولێک بنێ لەژێر خاکا
ڕۆژێ هەردێ گوڵی خۆزگەت شکۆفەکا

ئەو خۆزگەیەی کە تۆ هەزارانی وەک تۆ
لەپێناویا گیانتان بەخشی و نەچەمینۆ.

دیار هەڵەبجەیی

## من دەترسێنیت

پەخشانێك : بۆ هاوڕێ رامین حوسەین پەناهی
تۆ دتەوێت بمترسێنیت لە زەڕەی لەرزانەکەی پێ
هەی زاڵم
باش بزانە میللەتی من زۆر لە مێژە ئاشنان بە دەنگی زەرزەرەو پاوانە
یان لە پەتو سێدارە من دەترسێنت
هەی زاڵم
زۆر لە مێژە ئەم نیشتمانە بە دەستی تۆ لە سێدارە دراوە
دەیان ڕۆڵەی وەکو من کە بۆ بەدەست هێنانی خاك و ژیان رووی لە سەرچاوگەی شۆرش کرد
تۆ، تۆ، تۆ
تۆ بە بێتاوان کوشتنت
هەی زاڵم
بە دەیان شێوە هەڵت کوتایە سەر ئەم خاك و نیشتمانە کە ئاسواری مێژوی شۆرش بسریتەوە
ئەنفالت کرد ، تۆپبارانت کرد ، بە فڕۆکە بوردمانت کرد ، زیندانت کرد ، ئەشکەنجەت کرد ، لە سێدارەت دا ، ئاسەواری میراسی ئەم نەتەوەیەت بە تاڵان برد ، رەحمت بە کێلی سەر گۆرەکان نکرد و شکاندت ، دارستانکانت گڕ تێبەردا ، بە بومەلەرزەی دەستکردی خۆت هەزاران گوندی ئەم نیشتمانەت هەڵلوشی ، ئیتر من لە چی دەترسێنیت
هەی زاڵم
لە سێدارە لە سێدارە من دەترسێنیت
بڕۆ سەیری خڕۆشانی شارەکەی کاك فوئاد بکە ، کە پیرە داران نەمێنێ نەونەمامان سەر دەر ئەهێنێ
بڕۆ ، بڕۆ ، بڕۆ
بڕۆ گوێ لە دەنگی ڕۆڵەکان وەڵاتەکەم بدە و ئەوسا وەرەوە من لە سێدارە بدە
هەی زاڵم

ئارام راوەند

## بۆکاکە ڕامین...

هۆ قازیەکەی سەردەمی من.
هۆ شەرف زادەی چوار پارچەی کوردستانم.
هۆ بیرمەندی بیر ئازادی ناو لاوانم.
کەڵە پیاوی دژ عەمامە و نەژادپەرستی...
لێت ئەترسان ڕقیان لێت بوو زۆر بەمەستی...
ئەوان لە شەراب ڕقا ون ببوون.
تۆش بە ئازادی مەستی.....
تۆ گیانت بەخشی بە جەستەی ئازادی.
تۆ گیانت دا بە سێدارە......
ئەوان ڕقیان ئەستوورە..
دڵیان غەرقی غەمە.
کۆمەڵێ شەم شەمە کوێرەن...
ڕووناکی لەوان دوورە.
ستتەمیان پڕ لە ستەمە.
هە ڵۆ شوێینێ زەووی نیە.
تەنیا لە ئاسمانی ئازادیدا ئەفڕی.

سروش هەڵبجەیی

## هێندە بیرت دەکەم...

دەڵێم ئاخۆ دەبێت تۆم لە بیر بچێتەوە
وا دەزانم پەتی هەموو سێدارەکانە
لە گەردنی مندا ئاڵاون
وا هەستدەکەم ئەوە منم
من دەخنکێم...
کوڕەکەم رامین بگەڕێوە
چۆن ئاو پەژیوان بێتەوە
تۆش بۆ سەرچاوەکەی خۆت بگەرێوە...
یان خۆرەتاو ئاسا بە نابەلەدی
لە خۆر جوێ بێتەوە
منیش رادەستی ئامێزی ئەڤینی جاویدانی
تۆ دەبم...
لەنێو تۆدا
لە نێو فرمێسکی خوێنینی دایکەکاندا
دەتوێمەوە
دەبم بە تۆ
دەبم بە پەپوولەیەک باڵدەگرم و
هەڵدەفرم
بەرەو ئاسۆ
بەرەو شکۆ
بەرەو هەواری شەهیدانێ
کە بۆنی خاک وخۆلی نیشتمان مەستی کردن...

فەرەیدون سامان

## هێزە و گڕە

زەردەخەنەیەك بەڕووی دووژمندا
ژیان بەخشە بە هەزاران هاوبیرت،
لە سێدارەدانت ئەسەف نییە
هێزە گڕە ئازاییە بەرەو ڕووی دووژمنت!
لە ڕۆژهەڵات ملمان پەتی سێدارە ڕەنگ دەکا
نەمرە ئەو کوردەی یادی مەرگی ڕامین دەکا
شین مەکەن! هەلهەلە لێدەن بڵندییە
گیان بەخشین لە ڕێی خاکدا زیندووییە

مەرگت سەربەرزی بێت نەك ژیانکردن بەسەر شۆری!

شوان شەفیق

**له قوریچیا هەتا سنە**

له قوریچیا هەتا سنە چی خاکی لەیلاخ و چەمشارە
کەم بە سەرما، جەستەی زامدار و پڕ خەمم بژەنمە
هەڕگی خەستی قشڵاخ و بەر کوچکەڕەشا
شار بانگ بکەم چی لمی ئاوییەرە بیهێنن بە سەرمیدا بکەن
ئێستە ئاگری کوورەی دەروونی دایە شەریفە و خاڵۆ مێزا
بە کام لێزمە باران و چەپۆکان و شەپۆلی شینی بەربەندی قشڵاخ دادەمرکێ
سنە دەی کۆتەڵێ بکە بۆ لەیلاخ و پیاوانی دڵپڕخەم بانگ بکە
با کۆچڕ بکەن و هەتا بارگای خوای خەوتوو دەنگیان بڕوات دایکان تەرمی ڕۆڵەی جوان کوژراوی لەیلاخم بۆ بلاوێننەوە.

پیاوانی کوردی ئەو کۆمارە
ئێواران ماڵ بە ماڵ و
کۆڵان بە کۆڵان
دەپشکنن
بزانن کێ وشەی نیشتمانی لەسەر لێوی
شاردۆتەوە
بۆ بەیانی لە سێدارەی بدەن.

ت: ع

## بەیانیت باش ڕۆژهەڵاتم

ئاورینگی سەحەرییت باش سنە
جەربەزەییت باش حوسێن پەناهی
ئاسۆت ڕوون ڕامینی ئێمە

دێم و بەرەو ژووری ڕەش و سپیت هەنگاو دەنێم
چەپکێک نێرگزی بەهارییم پێیە پڕ بە حەز و تاسەت بۆنی بکە
مشتێک ئازادی بێ شەرت و مەرجم پێیە لە خۆتی هەڵسوو
قومقومەیەک ئاوی کانی شەفام پێیە تینویەتی گەرووی وشکت بشکێنە...

رامین،
هێندە پڕی لە وروژمی خەبات لە ئاست جوامێریت رادەمێنم
هێندە پڕی لە گوڵە گەزیزەی بەهاری ئازادی،سەرمەستم بە بوونت
هێندە پڕی لە تین و توانا هەنگاوەکانم هێرش دێنن بەرەو ئامێزت

میلی زیندانەکان دەتوێنەوە کاتێک دەستت لە کەمەریان دەئاڵێنی
پەتی سێدارەکان دەپسێن کاتێک سەری بەرزت نەوی ناکەی  بۆ زوڵمەتی ئەم زەمانەی مشەخۆان...
 ورەی پۆڵایینت ماچ دەکەم لێرەڕا تا ناوەندی جوامێرییت
برسیەتیی و خەفەت باریت لە کۆڵ دەنێم تا لوتکەی ئازایەتیت

دڵتەنگ نەبی رامینەکەمان
دوور و نزیک ترپەی دڵمان لە ترپەی دڵت ئاوێزانە
هەنگاوەکانمان بۆ لای تۆیە
بۆ لای چاوە پر تروسکاییەکانت
بۆ لای ئامانجە نەگریسەکانت
من و ئێمە و ئەوان و هەموومان
چاو لەرێتین جەوانە مەردەکەی کۆمەڵە
سوپاس بۆ گەورەییت

هاتووم و هەواڵم بۆ هێناوی،
هاتووم و پێت دەڵێم خیابان بە خیابانی دوونیا هاوارت بۆ دەکەن
بست بە بستی هەوارەکان شاهیدن بەوەی دەست لە دەستت بەرنادەین و هەر هەناسەیەکمان پڕن لە حەماسەی بوێریی تۆ

هاتووم تا پێت بڵێم

دایە شەریفەت، ئاویەرت، ئوردوگاکەت، هاوسەنگەرانت دڵتەنگی دیدار و لە ئامێزگرتنەوەی دووبارەی تۆن....
هاتووم پێت بڵێم ڕۆژی ئەو دەسەڵاتە چەتوونە لە کۆتاییدایە و
مرواری ڕۆشنی داهاتوو لە دوورەوە دەدرەوشێتەوە...

تەرزە عەباسی

## ئەمڕۆکە دایە شەریفە دایکی بزووتنەوەیەکە

ئێوارەی ڕۆژی شەممە دایە شەریفە دایکی ڕامین و ئەفشین حسێن پەناهی، ڕایگەیاند کە بەنیشانەی ناڕەزایەتی بەرانبەر بەو زوڵمانەی لە بنەماڵەکەی کراوە و دەکرێت لەبەر دەرکی "ئیتلاعات" سنە، ئەو شوێنەی ڕامینی لێیە ئاگر لە جەستەی خۆی بەردەدات. ئەمە نە تاکتیک بوو و نە دووایین ڕێگەی دایکێک بۆ ڕزگارکردنی مناڵەکانی لە مەترسی ئیعدام. بڕیارێک بوو بۆ وەستانەوە بەرانبەر بە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر و داموودەزگا ئەمنییەکانی کە لە ماوەی دەسەڵاتدارییاندا هیچ تاوانێک نەماوە بەرانبەر بە خەڵکی کوردستان نەیانکردبێت. دایە شەریفە پاش ئەوەی لە ماوەی زۆرتر لە ٣ مانگی ڕابردوودا بە دەیان جار بەدووای هەواڵێک لە ڕامین سەردانی سەرجەم ناوەندە پێوەندی دارەکانی کۆماری ئیسلامی کرد، لە کۆتاییدا ئەمەی دەسگیر بوو؛" کوڕەکەت لای ئێمەیە و بەم زووانە لەسێدارەی دەدەین و ڕێگەش نادەین چاوت پێی بکەوێت."
کۆماری ئیسلامی و ناوەندە ئەمنییەکانی بەرانبەر بە سەرجەم دۆسیەی سیاسی لە کوردستان زۆر حەساسن بەڵام دۆسیەی ڕامین و بنەماڵەی حسێن پەناهی بۆیان جیاوازیەکی تایبەتی هەیە. ڕامین و هاوڕێکانی خەریکن ئەبن بە هێمایەکی گەورەتر لەشۆڕشگێڕێک کە گیانبازی و خۆنەویستیان هەڵبژاردبێت. کۆماری ئیسلامی زۆرتر لە ٣ مانگە بە ئەشکەنجە و ئازاری جەستەیی و دەروونی هەوڵی داوە ڕامین و بنەماڵەکەی و خەباتی هەنووکەی بزووتنەوەی کوردستان بەرەو شکست داڕووخان بەرێت. ئەم هەوڵانەی کۆماری ئیسلامی هیچ ئاکامێکی بەدوواوە نەبووە و ڕامین ئێستاکە لە سنەو جەرگەی خەباتی ناوخۆیی کوردستاندا هێمای بەرخۆدان و هاتنە مەیدانی نەوەی نوێیە کە ئەشکەنجە و کوشتن، چاوترسێنیان ناکات. ڕامین بە تەنیا خۆی و جەستەی برینداریەوە بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامی مقاومەتێکی کرد کە ئالارمی هەستانەوەیەکی زۆر مەزنتر لە ڕابردوو لە لایەن بزووتنەوەی کوردستانەوە دەدات.
بڕیارەکەی دایە شەریفە بەتەنیا بۆ ڕزگاری ڕامین یان هەڵاتن لە بیستنی هەواڵی لەسێدارەدرانی کوڕەکەی نەبوو. بڕیارێک بوو کە بزووتنەووەیەک ونەتەوەیەک ڕزگار بکات لە فەوتان بە دەستی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر و جووڵانەوەیەک بوو کە تەنیا دایکێک بەجێگای هەموو کوردێک و ئازادی خوازێک بەڕێی خست. زۆرتر لەوەی کە ئاکامی ئەم بڕیارە چی دەبێت، هۆکاری بڕیارەکە گرینگی هەیەو دەبێت خوێندنەوەی بۆ بکرێت. بڕیاردەری خەبات لە بزووتنەوەی کوردستاندا هاوتەمەنانی ڕامین نین بەڵام بەڕێوەبەری خەبات هەر لە ئێستاوە ئەوانن و کەرناڤاڵەکی سنە، لەم ماوەی دووابیدا

ئەوەی بۆمان سەلماند. جیلی تینووی ئازادی ئەمڕۆ لە ناوخۆی کوردستان بەتەنیا خەباتێکی مەدەنی و بێهەزینە لە چووارچێوەی دیکتاتۆری کۆماری سێدارەدا ئاسۆی ڕزگاری نابینێت.

بزووتنەوەی کوردستان بەردەوام بزووتنەوەیەکی رادیکاڵ بووە و هەنووکەش رادیکاڵ ماوەتەوە. کاتی ئەوە هاتووە ئەوانەی کە خۆ بە بەشێک لە بزووتنەوەکە یان بەڕێوبەری دەزانن بڕیارێکی مێژوویی بدەن. بڕیارێک کە رامین و دایە شەریفە لە سەری سوورن، بڕیاری سەرکەوتن بەهەر(قیمت). دەست لە سەر دەست نان و چاوەڕی کردنی دەرفەت بەپێچەوانەی پێناسەی شۆڕش و شۆڕشگێڕە و بزووتنەوەی کوردستان پێویستی بە پەرەپێدانی ئانارشیستێکی راستەقینەیە تا وتنەوەی درووشم و قەتیس مانەوە لە چووارچێوەی چالاکی بەناو مەدەنی ساڵانی رابردوودا. دایە شەریفە بەو بڕیارەوە دەرسێکی دووبارەی بە هەمووومان دا کە مرۆڤی شۆڕشگێر بە هیچ دژەکردەوەیەکی دەسەڵات چاوترسێن نابێت. دایە شەریفە هەنووکە دایکی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕە کە سەرلەنوێ لەسەرپێ دەوەستێتەوە.

لە سەر دیواری عادڵ مەحەممەدی وەرگیراوە

## بۆ سێدارەی ڕامین پەناهی

ئەم شەو ئاویەر[3] تاسەبارە،
خەو لە چاوانی ناکەوێ،
(ماە)[4]یش لەدوور پڕ جەخارە،
وا وەختە دڵی داکەوێ،
ئەمشەو هەمووان تا بەیانی
لە بۆ سنە سینە ئەکوتن،
بۆ ئەم غەدری سێدارەیە،
وشەیەک نییە بۆ وتن.!

ئاوات نەسرەدین

---

[3] ئاویەر: کێوێکی بەرزە لە ڕۆژئاوای شاری سنە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان
[4] ماهـ شەرەف خانم: مەستوورەی ئەردەڵانە کە گۆڕەکەی لە سلێمانیە

## من چی بڵێم

من چی بڵێم ڕامینەکەم لەکام برین ڕابمێنم
سەری ڕێزو نەوازشم بۆ کام شەهید دانەوێنم
من چەند جوتە پۆستاڵ بکڕم بۆ سەری دوژمنەکانم
من هەتاکەی مەرهەم بکڕم بۆ تیماری زامەکانم
من کام بستە زەمینی خوا بکەم بەهێلانە بۆ خۆم
من بۆ کام ماڵ وێرانیەم ئاخ و داخ و خەفەت بخۆم
من کام دەریاو ئۆقیانوسە بکەمە فرمێسک بۆ چاوم
کام سی یە بخەمە سینەم بۆ هەناسەی خنکێنراوم
ڕامەگیان ڕەنگی ڕەش نەما هەمووم پۆشی بۆ شەهیدان
بستێ زەمینم نەماوە بیکەمە ئارامگا بۆتان
لەهەرشوێنێ زەنگەن دادەم دەپێکم دڵی شەهیدێ
نیگا بۆ هەرلایەک دەکەم شین و ڕۆو ئاهو ناڵە دێ
هیچ بەهارێکم نەبینی بێبەش بێت لەگوڵاڵەی سور
لە کیمیا باران و ئەنفال,بۆمبارانی ئەودیو سنور
ڕومەتی هیچ دایکێک نەبوو ونجڕ نەکرابێت بەنینۆک
لاپەڕەیەکم شک نەبرد نەئاخنرابێت بەدیرۆک
دەستی هیچ جەلادێک نەما کە بەخوێنم سور نەبوبێ
ڕۆژێک نەمبینی لەڕۆژان تەنها یەکم بەدوو بوبێ
لەوەتەی من هەم ڕامەگیان بەرخی نێر پەروەردە ئەکەم
جەللاد قەسابانم خۆش بن هەربەخوریە ڕێسەکەم
بنو ئازیز سەفەرەکەت پڕلەخێرو پڕخەندەبێت
ڕۆژێک دەبێ دوژمنەکەت سوک و ڕسواو بەپەن دەبێت٠٠٠٠٠

علی عزیز بانیشاری

## داوای

" ڕامین" بۆسڕینەوەو لەناوبردن وخواردنی مافی هیچ گەل ونەتەوەیەک نەبوو هەوڵی "ڕامین" و هاوشانانی بۆ بەدەست هێنانی خەونی گەلێکی بەش خوراوی بێ ماف بوو بۆ بەدەست هێنانی کەمترین ماف بوو ئەویش کورد بوونە

"ڕامین" وهاوشانانیان نامرن ودێنەوە
چۆن هاتنەوەیەک هاتنەوەیەک کە داگیرکەرانی خاکی میلەتێک پێشبینی نەکەن ڕامین وهاوشانانی
کڵاو جبەی دووژمنان وسەرانی فارس لەناو شاری سنە وشنۆ ومەریوان بەر شەق ئەدەن ئەو ئاغاسەروانەی شەقی لەبەرمیلی ژێرپێی ڕامین ولوقمان هەڵدا کەلاکی ڕوتی بەردەستی مناڵانی شار دەکەون و مەخسەرەیان پێ دەکرێ
دایکی ڕامین ئەبێت بە شاژنی گەلێک ئەبێتەنمونەی دایکی شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاری ئەو ڕۆژە هەردێ ئەگەر ناکۆکی ودووبەرەکی وخۆ خۆری نێوخۆی نەمێنێت
.

٩"٩"٢٠١٨ سامان

## ڕامینی من

ڕامینی من خۆ پاییز نە هاتبوو بۆ هەڵوەری
خۆگەڵاکان ڕەنگی ئاڵتونیان نەگرتبوو بۆ داوەری
خۆ شنەبا هێندە بەهێز نەبوو بۆ وەک کۆللارە هەڵفڕی
خۆ گوریسی دیلانێکە هێندە بەهێز نەبوو
زۆرجاران لەکاتی دیلانێدا ئەپچڕاو ئەیهاویشتینە خوارێ بۆ لەگەردنی تۆدا وەک زنجیرێکی بەهێزبوو
ڕامینی من دەهەستەوە هەستەوە کزەی جەرگم
هەستەوە بڵێ کورد نیم بڵێ فارسم بڵێ تورکم بڵێ قەشەیەکی ئەمریکیم تادوونیا بێتە دەنگەوە

ئاراز قەڵادزەیی.

## گوێ هەڵخە دایە!

چ مردنێکە " نیشتمان " بوون
چ دژوارە تۆ "شەریفە " بوون
ئەم بوونانە دژوارترە لە نەبوونم دایە
لەم بەرزەوە گوێ هەڵدەخەم
دەنگی برینەکانی نێو سەرت دێ
دەنکە دەنکە دەپشکوێن
چاو لە هەوا دەکەم دایە
جۆگەلەی خەفەت و هەوری لە قژتەوە دەڕوا دە ڕوا وا بەرەو من دێ
ئەم ڕۆژانە
سێدارەکانیش شەکەتن دایە
هەرا بکە
بە جەرگ تر هەرا بکە : نا_بۆ_سێدارە
وەرە
سەرەتای بڵێندی خەفەت لە سەرت بکەمەوە
بگەڕێم بۆ ڕەنگێکی ئاوەدان
تەنیاییەکانت داپۆشێ
ڕەنگی ئاوەدانی ئێمە چیە دایە؟

هەڵاڵە سۆهرابی

## چ ویژدانێکه...

پاساریەکان بە قیژەی تەناف بێدەنگ دەکرێن
کوکوختیەکان لە بێدەنگی ئەم ساروخانە هیچ سپێدەیەك ناخوێنن
چ ژیانێکه..
پەت ملوانکەی ئەبەدی من بێ و
ساروخیش نۆتەی باران.
دەبێ رامێنم لە مێژوو
تا بە هەناسەی حەسرەتێك...
تەپ و تۆزی سەر رەفە خۆرکەخوراوەکان لادەم
نا...
پێناچێ گوڕی هیچ گەردەلولێك خۆڵی ئەم غەدرە رامالێت.
نازانم بۆ...
دەستبدەمە هەر پەڕەیەك کۆی وشەکانی هەڵئەفڕن
پەنجە بەرم بۆ هەر زامێك، زامێکی تر سەردەردێنێ
لەم گانگرینی کوردبونە کوانێ تروسکایی ئۆقرە
لەم خەرابستانی جەهلە، کەی ئاهورا مۆمی هیوایەك پێئەکا
ئەی ئەهریمەن...
هیچ خودایەك نەما منی لە فلتەر نەدابێ
ئەوەی لەمن بێژرایەوە هەر زوخاو بوو
ئەی ئەهریمەن
لەوەتای تۆ بەر نەفرەتی مێژوو کەوتووی
ئەوەی بۆمن بەجێماوە...
بۆنی سێو و
تەپ و تۆزی رەشی پاشماوەی باروت و
بریقەی رەشی مەراقە.
لەوەتەی تۆ بەر نەفرەت و نەعرەتەی  ئاهورا کەوتووی
ئەوەی لەمن جێدەمێنێت...
هەر سووتوە

ئەوەی لەمن هەڵئەوەرێت
قەتماغەی برینی کۆن و کێمی هەناوی مێژووە

بیشوان جەلال
9/9/2018

## شێعرێکم لە زمانی دایکتەوە

دایکت!
کە داروو بەرد و خۆڵەمێش بۆی دەگرین
ڕۆڵەم کوا هێزێ دووبارە ئەوندە بچووکت بکەمەوە بووخەمەوە ناو جەرگم نۆ ئازادی
لە دڵما بتهێڵمەوە
کە چاوەکانت بکەیتەوەو بڵێم فەرموو ئەمەیە دونیا
ئەمەیە ئەو وڵاتەی زیندانەکانی وەک کۆمەڵە کۆترێ فڕین و چوون
بکووژەکانی بوونە داروو لە حەوشەکانمانا بێ قاچ و تف و تفەنگ سەوز بوون
بڵێم ئەمە شار کوڕم,ئیدی هیچ شتێ بۆ شەڕ نییە هیچ شتێ بۆ خەم
ئیدی هیچ نەردەیێ نایەتە بەین چاوەکانمان هیچ دیوارێ تۆ ناگرێتەوە ئامێز
جەستەت لە هیچ مشت و لەقەیە کەوە نابێتەوە
خیابانەکان پڕن لە هێمنی و خۆشەویستی
بە خێر هاتی بۆ هاتن بۆ بوون
هاوڕێم ئەی ئەوەی ناتناسم
با نەناسینم ڕووتۆ کەموو تا تۆ تا چاوت تا زیندانەکەت نزیکت ببەمەوە
با بیهێنمەوە بیرت چی لە مێشکتا وەکوو کانی خۆڕەی ئەهاتوو
بیابان ئەترسێ لە ئاو
زاتی نییە شەلاقەکەی بێنێتە خوار
ژیانت وەکوو پەپوولە لە ناو شارا جەولەی بێتوو
لە سەر گووڵی ئازادی بێتە خوار
هاوڕێم تۆ بوویی بە زاتی شار
تۆ بوویی بە بۆنی ئازادی و هەتا زاتیان نەبێ بۆنی دەستەکانت بۆنی چاوت بۆنی بوونت
زۆرتر بڵاو ئەبێتەوە,
بمێنە هاوڕێم تا بتناسم تا بێتەوە بیرم هەموو ئەو تۆوانەی نایاننناسم و تا هەڵنەکێشرێن
نەناسراو دەمێننەوە
بمێنە هاوڕێم

بۆ ڕامین
ژیلە م

## ئای دایە شەریفەی ڕەنج کێشاوم!

نازانم بەکام خودا پەنا ئەبەیتو بەکام قیبلە ڕوو دەکەی...
من نازانم بەکام زمانو کام وشە وتووێژ دەکەی...
دایەشەریفەی ڕەنج کێشاوم!
کەس لە خەمی تو تێ ناگات...
کەس نازانێت تو لە یەک جار ژیاندا چەند جار مردیت!
کەس نازانی چەن دڵۆپە فرمێسک لە ڕێگە باریکەکانی گۆنادا بۆ بە لاپاوێک تۆڕە!
ڕۆژێک ئەم ڕۆباری چاوانت ،ملیوانی ئەوکەسانەی دەگرێت کە گوێ لە هاوارت نادەن!
ئای دایە شەریفەی ڕەنج کێشاوم!
ئەمشەو لە ئاویەر ،سنە ڕەش داگەڕیاوەو تاریک داهاتووە!
فرمێسکانت بو بە
قەندیلی ڕیشی هاوسەرەکەت!
خۆزگا دەمزانی چەن جار خەمەکانت وەکوو وەزەبارانێک لە جێهانی دڵتدا باریوە،بەڵام
هیچ کات  بەرچاوت تاریک نەبوو!

ئای دایە شەریفەی ڕەنج کێشاوم
خەمت نەبێ!

کۆڕی تو بۆ ئازادی ڕەنجی کێشا
بەڵام بە کۆیلەتی نەژیا!
هەستی نادری کرماشان

## چاوەڕێی چیت..

دایە شە ریفە....
ڕامین لەشەققەی باڵیدا و فڕی!
چیتر چاوەڕێی زەنگی زیندان مەبە
ڕامین بۆ هەتاهەتایە ئازاد بوو
دایە گیان نەتبیستووە
مەرگ کۆتایی ژیان نیە
ئەوەتا ڕامینەکەی تۆ لە نێو ماڵ و سەرزمان و
لەناو دڵی هەمووماندا
وەك ڕوناکی بۆ چاومان و
وەکوو ترپە بۆ دڵەکانمان پێوستە..
دایە چیتر لەو کۆڵانە مەوەستە..
چاوەڕوانی دادت نادا
ئیتر ڕامین دەبێتە دەسپێکی
شۆڕشێکی تر..
مەرگی ئاخوندە وەك سێبەرو هەناسەیان
نزیکە.
دایکە..
دایکە..
ڕامین هی هەموومانە.

## چه‌لحظه دردناکی باید وداع گویند؟

هنوز جست وجویشان برای یافتن نشانی از مزاررامین قهرمان به‌جایی نرسیده وباجسم ناتوان و با اراده پولادینشان ازپا نیافتاده اند وهر لحظه رژیم جنایتکار حاکم در ایران را به چالش میکشدند وبه همراه همه مردم آزادی خواه در تلاش برای نابودی این نظام از جسم وجان خود مایه میگذارند ؟

دریغ ودرد امروز این دو یار وفادار باید جداگانه ره بپویند

پدر به‌دیار ابدی شتافت ودر دل وجان ما مانا شد

مادر باید بار سنگین آرمانهایشان رابدوش کشیده وبه آخرین کلام پدر بزرگوار اشرف ورامین جامه عمل بپوشاند:»:

حتما جنازه پسر اعدام شده مان رامین ورفقایش را بیابید ودر کنار من به‌خاک بسپارید.«

رفقای گرانقدرم کاک رفیق وکاک امجد ازصمیم دل به شما وهمه مبارزان راه آزادی به ویژه پیشمرگهای کومه‌له تسلیت میگویم.

یاد و نام خالو میرزاگرامی باد

زاگروس خسروی

## ارغوانم کجاست

اجلال قوامی

سال ۹۸ اتفاقات ریز و درشتی داشت که درد و رنج بن مایه ی آنها بود.آخر سال هم که به ویروس کرونا آراسته شد.با کوله باری از این درد ها و رنج ها فراموشمان نشد تا پدر و مادری خسته از محنت روزگار اما ایستاده چو سرو را از یاد بریم.خالو میرزا و دایه شریفه در قروچای را می گویم.هنوز داغ شان تازه است.ما هم به رسم ادب و برای ادای احترام مهمان شان شدیم و صفا و صداقت شان را به نظاره نشستیم.

ارغوان
این چه رازی‌ست که هر بار بهار
با عزای دل ما می‌آید؟
باد رنگینی در خاطرمن
گریه می‌انگیزد
ارغوانم آنجاست
ارغوانم تنهاست

## سیمای این مادر

اجلال قوامی

▫رخت عزا بر تن دارد و در سوگ یار و همدم سال های جوانی و پیری و خوشی و ناخوشی است.اما با همه این داغ هایی که دیده است هیچگاه قامت چون سرو او خم نشده و صبوری کرده است.شریفه زرینی که این سال ها دایه شریفه همه شده است را می گویم.عصر جمعه مهمان اش شدیم و به سادگی و گشاده رویی پذیرای مان شد.از خاطره این سال های خود با خالو میرزا گفت.چه حسرتی در کلامش بود وقتی از خالو میرزا می گفت؛اشک در چشمانش حلقه می زد اما باز این دایه شریفه بود که به دختران اش و کاک انور دلداری می داد.پیرزن سیمای راستین صبوری است و پایداری.صبوری بر رنج های این سال ها و پایداری در برابر این محنت ها.او " دایکی نیشتمان" است و به درستی مادر و دایه همه است.تکیه گاهی برای همه.

## زیتون و آیینه

برای رامین و رفقای جانباخته‌اش
عکسها، وام گرفته از صفحه‌ی فیس بوک آقای امید طاهری
بامداد
با آوای سبک گامهایت
خمیازه‌کشان برمی‌خاست
بازوان تُرد و نمناکش را
می‌گشود از کمرگاه کوهی
که تُرا به یاد خواهد آورد
به هنگامیکه عرقریزان
گلوی بریده ی گردنه‌ای را بالا می‌آمدی
و نان و لبخندت را
به تساوی تقسیم می‌کردی.
تُرا به یاد خواهد آورد شامگاه:
باد میان گیسوانت می‌پیچید
ماه از شانه‌ات بالا می‌خزید
و از لبهایت می‌گذشت
ترنم ترانه‌ای
که نسیم با خود می‌بُرد
تا ژرفای دره‌ای
که آرام آرام در خواب می‌شد.
اینک آفتاب برآمده است،
می‌بینمت
که پاورچین پاورچین
با شاخه‌ای زیتون و
آیینه‌ای در کف
به کوهستان نزدیک می شوی.

۲۰۱۷/۰٦/۲٤ اسعد رشیدی

## در ستایش لبهای دوخته مردی افروخته

به تکاپوی تکان دهنده این همه زن و مرد دل خسته برای ممانعت از اعدام رامین حسین پناهی که فکر میکنم، تنها رد لجاجت افسارگسیخته‌ای را میبینم که بی شباهت با انکار پرچم ملتی از طرف یك دیپلمات دنیادیده چپ نیست که تنها از سر لجاجتی افسارگسیخته برای انکار و امحاء یك ملت در پیرامون بی پیرش، دست از افکار چپ خود شسته و بر دنده‌های چپ مقهورش بلند شده، تا بگوید هیچ ملتی پشت رامین ها نیست؛

با باجوَرهای تنیده در ترنم این همه خانه چه میکنید؟

رامین اعدام شدنی نیست، همچنانکه شریف زدودنی نبود: از دیده‌ها و یادها، با اشکها و بادها...

پس آزادش کنید، ای بی باوران به گریه و گفتمان؛ ای نشسته‌گان در کشتی های شکسته، ای شکسته‌گان به گل نشسته؛ رامین ها، خونهای جاری و ذکاوت ساری این دیارند، ای بر دیار دیگری چمباتمه زده و بی دیار دیگری از دیاران گریخته...

رامین های ما به تکرار خویش خو گرفته‌اند و در خلوت خویش برای خاطر زندگان این همه سال، لبهایشان را چه مومنانه دوخته‌اند، تا مصیبت مرگبار این نواحی را با خشونتی مضحکتر از مرگ، در کلام نیاورند و زمین برای همیشه شبهای اخترآجین ماه‌پیشانی باقی بماند.

رامین شب شدنی نیست، همچنانکه شریف، همه روز بود و نور بود.

با این همه حلاوت نشسته در این آشیانه، با پرچمهای افراشته در این آستانه چه میکنید؟

فریا یونسی

## پیام رامین حسین‌پناهی: حتی اگر بمیرم به اعتصاب غذا ادامه خواهم داد

روز جاری شماری از فعالان مدنی به همراه پدر و مادر رامین حسین‌پناهی مقابل زندان رجایی‌شهر کرج تجمع کردند و خواستار لغو حکم اعدام این زندانی سیاسی شدند.

به گزارش کانون مدافعان حقوق بشر کردستان، روز جاری سه‌شنبه ۱۳ شهریور ۱۳۹۷ شماری از فعالان مدنی، به همراه پدر و مادر رامین حسین‌پناهی، زندانی سیاسی محکوم به اعدام که در روزهای اخیر احتمال اجرای حکم وی به شدت افزایش یافته‌است، مقابل زندان رجایی‌شهر کرج تجمع کردند و خواستار لغو حکم اعدام این زندانی سیاسی، شدند.

یک منبع مطلع و نزدیک به خانواده رامین حسین‌پناهی گفت: «پس از تلاش فراوان و اصرار خانواده حسین‌پناهی، پدر و مادر رامین اجازه یافتند برای لحظاتی با وی دیدار کنند و پس از این ملاقات از شرایط وخیم جسمی رامین گفتند.» این منبع مطلع افزود: «در این ملاقات رامین که از روحیه خوبی برخوردار بود به پدر و مادرش گفته که تا سر حد مرگ و تا زمانی که به خواسته‌هایش نرسد به اعتصاب غذایش ادامه خواهد داد«.

رامین حسین‌پناهی به پدر و مادرش گفت "کماکان در اعتصاب غذاست و در وضعیت وخیم جسمی به سر می‌برد و بارها او را تهدید و وادار کرده‌اند که اعتصاب غذای خود را بشکند".

منابع خبری اطلاع دادند صبح امروز تیم وکلای رامین حسین‌پناهی مجددا با حضور در اجرای احکام دادسرای شهید مقدس درخواست ملاقات با موکل خود را ارائه کردند که با این درخواست مخالفت شد و آقای وهاب رییس شعبه اول اجرای احکام دادسرای شهید مقدس با اصرار وکلای مدافع این زندانی برای ملاقات با موکلشان، همانند سابق بدون هیچ توضیحی مخالفت می کند.

گفتنی است مازیار طاطایی، یکی از وکلای مدافع رامین حسین‌پناهی، روز شنبه دهم شهریور مجددا به شعبه اجرای احکام سنندج برای پیگیری روند درمان و اجازه ملاقات مراجعه کرد و درخواست عفو رامین حسین‌پناهی را در کمیسیون عفو ثبت کرد و نامه

نیابت برای درمان این زندانی سیاسی در مراکز درمانی خارج از زندان و نامه نیابت برای ملاقات وکلا با رامین را به دادسرای شهید مقدس ارایه کردند.

با این وجود و با همه تلاشی که تیم وکلا برای ملاقات با رامین حسین‌پناهی و انتقال وی به مراکز درمانی خارج از زندان کرده‌اند، هنوز هیچ پاسخ رسمی مبنی بر دلیل انتقال رامین حسین‌پناهی به تهران به وکلا و خانواده داده نشده و وکلای مدافع رامین حسین‌پناهی موفق به ملاقات با موکل خود نشدند.

شایان ذکر است در تازه‌ترین اقدام، ۳۵ نهاد مدنی و حقوق بشری به همراه امضای بیش از ۳۶۰۰ نفر، در بیانیه‌ای خواستار توقف حکم اعدام رامین حسین‌پناهی و آزادی نسرین ستوده شدند و از کلیه نهادهای حقوق بشری و مجامع بین‌المللی برای حمایت از آزادگان در بند درخواست کمک کرده‌اند.

## برای جاودانه

همه اعدامشان قبل ازطلوعست
توگویی شرم از خورشید دارند

برایِ بلعِ ضحاک و دو مارش
سه تن آزاده را کاندید دارند

ازاین سبعانه قتلِ نفرت افزا
تنفر خلق در فردید دارند

بجز این مظلمه دلالِ شارع
همه برحُکمِ مرگ تردید دارند

پیامی هست با بادِ سحرگاه
شهیدان نسل ازجمشیددارند

شهیدان با تپش در قلب تاریخ
شرف برهرچه می گندیددارند

پریشان سپتامبر ۲۰۱۸ برای جاودانه
فرزندان ایران رامین ح.پناهی زانیار و لقمان و باقی جانباختگان راهِ آزادی

## تقدیم به زانیار، لقمان و رامین عزیز

اعدامشان کردند
بی هیچ تردیدی
نه آرزوی زندگی دوباره در کنار عزیزانشان را شنیدند
و نه آرزوی حق حیاتشان را
نه صداهای «نه به اعدام» جهانیان را شنیدند
و نه ضجه‌ی مادران دردمند را.

و اکنون این مائیم
ایستاده
بر سر جنازه های خونین شان
و پرچمی برافراشته
که روی آن نوشته‌ایم
در جنگ ستارگان با شب
غیبت سه ستاره
پایان جنگ نیست!

ناهید وفائی

## پیام سهیل عربی

جلادان شب پرست سرانجام رامین و زانیار و لقمان این فرزندان قهرمان کردستان را از مادر و پدر و مردمشان گرفتند و جز ننگ و نفرین ابدی برای خود بدست نیاوردند. با تسلیت به مادران و پدران داغدیده رامین حسین پناهی، زانیار و لقمان مرادی فریاد میزنم که:

قسم به اشکهای مادرم
قسم به اشکهای مادرانتان
قسم به تک تک روزهایی که حبس کشیدید
قسم به عدالت
قسم به برابری
که انتقامتان را میگیریم

سهیل عربی زندان تهران بزرگ ۲۰ شهریور ۹۷

## توجه کنید به اصرار یک حکومت برای کشتن یک جوان !

رامین حسین پناهی ، تنها ۲۵ سال سن دارد و مستقل از اینکه کدام اتهام را حکومت و سپاه پاسداران و وزارت اطلاعات و بازجویان قاتل و بیرحم حکومت، به او نسبت میدهند، یک دنیا بپا خاسته و میگوید بس کنید آدمکشی را و یک خانواده بپا خاسته و بهر طریق ممکن میکوشد فرزند دلبند و برادر و عضو خانواده اعدام نشود، نگاه کنید این صحنه با شکوه نبرد تا آخرین لحظه را از طرف مردم و مدافعین رامین و مخالفین اعدام و در آنسو ببینید یک سیستم، یک دستگاه و یک مشت جنایتکار که در نهایت فقط و فقط برای چاپیدن حاکمیت میکنند، چگونه از خون ریختن بهر قیمت دفاع میکنند .

صحنه سیاست در ایران امروز فقط صحنه لگد پراکنی اوباشان اسلامی در مجلس و منبر و بیت رهبری نیست، صحنه سیاست در ایران اساسا  صحنه مبارزه مردم در خیابانها و صحنه گرامیداشت سرخ شریف باجورها و قهرمانان مردم و صحنه جنگ لحظه به لحظه و روزانه بر علیه طناب دار و برای نقطه پایان گذاشتن به یکی از زشت ترین و در دناک ترین و اصل و اساس نقض حقوق انسانی،  یعنی اعدام، در ایران است .

به این عکس رامین نگاه کنید، این عکسی از زندان و در همین روزها است. فقط لحظاتی به این نگاه و این نگرانی عمیق در چشم ها و این جنایت بیشرمانه از طرف حکومت اسلامی و روحانی و شرکا نگاه کنید، به یک جوان ۲۵ ساله میگویند امروز و یا فردا در ساعت معینی ترا خواهیم کشت و از این حکومت و این جنایت خیل " روشنفکران" حکومتی و اراذل و اوباشی که به دلیل بودن حکومت اسلامی و همین جنایات به نان و نوایی رسیده اند، کماکان دفاع میکنند. کجاست زیباکلام که در آلمان جایزه شجاعت از طرف دوویچه وله گرفت و در نهایت گفت اگر حکومت اسلامی سرنگون بشود اوضاع بدتر میشود. کجا هستند مدافعین حکومت اسلامی در ایران ودر دنیا که کماکان از این نکبت و جنایت و اعدام و زندان و شکنجه و انسانکشی دفاع میکنند و در مقابل این نبرد روزمره و دردناک و این خراش عمیق به قلب مادر و پدر رامین لام تا کام نمیگویند !

اجازه دهید از طرف کمپین نجات رامین حسین پناهی به شما مردم آزاده درود بفرستیم و بگوییم این نبرد را دست در دست هم باید ادامه دهیم تا پیروزی! در اینجا در مورد پدیده اعدام و طناب دار ، تعیین تکلیف میکنیم و این نبرد حیاتی و مهم است !

مینا احدی

# وێنەکان






ROX



ماڵئاوا باوکە دڵسوزە کە ی کوردستان
بنە ماڵە ی بە ڕێزی حسە ین پە ناهی
یادی کۆچکردوو خاڵو میرزا بە رز و
بە ڕێزبێت هاوبە شی خە متانین
هاوڕێیانی سنە
















کۆمەڵە
ئێوە گوڵی ئاگرن



حامد سیف‌پناهی
بهزاد نوری
رامین حسین‌پناهی
صباح


مەرگی ئاوا ناگۆڕمەوە بە سەد ژین










شەهید سەباح حوسێن پەناهی
نیشتمان حوسێن پەناهی
ڕامین حوسێن پەناهی
شەهید بێهزاد نووری
شەهید ئەشرەف حوسێن پەناهی
شەهید حامێد سەیف پەناهی
ئەحمەد حوسێن پەناهی
ئەفشین حوسێن پەناهی


با نهایت تاسف و تاثر درگذشت
رامین حسین پناهی
را به اطلاع دوستان، آشنایان و همشهریان محترم می رساند.
به همین مناسبت مراسم ختم آن بزرگوار روزهای
شنبه و یکشنبه
۹۷/۶/۱۸–۹۷/۶/۱۷
صبح ازساعت ۹ الی۱۲ و بعدازظهر ۱۵ الی ۱۷
واقع در مسجد جامع قروجای
برگزار می گردد.
حسین پناهی


اشرف حسین پناهی
انور حسین پناهی
رامین حسین پناهی
افشین حسین پناهی



HAUPTBAHNHOF
Nein






زنده یاد رامین حسین پناهی
خالو میرزا حسین پناهی



«بەناوی خودا»
گلگۆی لاوی ئاوات نەگەیشتو
ئەشرەف حوسێن پەناهی
کوڕی میرزا محەمەد
۱۳۵۳



Pinned Tweet

**FabioMassimoCastaldo** @FMCastaldo · 17m

I am joining @amnestypress, Special Rapporteur @AgnesCallamard & @UNPOintl to urge the gov. of #Iran to immediately halt the death sentence of #RaminHosseinPanahi, who was not given a fair trial and may have been subjected to #torture.



**Adem GEVERÎ** @ademgeveri · 5d

İran bir idam ve katliam cumhuriyetidir.

Kanlı ellerinizi #RaminHosseinPanahi 'den çekin!

ژ بۆ #رامین_حسین_پناهی ئازادي!

**Şark Postası** @sark_postasi




.@sark_postasi muhabiri Hêmn Xoşnaw'nın soru...

**Sezai Temelli**
@SezaiTemelli

İdam insanlık suçudur.
#RaminHosseinPanahi

Översätt tweeten

2018-08-22 21:24

**Michael**
@AkbarJANN007Sh

Following

یک افطار دیگر هم گذشت!
لعنت بر قاتلان زندگی...
#RaminHosseinPanahi

Translate Tweet



**Amnesty International - Gruppo Universitario Catania**

14 h ·

Una delegazione del nostro Gruppo Universitario e di Amnesty International - gruppo 72 Catania era presente oggi al presidio organizzato da un gruppo di studenti iraniani che risiedono a #Catania per chiedere al #GovernoItaliano di prendere posizione contro la #condanna a morte di #RaminHosseinPanahi e la sistematica violazione dei #DirittiUmani da parte dell'#Iran. #Amnesty si oppone alla #PenaDiMorte in tutti i casi, senza eccezione alcuna. Continuiamo a fare #attivismo a difesa dei diritti umani!



You Retweeted

**UNPO** @UNPOintl · 1d

The United Nations (#UN) has called upon #Iran to annul the #deathsentence of Mr Ramin Hossein Panahi, a representative of the Komala Party of Iranian #Kurdistan, after being postponed several times thanks to international pressure.




**HDP**
@HDPgenelmerkezi


Ramin Penahi sadece 1 saat süren bir duruşmayla idam cezasına çaptırıldı. Uluslararası Af Örgütü ve BM Yargısız İnfaz Özel Raportörü tarafından ölüm cezasının durdurulması çağrısı yapılan Penahi'nin idam kararı derhal durdurulmalı, adil yargılanma süreci derhal başlatılmalıdır.

Translate from Turkish





با اعدام رامین مخالفم
همانقدر که با بازداشت پسرم
عبدالله بزرگزاده


لا للإعدام ..
نعم للحياة الحرة
الحرية لرامين بناهي
Azadî ji bo
Ramîn Pênahî
PENAHÎ




STOP EXECUTION


Altiero Spinelli
FREEDOM FOR RAMIN PANAHI


STOP
Save Political
Prisoner
Ramin
Hossein
Panahi From
Execution
URGENT
APPEAL


Nein
zur
Todesstrafe
Ramin Hossein Panahi
Hedayat Abdollah Pour


کمپین نه به اعدام




جنبش دادخواهی
پاینده باد
خالو میرزا حسین پناهی
زنده باد رامین حسین پناهی
نامرن ئه وانه ی وا له دڵی میلله تدا ئه ژین


AMNESTY
INTERNATIONAL




AMNESTY INTERNATIONAL





**Rep. Glenn Grothman**
@RepGrothman

Iran continues to persecute ethnic and religious minorities, with the Kurds taking the brunt. These human rights abuses must end. I urge Iran to overturn the death sentence of Ramin Hossein Panahi & ensure he receives a fair trial.



٩٧/٣/١٠

«ئەگەر خنکاندیانم»

وایان زانی گوڵ و گەنج و شەهید و چەک و
هەزارانیان خنکاندووە.

«نەیان زانی»
هەر بەربەیانی ئەو ڕۆژەی کە خنکاندیان

گێوەکان هەموو باوەشیان کردەوە بە چاو...
بەرزتر بوونە ناو باوەشی سامالی فڕین..
ماسییەکانی ناو گۆمەکانی نیشتمان.
ئەوکە وتنە سەر ئاوەکە و هەڵپەڕین..

هەر ئەو ڕۆژەش هەزارانی ئەم وڵاتە.
شێعرەکانیان کرد بە گۆرانی و بە سروود

ئەوتر ستووکانەی کوشتیان نەیان زانی.


آزادی

کە سەرکەوتم سەر سێدارەش.

ڕامین حسێن پەناهی

پێشکەشە بە دەوارە خۆشەویستم.

«ئەگەر بژی و گەل بژی،


49books
ئەوینی
نیشتمان
ڕامین

# Evînî Nîştiman

Ramîn



49books
Publishing